٢٠٢٢

# جوگرافیای شارو

# کێشەکانی شارنشینی

نووسینی پرۆفیسۆری یاریدەدەر

د.بێستون ئەحمەد







CS CamScanner

- **ناوی کتێب: جوگرافیای شارو کێشەکانی شارنشینی**
- **نووسینی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.بێستون احمد حسێن**
- **بابەت: جوگرافی**
- **دیزاینی ناوەوە: موحەممەد حوسێن خەتی**
- **بەرگ: ئیبراهیم صالح**
- **چاپ: یەکەم-هەولێر**
- **چاپخانە:** هێڤی ٢
- **ساڵی چاپ:** ٢٠٢٢
- **نرخ:** ٧.٠٠٠ دینار

---

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (٢)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی وەرگرتووە

# ناوەڕۆك


پێشەكی ١١

**بەشی یەكەم: دەركەوتنی جوگرافیای شاروگەشەكردنی** ١٣

✓ دەركەوتنی جوگرافیای شارو قۆناغەكانی گەشەكردنی ١٤

✓ بنەماكانی جیاكردنەوەی شارلەگوند ٢١

**بەشی دووەم: سیستەمی پۆلێن كردنی شارەكان** ٣١

✓ پۆلێن كردنی شارەكان بەگوێرەی شوێن ٣٢

✓ پۆلێن كردنی شارەكان بەگوێرەی پێكهاتەیان ٣٧

✓ پۆلێن كردنی شارەكان بەگوێرەی جۆریان ٤٠

✓ پۆلێن كردنی شارەكان بەگوێرەی قەبارەیان ٤٢

✓ پۆلێن كردنی شارەكان بەگوێرەی مێژوویان ٤٣

✓ پۆلێن كردنی شارەكان بەگوێرەی پیشەیان ٤٣

**بەشی سێیەم : پێكهاتەی ناوخۆی شار** ٤٧

✓ پێگەو شوێنی جوگرافی شار ٤٨

✓ بیردۆزەكانی پێكهاتەی ناوخۆی شار ٤٩

✓ بیردۆزی بازنەیی هاوچەق ٥٢

✓ بیردۆزی كەرتەكان ٦١

✓ بیردۆزی فرەناوكەكان(فرەسەنتەری) ٦٧

✓ ئەو هۆكارانەی كار دەكەنە سەر پێكهاتەی ناوخۆی شار ٧٠

**بەشی چوارەم: بەكارهێنانی زەوی شارە** ٧٥

✓ گرنگی و مەرجەكانی نەخشەی بەكارهێنانی زەوی لەشاردا. ٧٧

✓ كێشەكانی پەیوەندیدار بە نەخشەی بەكارهێنانی زەوی لەشاردا ٨٠

✓ جۆرەکانی بەکارهێنانەکانی زەوی لەشاردا: ٨١
✓ بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتە جێ بون ٨٣
✓ بەکارهێنانی زەوی بۆ گواستنەوە ٨٤
✓ بەکارهێنانی زەوی بۆ بازرگانی ٨٦
✓ بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەسازی ٩٥
✓ بەکارهێنانی زەوی بۆ خۆشگوزەرانی ٩٨
بەشی پێنجەم: کەناری شار و بەلادێبونی شار ١٠٣
١- کەناری شار ١٠٤
✓ کەناری شارو سیفاتەکانی ١٠٤
✓ لایەنە باشەکانی کەناری شار ١٠٥
✓ لایەنە خراپەکانی کەناری شار ١٠٥
✓ دیاریکردنی کەناری شار ١٠٦
٢- بەلادێبونی شار ١٠٦
✓ بەلادێبونی شارو خاسیەتەکانی ١٠٧
✓ هۆکارەکانی بەلادێبونی شار ١٠٩
✓ دەرئەنجامەکانی بەلادێبونی شار ١١٠
● دەرئەنجامە خراپەکانی بەلادێبونی شار ١١٠
● دەرئەنجامە باشەکانی بەلادێبونی شار ١١٣
✓ چۆنیەتی کۆنترۆلکردنی بەلادێبونی شار ١١٤
✓ شوێنی دیاردەی بەلادێبونی شار ١١٦
بەشی شەشەم: پیسبوونی بینین و هەرێمی شار ١١٧
١- پیسبونی بینین ١١٨
✓ پیسبونی بینین وهۆکارەکانی سەرهەڵدانی ١١٩
✓ دەرئەنجامە خراپەکانی پیسبونی بینین ١٢٠
✓ پێوانەکردنی پیسبونی بینین ١٢٠

CamScanner

✓ ڕێگاکانی کۆنترۆلکردنی پەسبونی بینین ١٣٢
٢- هەرێمی شار ١٣٤
✓ هەرێمی شار و جۆرەکانی ١٣٧
✓ دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار ١٣٨
✓ شێوەکانی هەرێمی شار ١٤٣
بەشی حەوتەم : ماستەرپلانی شارو فراوانبوونی شار ١٤٥
١- ماستەرپلانی شار ١٤٦
✓ ماستەر پلانی شارو ئامانجەکانی ١٤٧
✓ خاسیەتەکانی ماستەر پلانی شار ١٤٩
✓ داواکاریەکانی ( پێداویستیەکانی) ماستەرپلانی شار ١٥٠
٢- فراوانبونی شار ١٥١
✓ فراوانبونی شارو هۆکارەکانی ١٥٢
✓ زیانەکانی فراوانبونی شار ١٥٩
✓ ڕێگاکانی کەمکردنەوەی زیانەکانی فراوانبونی شار ١٦٢
✓ سودەکانی فراوانبونی شار ١٦٤
✓ شێوازەکانی فراوانبونی شار ١٦٥
بەشی هەشتەم: مۆرفۆلۆجی شارو دەست بەسەرداگرتنی شارەستانی ١٧٧
١- مۆرفۆلۆجی شار ١٧٨
✓ مۆرفۆلۆجی شارو ڕەگەزەکانی ١٧٧
✓ قۆناغەکانی مۆرفۆلۆجی شار ١٧٨
٢- بەدیلکردنی شارستانی ١٨٤
✓ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بەدیلکردنی شارەستانی ١٨٤
✓ زیانەکانی بەدیلکردنی شارەستانی ١٨٥
✓ سودەکانی بەدیلکردنی شارەستانی ١٨٧
✓ چۆنیەتی کۆنترۆلکردنی بەدیلکردنی شارەستانی ١٨٨

**بەشی نۆیەم: شارنشینی و شاری زیرەك** ١٨٩
**١- شارنشینی** ١٩٠
✓ شارنشینی و هۆکارەکانی دروستبونی شارنشینی ١٩١
✓ جۆرەکانی شارنشینی ١٩١
✓ زیانەکانی شار نشینی ١٩٣
✓ سودەکانی شارنشینی ١٩٤
٢- شاری زیرەك ١٩٥
✓ شاری زیرەك و تایبەتمەندیی و سودەکانی ١٩٦
✓ ڕەگەزەکانی شاری زیرەك ١٩٧
✓ گیروگرفتەکانی( کۆسپەکانی ) بەردەم شاری زیرەك ١٩٩
**بەشی دەیەم: قەبارەی شارەکان** ٢٠١
✓ پۆلێن کردنی شارەکان و هۆکارەکانی گەشەکردنی ٢٠٣
✓ یاسای ڕێکخستنی شارەکان ٢٠٦
✓ تێڕوانینی جوگرافی ناسان لەسەر یاسای ڕێکخستنی شارەکان ٢١٠
**لیستی سەرچاوەکان** ٢١٣

## پێرستی وێنەکان


| | | |
|---|---|---|
| ١ | جەنجاڵی ژمارەی دانیشتوانی شار | ٢١ |
| ٢ | جیاوازی پیشەی شارو لادێ | ٢٣ |
| ٣ | شێوەی شار | ٢٥ |
| ٤ | شێوەی گوند | ٢٥ |
| ٥ | جیاوازی مۆرفۆلۆجی شارو گوند | ٢٦ |
| ٦ | شاری ناوچەی شاخاوی | ٣٣ |
| ٧ | شاری کەناری | ٣٤ |
| ٨ | شاری رووباری | ٣٦ |
| ٩ | شاری تیشکی | ٣٨ |
| ١٠ | شاری کەڵەکەبوو | ٣٩ |
| ١١ | دانانی کەل و پەل و ئامرازە کشتوکاڵیەکان لەبەردەم ماڵەکان | ١٠٨ |
| ١٢ | گرتنی شەقام و ریگاکان بەهۆی فرۆشیارە دەست گیرو گەرۆکەکان | ١١٢ |
| ١٣ | بلاو بونەوەی خۆڵ و خاشاك و دانانی کەرەستەکان لەسەر شۆستەو شەقامەکان | ١٢٢ |
| ١٤ | بەیەکداچون و نە گونجانی رەنگەکان | ١٢٣ |
| ١٥ | بەکارهێنانی هێماو کەرەستەی ریکلام و پرو پاگەندە و بانگەشەکان | ١٢٤ |
| ١٦ | پەسبونی بینین بەهۆی فرۆشیارە گەرۆکەکان | ١٢٥ |
| ١٧ | بلاو بونەوەی کێبل و وەیار و تەلی کارەبایی بە شێوەی نەشیاو | ١٢٦ |
| ١٨ | نەگونجانی ناوچەی نیشتە جێبون لەگەڵ ناوچەی پیشەسازی | ١٢٧ |
| ١٩ | پەسبوونی بینین بە هۆی گرتنی شەقامەکان بەبەربەستی کۆنکرێتی | ١٢٨ |
| ٢٠ | شەرو جەنگ وەك هۆکاری پەسبونی بینین | ١٢٩ |
| ٢١ | ئامێری پێوانەکردنی هێزی تیشکی لایتی ئۆتۆمبێل | ١٣٢ |
| ٢٢ | سیستەمی شەقامەکان | ١٧٩ |
| ٢٣ | سیستەمی شەقامی بازنەیی | ١٨٠ |

٢٤ شێوەی بیناکان ١٨١
٢٥ شاری زیرەك ١٩٥

## پێرستی خشتەکان

١ ئاستی شارنشینی لە جیهان ١٨٠٠– ٢٠٥٠ ١٩٣

## پێرستی نەخشەکان

١ نەخشەی شاری هەولێر ٥٨
٢ دابەشبونی شوێنی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لە شاری ڕانیە ١٩٥٧– ٢٠٢٠ ٧٩
٣ قۆناغەکانی گۆڕانی مۆرفۆلۆجی شاری ڕانیە ١٩٥٧–٢٠٢٠ ١٨٣

## پێرستی شێوەکان

١ پێکهاتەی ناوخۆی شار بە گوێرەی بیردۆزی بازنەیی هاوچەق ٥٤
٢ گەشەکردنی شار بە گوێرەی بیردۆزی کەرتەکان ٦٢
٣ پێکهاتەی ناوخۆی شار بە گوێرەی بیردۆزی کەرتەکان ٦٥
٤ پێکهاتەی ناوخۆی شار بە گوێرەی بیردۆزی فرەناوکەکان ٦٨
٥ دیاریکردنی هەرێمی شار بە گوێرەی بیردۆزی خاڵی پچڕان ١٤٢
٦ شێوازەکانی فراوانبوونی ڕووبەری شار ١٧٠

# پێشەکی

جوگرافیای شار یەکێکە لە بوارە گرنگ و پڕبایەخەکانی جوگرافیا ئەم بوارە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پێشکەوتن و گەشەکردندایە، چونکە هەمیشە بابەتی تازەوسەردەمی وهەمەجۆر لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژگار بەدوای خۆی دا دەهێنێت .جوگرافیای شار لقێکە لە لقەکانی جوگرافیای مرۆیی . جوگرافیەکان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم گرنگیان بە بابەتە گشتیەکانی شار دەدا بەتایبەت لە شارەکانی وولاتانی ئەورووپا لەگەڵ تیشك خستنە سەر باسکردن لە گەشەکردن و پێشکەوتنی شارەکانی ئەمریکا ئەمەش سەرەتایەك بو بۆ باسکردن لە کێشەکانی شار، بەلام لە دوای جەنگی جیهانی دووەم بابەتەکانی شار بە ئاراستەی تیشك خستنە سەر فەلسەفەی جوگرافیا هەنگاوی نا بۆ ئەم مەبەستە لەزانکۆی شیکاغۆی ئەمریکا بەووردی باس لەپێکهاتەی ناوخۆی شار و چەندین بابەتی تری سەردەمی کرا.

وەك ئاشکرایە شارەکان گۆڕەپانی کێشەکانن کێشەکان لەشارەکانەوە سەر هەڵدەدەن دەبێت لە شارەکانیش چارە سەربکرێن ئەمەش پێمان دەڵێت کە تەندروستی مرۆڤەکان پەیوەستە بەتەندروستی شارەوە واتا چەندە ژینگەی شارە کانمان تەندروستبن ئەوەندەش دانیشتوانەکەی تەندروست دەبن.لەم گۆشەنیگایەوە جوگرافیای شار تیشك دەخاتە سەر چەندین بابەتی گرنگ وهەمەجۆرو ناوازە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەژیانی کۆمەڵگە ودەوڵەت و دەوڵەتداری و ئاست و پلەی گەشەکردنی شارەستانیەتی وولاتانەوە هە یە وەك تیشك خستنە سەر پێگەو شوێنی جوگرافی شار ، مۆرفۆلۆجی شار، بەکارهێنانی زەوی ، هەرێمی شار، فراوانبوونی شار ، کێشەکانی شار بەتایبەت کێشەکانی خزمەتگوزاری و ڕێگاوبان و نیشتەجێ بون و کێشەی ژینگەی شار و هەردوو لایەنی ئابوری و کۆمەلایەتی شارو دانیشتوانەکەی هەروەها تیشك دەخاتە سەر گەشەی

شارنشینی و پرۆسەی بەشاری بوون وەك دیاردەیەکی جیهانی لەگەڵ خستنە ڕووی دابەشبوونی شارەکان و پەیوەندی شار بەتایبەتمەندیە سروشتی و مرۆییەکانی لەگەڵ باسکردنی قەبارەی شارو شاری سەنتەری و وەزیفەکانی شار و ئابوری و هێزی کاری شار و جیاوازی شوێنی لە شاردا لەگەڵ گەشەکردنی چالاکیە بازرگانی و خۆشگوزەرانیەکان و ناوچەکانی نیشتە جێبون و پیشەسازی و گواستنەوەو جولەی دانیشتوان لە لادێ وە بۆ شار. بێگومان شار ڕەنگ دانەوەی ڕاستە قینەی هەیە لەسەر ئاین و داب و نەریت و ڕۆشنبیری ئەو نەتەوەیە ئەگەر سەیری شاری کوردی بکەین جیاوازە لە شاری وولاتانی عەرەبی و ئەورووپیی و ئەمریکی و چین و یابانی و کۆری لەڕووی شێوەی یەکەکانی نیشتە جێبوون و شەقامەکان و پێکهاتەی بیناکان و دیزاینیان.وەك ئاشکرایە شارەکان ناوەندی لێکۆڵینەوەی جوگرافیەکان و زۆرێك لە پسپۆریە جیاوازەکانن وەك ( ئەندازیاران ، ئابوری ناسان، مێژووناسان، کۆمەڵناسان ، پلاندانەران ، جیۆلۆجی ناسان..هتد لەڕاستیدا شار ناتوانێت بە تەنها بژیت بەڵکو پشت بە ناوچەکانی دەوروبەری (هەرێمەکەی) دەبەستێت ئەمەش بۆتە هۆکارێك کە شار خاوەنی ڕووبەرێکی جوگرافی بێت کە لەژیان و گەشەکردنی پشتی پێ دەبەستێت . لە ڕاستیدا شارەکان وەك تۆمارێك و ئەرشیفێکی مێژووی وان بۆ شارەستانیەتەکۆن و تازەکان ئەمەش بە پشت بەستن بەو پاشماوانەی کە لە بیناکان و شەقام و ڕێگاوبانەکان و قەڵاو مزگەوت و کەنیسەکان و هتد....ماوەتەوە. پلان دانانی هاوچەرخی شار جەخت دەکاتەوە لەسەر پەیوەندی پلاندانانی شار بە پەرەپێدانی ئابوری شارو بنیات نان و دروستکردنی شاری زیرەك لە داهاتودا.

به شی یەکەم

# دەرکەوتنی جوگرافیای شاروگەشەکردنی

- ✓ دەرکەوتنی جوگرافیای شارو قۆناغەکانی گەشەکردنی
- ✓ بنەماکانی جیاکردنەوەی شارلەگوند

CamScanner

## أ- ناساندنی شارو جوگرافیای شار:

سەبارەت بە ناساندنی جوگرافیای شار چەند پێناسەیەکی جیاوازی بۆکراوە لە یەکێك لە ناساندنەکاندا ئاماژە بەوەکراوە جوگرافیا شاربەزیندوترین لق لە لقەکانی جوگرافیا دەژمێردرێت،هەروەها زانستێکی تازەیە و بەردەوام لە گەشەکردن وگۆڕانکاری دایە بەتایبەتی لەماوەی سالآنی سی وچلەکانی سەدەی ڕابردو. ئەم زانستە وا دەنا سرێت باس لە دابەشبوونی جوگرافی شارەکان لە ناو هەرێمەکان و ووڵاتاندا دەکات لە ڕوانگەی قەبارەو سیستەمی دابەشبوونیان وە باس لە ڕەگەزەکانی شاردەکات لەڕوانگەی شوێن وڕێگەوە لەگەڵ خستنەڕووی پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکان بەهەرێمەکانیان و بەشارەکانی ترەوە. لەناساندنێکی تردا جوگرافیای شار باس لە شێوازەکانی بەکارهێنانی زەوی و دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان دەکات بەگوێرەی خاسیەتە ئابووری و کۆمەلآیەتی و دیمۆگرافیەکان لەهەمان کات دا تیشك دەخاتە سەر شێوازەکان و ڕێکخستنی دیاردەجوگرافیەکان . لەم چوارچێوەیەدا بیریان بیری ئاماژە بەوەدەکات جوگرافیای شار لقێکە لە لقەکانی جوگرافیای مرۆیی کەباس لە سیستەمی شاردەکات لە ناو سیتەمی شارنشینی دا ئەم پێناسەیە دووئاڕاستەی جیاواز لەخۆدەگرێت:

- ✓ لێکۆڵینەوە لە سیستەمی شارنشینی.
- ✓ لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ناوخۆیی شارەکان

سەبارەت بە ناساندنی شاریش ناساندن و تێڕوانینی جیاواز هەیە ، لەم گۆشەنیگایەوە شار پێناسە دەکرێت بەوە دیاردەیەکی شارستانیە هەروەها شار ناوەندێکە بۆبازرگانی کردن و ئاڵوگۆڕکردنی کەل و پەل وکالآکان ( ماکس سور) واپێناسەی شارەکان دەکات ناوچەیەکە دانیشتوانی تیادا نیشتەجێ بوە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرەوچڕیان بەرزە و پیشەیان جۆراوجۆرە جگە لەکشتوکاڵ هەروەها پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا لەئاستێکی

ڕێکخستنی بەرز دان. لەناساندنێکی ترداشار ناوەندێکی سەنتەریە هەڵدەستێت بەدابین کردنی دەرامەت و خزمەتگوزاریە جیاوازەکان بۆ ئەو ناوچانەی دەوری شارەکەیان داوە. لەبەرامبە بەریشدا ناوچەکانی دەوروبەرری شاریش پشتگیری لەشاردەکەن بەجۆرێك کەرەستەی خۆراکی و بەرووبومی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و پیشە سازیەکانی بۆ دابین دەکات.

## ب- دەرکەوتنی جوگرافیای شارو قۆناغەکانی گەشەکردنی

سەرەتاکانی سەرهەڵ دان و گەشەکردنی جوگرافیای شار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نوسینانەی تایبەت بوون بەجوگرافیای شار بەتایبەت لەسەردەمی یۆنانی ورۆمانەکان کەباسیان لەکۆبورنەوەی سەنتەرەکانی مرۆڤایەتی دەکردئەویش لەگوندەوە دەستی پێی کردوە بەشارکۆتایی هاتوە.(ئیغریقەکان) هەر شارێك لە شارەکانیان لەشێوەی دەولەت پیشان داوە تیادا ژیاون هەروەك چۆن بابلیەکان پێشتر تیادا ژیاون لەهەمان کاتدا ڕۆمانیەکان گرنگیان بەشارداوە بەشێوەیەك شارەستانیەتەکەیان لەسەر تاسەری دەریای ناوەڕاست دا بلاوکردۆتەوە هەروەها گرنگیان بەپەیوەندی نێوان پلان دانان و بلاوکردنەوەی هونەری داوە هەروەها عەرەبەکانیش هاوشێوەی نەتەوەکانی تر گرنگیان بەشارداوە لەڕووی بنیات نان و هۆکارەکانی گەشەکردن و فراوانبوونی شار لە گرنگترین کتێب و نوسراوەکانیشیان بریتیە لە کتێبی (المسالك والممالك) (ابن خردادابە) وکتێبی (مروج الذ هب) مسعودی و کتێبی (معجم البلدان) یاقوتی حەموی لەگەڵ (مقدمە)( ابن خلدون ) باس لە گشت پیشەکانی شار وەك بیناکاری و بنیات نان و کۆمەڵایەتی و ئابووری شار دەکات.

لە سەردەمە کۆنەکاندا جوگرافیای شاربەتایبەت لەماوەی سالأنی سی و پەنجاکانی جەختی لەسەر لێکۆلینەوە لە بابەتەکانی (شوێن) و( پێگە) دەکردەوە لە ژێر کاریگەری

قوتابخانەی حەتمی ئەمەش لە لێکۆڵینەوەکانی (هارولد ملیر) و (جریفت تایلور) و (کارل ساور ) زۆر بەڕوونی دەردەکەوت.

(ریتز وهمبولت) ئاماژەیان بەوەدا شار لە لێکۆڵینەوە هەرێمیەکاندا گرنگی خۆی هەیە لەبەر ئەوە پێی وایە کە شار تەنها دیاردەیەکی شارستنایە.

لەبواری جوگرافیای شاردا( راتزل) یەکە کەس بوە لەساڵی ١٩٠٦ هەستا بە جیاوازی کردن لە نێوان شوێن و پێگە

هەروەها (اوتوشلیر) بەیەکەم دامەزرێنەری جوگرافیای شار دەژمێردرێت کاتێك کتێبێکی بلاوکردەوە بەناونیشانی ( تێبینیەکان لەسەر جوگرافیای نیشتەجێ بوون) دوای ئەویش (هاسرت) هات کتێبێکی بلاوکردەوە بە ناونیشانی (شار چارەسەری جوگرافیایە) هەروەها گرنگی دان بەڕووخساری شارو ناوچەی بازرگانی دەرکەوت هەروەها بیرۆکەکانی (کرستالر و لوش) لەسەرەتای پەنجاکان دەرکەوتن باسیان لە پیشەکانی شارو پێکهاتەی ناوخۆیی شارەکان و پەیوەندیەکانی شاریان دەکرد لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری . دەکرێت بڵێین کەزانستەکانی تریش یارمەتی دەرکەوتنی چەند بابەتێکی تریان داوە لەچوارچێوەی جوگرافیای شاردا وەك زانستی سەرژمێری و دیمۆگرافی دەرکەوتن و گەشەکردنی جوگرافیای شار بە چەند قۆناغێك دا تێ دەپەڕێت کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

## یەکەم: قۆناغی بنیات نان (دروست بون)

لەراستی دا هیچ ماوەیەکی دیاریکراو نیە لە نێوان قۆناغێك و قۆناغێکی تر ،بەڵکو جوگرافیای شار بەهۆی هەوڵ و کۆششی جوگرافی ناسان و ئابوری ناسان و کۆمەڵناسان بەردەوام لە گەشەکردن و گۆرانکاری دایە. (بلانشارد) لەساڵی ١٩١٢ دەربارەی شاری فرنسی نوسیویەتی بەجۆرێك چەند نوسینێکی نوسیوە دەربارەی جوگرافیای شارو

بابەتەکانی جوگرافیای شار لەگەڵ دیاریکردنی ڕێگاکان و ئامانجەکانی جوگرافیای شار هەروەها گرنگی داوە بەچەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی جوگرافی لەبواری جوگرافیای شار لەم قۆناغەدا چەند نووسین و کتێبێك دەرکەوتن وەك( جفرسون) لەساڵی ١٩١٥ باسی لە گەشەکردنی شاری ئەمریکی دەکرد( تایلر) لەساڵی ١٩٢٠ دەربارەی پۆلێن کردنی شێوازەکانی شار دەدوێت لەگەڵ باس کردنی مۆرفۆلۆجیای شار لەئەوروپا. (تراوارتا ) باس لە لەشارەکانی یابان دەکات لەگەڵ خستنەڕووی بنچینەو بنەماکانی جوگرافیای شار( کریستالر) لەساڵی ١٩٣٥ باس لە بیرو باوەڕو یاساکان و قەبارە و بەکارهێنانی ڕێگای بیرکاری دەکات لەشاردا بۆیەکەم جار بیردۆزی شوێنە سەنتەریەکانی دانا هەربۆیە لەساڵی ١٩٣٥ بیرو بۆچوونەکانی کریستالر دەرگایەکی گرنگ بە ڕووی جوگرافیای شاردا کردەوە.(لافیران) لەساڵی ١٩٣٦ باس لەپێشکەوتن و پێکهاتەی ناوخۆیی شارەکان دەکات لەگەڵ باس کردن لە ژیانی شارنشینی هەروەها تیشك دەخاتە سەر بوارەکانی دیمۆگرافیا و پلان دانانی شاروجیاوازی پیشەی شارەکان هەروەها ( اورسۆ) لەساڵی ١٩٢١ لەلێکۆڵینەوەکەی دا باس لەپیشەی شارەکان و شێوەو پێکهاتەی ناوخۆیی شارەکان دەکات لەگەڵ ئەو زیادکردنانەی کە شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری کە جوگرافیای شار سودی لێوەرگرتوون.( باك) کتێبێکی دەرکرد بە ناونیشانی شار هەروەها( برجس) کتێبێکی دەرکرد بەناونیشانی( کۆمەڵگەی شار ) کەتیایدا بیردۆزی (بازنەیی کەڵکەبوو) خستۆتە ڕوو دەربارەی گەشەکردنی شارو دابەشبوونی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لەشاردا.

### دووەم: قۆناغی پێگەیشتن:

ئەم قۆناغە جیادەکرێتەوە بەسەربەخۆیی بیروباوەڕو یاساکانی جوگرافیای شار،چونکە بابەتەکانی جوگرافیای شار بوونە بابەتی شوێنی بەجۆرێك تیشك دەخاتە سەر باس کردن لە دیاردەکانی شار لە چوارچێوەی فەلسەفەی شوێنیدا . بیرۆکەکانی جوگرافیای شار لە

قۆناغی پێگەیشتن دا چوونە چوارچێوەی هەرێمی شار و بابەتی تێكەڵاوبوونی شارنشینی( التفاعل الحضری) و بواری شارنشینی (مجال الحضری) ئەم ئاراستە یەش لە وولاتی ئینگیلتەرە سەری هەڵ داوە (دیكنسون) كتێبێكی دەركر دەربارەی شارو هەرێمەكانی شار وەپەیوەندی نێوان شارو گوند و( سملبز) لە ساڵی ١٩٥٣ كتێبێكی دەركرد بە ناونیشانی جوگرافیای شار كە تیایدا جەختی دەكردەوە لە هۆكارەكانی گەشەكردنی شارو ڕووخسارەكانی شارو شوێن و مۆرفۆلۆجیەكەی و هەرێمی شارەكە برنس گرنگی دەدا بە هەرێمی شار لەم قۆناغەدا لەوولاتی فەرنسا كۆمەڵێك جوگرافی ناس دەركەوتن كەوا گرنگیان دەدا بەشار شابو لە ساڵی ١٩٤٦ كتێبێكی دەركرد بە ناوی شار باسی لە پیشەكانی ناوخۆیی ناوچە ئاوەدانیەكان دەكرد لەگەڵ پێشكەوتنی مێژووی شارەكان ،هەروەها چەند پسپۆرێكی بواری ئابووری بەشداریان كرد ئەوانیش چەند زیاد كردنێكیان خستە سەر جوگرافیای شار لەوانە( لوش) لەتوێژینەوەكانی لە بواری ئابووری وەك شوێن و هەروەها دەركەوتنی چەند كتێبێك كە نزیك بوون لە زانستی پراكتیكی لەگەڵ دەركەوتنی چەند بوارێكی جوگرافیای شار كە هەندێكیان تایبەت بوون بە پێكهاتەی ناوخۆیی شارو ئەوانیتریش تایبەت بوون بەهەرێمی شار لەم قۆناغەدا جوگرافیا پێی نایە شی كردنەوە ، جوگرافی ناسەكان میتۆدی شی كردنەوەیان بەكارهێنا كە تیایدا جەختیان دەكردە سەر بەراووردكاری و ئاماژەكردن بەپەیوەندی شوێنی لەگەڵ بەكارهێنانی نمونەی بیركاری و ژمێریاری و سەرژمێری وەشی كردنەوەكانیان زۆر نزیك بوون لەڕاستیەوە،لەگەڵ دەرخستن و ئاشكراكردنی كێشەكان.

یەكەمین جوگرافی ناس شێوازی داتاوزانیاری بەكارهێنا بریتیبوون لە جوگرافی ناسانی زانكۆی واشنتن لە شاری (ستیل) وەزانكۆی (ایوا)لە توێژینەوەی شاری (ایوا) نمونە وەك هەردووك جوگرافی ناس (جارسون) و (كارتی) بیرۆكەی پێش شەستەكان بریتیی بو لەبیرۆكەی شوێن بۆجێ بەجێ كردنی نمونەی ئابووری بەلام لە حەفتاكان ئاراستەكە گۆڕا بۆ جێ بەجێ كردنی بیرۆكەی كۆمەڵایەتی وهەڵسوكەوت كردن لە توێژینەوەكانی شاردا

لەگەڵ بەکارهێنان و پشت بەستن بەنەخشەی بیرو فکر (الخرائط الذهنية) لەگەڵ پشت بەستن بە بەکارهێنانی بڕیاردان.

تەکنەلۆجیای هەست کردن لەدوورەوە لەپێشکەوتوترین ئامرازەکانی بەکارهێنان بوو لەم قۆناغەدا بەکاردەهێنرا لەبواری بەکارهێنانی زەوی و پلان دانان لەگشت بوارەکاندا ،هەر لەوماوەیەدا تونرا وێنەی ئاسمانی لەڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە بەهەموو وردەکاری و دقە یەکی بەرزەوە بەکاربهێنرێت ،هەروەها بەکارهێنانی هەست کردن لەدوورەوە لە توێژینەوەکانی پێکهاتە بنچینەیەکانی شار نمونە وەك ڕێگای گواستنەوەی هێڵی و شەمەندەفەر جێ بەجێ دەکران لەسەر شارەکانی یاپان و ئەمریکا،هەروەها هەست کردن لە دوورەوە یارمەتی دیاریکردنی چڕی دانیشتوان و ئاوەدانی دەدات لەگەڵ دیاریکردنی ئەو شوێنە شارنشینیانەی ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە لەهەمان کاتدا یارمەتی یان دەدات لە دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەری خێرا.بەڵام تەکنە لۆجیای سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان بەکاردەهێنرێت لە چارەسەر کردنی کێشەکانی شار لە ڕێگەی دیاردە جوگرافیەکان و بەرهەمی نمونەیی لە داهاتوودا بخرێنە ڕوو هەروەها دەتوانرێ لەڕێگەی ڕوون کردنەوە دەربارەی gis وەڵامی ئەو پرسیارە ئاڵۆزانە بدرێتەوە کە تایبەتن بەبەکارهێنانی زەوی.

لەم قۆناغە دا یارمەتی مان دەدات لەم بوارانەی لای خوارەوە:

- بەکارهێنانی نمونەیی لەبواری کاریگەریەکانی ژینگەلەسەر گواستنەوە.
- هەڵبژاردنی ئەو شوێنانەی گونجاون بۆچارەسەرکردنی ڕێڕەوی ئاوەڕۆی شارەکان بەتایبەت لە شارە گەورەکاندا.
- بەکارهێنانی لەبواری هێزی ئاسایش لە ناوخۆیی شاردا.
- بەکارهێنانی لەپلاندان دا وەك پلان دانانی جوگرافی لەبواری (بەکارهێنانی زەوی).
- بەدەست هێنانی نەخشەو وێنە.
- جێ بەجێ کردنی ڕێگای سەرژمێری شوێنی.

- جێ بەجێ کردنی پرۆژەکـان لـە پێناوی کەمکردنـەوەی ئاسـەوارەکانی قـەرەباڵغی و خنکانی شارنشینی.
- جێ بەجێ کردنی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان لە چارەسەر کردنی کێشـە ئـابووری و کۆمەڵایەتیەکانی شاردا.

بەدرێژایی تێپەڕبوونی ئـەم قۆناغـە چـەند بابـەتێکی تـری تـازە دەرکـەوتن وەك گەشـەی شارنشینی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا هەروەها کۆچ کردنی بەلێشوا بە رەوشارەکان لە سەدەی بیست و یەك دا لـەگەڵ کاریگەر بوونی شارەکان بە دیاردەی بـەجیهانی بـوون ، وەزیادبوونی پەیوەندیەکان (هۆکارەکانی بەیەکەوەبەسـتن) لـەسـەر ئاسـتی نـاوخۆیی و جیهانی . لەسەر ئاستی جیهان هەوڵیاندا بەجیهانی بوون گەشە پێ بدەن بەجیهانی بوون بو بە سەرەتایەك بۆدەرکەوتنی شارە گەورە کان ئەم شارانە پلەوپایە وگرنگیان و سنوور یان لـەچوارچێوە ناوخۆییەکە وە تێپەری بۆ ئاستێکی جیهانی.

لێرەوە دەکرێت بلێین گرنگی دان بە بابەت و توێژینەوە تازەکـانی جوگرافیـای شـار لـە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە دەستی پێی کرد لـە وبابەتە گرنگانەش جوگرافیای شار لە سەدەی بیست ویەك دا گرنگی پێی دەدان ئەمانەی لای خوارەوە بوون

- پەرەپێدانی بەردەوام لە شێوەی پەیرەوکرنی سیاسەتێکی تەواوکاری لـە ڕووی بینـاو باڵەخانەکان و گواستنەوەو بەکارهێنانی زەوی لە رێگەی دانـانی پلانێکـی شـیاو لـە پێناوی هێنانەدی یەکسانی لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە.
- پاراستنی ژینگە و پاککردنەوەی شار لە پیسبوون و هەوڵدان بـۆ دروسـت کردنـی جۆرێك لەهاوسەنگی لە نێوان هاتور ڕۆیشتوەکانی شار .

پاککردنەوەی شار لە پاشە ڕۆکان و داهێنانی ڕێگای نوێ بـۆ کۆکردنـەوەی پاشـە ڕۆ و پاشماوەکان بۆئەوەی بتوانرێت سوودیان لێی وەربگرێت. لە ئێستاشدا جیهان کـار لەسـەر شاری زیرەك دەکات .

## ت- بنەماکانی جیاکردنەوەی شار لە گوند :

چەند بنەمایەکی لەیەکتری جیاواز هەیە کە شاری پێ لە گوندەکان جیادەکرێتەوە لە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن

١- بنەمای قەبارەی دانیشتوان :

وەك ئاشکرایە شارەکان لە گوندەکان جیادەکرێنەوە بەوەی ژمارەی دانیشتوانیان زۆرترە وە چڕی دانیشتوانیشیان بەرزترە،بەلاَم ژمارەی دانیشتوانی شارەکان لە هەمو دەوڵەتان وەك یەك نیە بەڵکو جیاوازیان هەیە. بۆنمونە لە کەمترین ئاست لە وڵاتی دانمارك دیاری کراوە کە ٢٥٠ کەسە لەشارێك دا لە ئایسلەندە ٣٠٠ کەس لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی امریکا ٢٥٠٠ لە یۆنان و تایلەند و اسپانیا ١٠٠٠٠ کەسە لە هۆڵندە ٢٠٠٠٠کەسە لە عێراقدا بوونی شارەوانی بنەمایەکە لە بنەماکانی دروستبونی شار.

وێنەی ژمارە (١)
جەنجاڵی ژمارەی دانیشتوانی شار



٢- بنەمای کارگێری:

شارناوەندێکە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەلات و کارو بارە کارگێڕیەکان واتا ناوەندێکە قازی تیادا نیشتە جێ دەبێت لەهەمان کاتدا ناوچەیەکە یەکارگێڕیەکانی تێدا کۆبۆتەوە لەشێوەی وەزارەتەکان و پەرلەمان هتد.. بە پێچەوانەوە ئەمانە لە گوندا نابینرێت.

٣- بنەمای مێژوویی:

مێژوو ڕوخسارێکی شیاوو پەسندە بۆ ناساندنی شار، بەشێوەیەك پاشماوە مێژوویەکان و قەڵاو قولەکان هتد.... بە سن بۆ دڵنیابوون لە بوونی شار بەلام کەمو کورتی ئەم بنەمایە ئەوەیە تەنها ئەو شارانە دەگرێتەوە کەشاری مێژوویین خاوەن مێژوی کۆنی نیشتەجێبون واتا ئەو شارانە ناگرێتەوە کە تازەدروستبون و مێژوویان زۆر کەمە یان نیە.

٤- بنەمای پیشەیی:

شارناوەندێکە بۆ کۆبوونەوەو بەیەك گەیشتنی ڕێگاکان و بەرژەوەندیە بازرگانیەکان و بیرو بۆچوونە جیاوازەکان،هەروەها وەك یەکە یەکی کارلێك وایە لەنێوان مرۆڤ و گۆڕانکاریەکانی وەك پێگە و شوێنی شار هەروەها دانیشتوانی شارەکان پشت دەبەستن بە پیشەکانی وەك بازرگانی و پیشە سازی و کارگێری واتا کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری ناکەن لەکاتێکدا گوندنشینەکان بەکاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداریەوە خەریکن بە پیشەی سەرەکیان دادەنرێن.

وێنەی ژمارە ( ٢ )

جیاوازی پیشەی شار و لادێ





### ٥- بنەمای کۆمەلایەتی:

پسپۆڕانی بواری کۆمەلایەتی لەڕوانگەی خۆیانەوە وای دەبینن شار ناوەندێکە داب ونەریتە کۆمەلایەتیەکان و ڕێگاکانی ژیانی شارنشینی تێداکۆبۆتەوە بەشێوەیەك داب ونەریتە کۆمەلایەتیەکان و شێوازی ژیانی شارەکان جیاوازە لە داب و نەریتەکانی گوند چونکە لە شاردا پەیوەندیە کۆمە لایەتیەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەلگە سنووردارو لاوزاه بەپێچەوانەوە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان لە گوند دا بەهێزن وەك هاوکاریکردن و ئاگاداربوون لە باروذۆخی یەکترو لەهەمان کاتدا پەیوەندی خێزانی و خزمایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەلگەی گوند تێکەلکێش وبەیکداچووە بەپێچەوانەوە لە شاردا ئەم پەیوەندیانەی باسمانکردن کەم لاوازن.

### ٦- بنەمای ڕوخساری گشتی شار:

شار لوتکەی پێشکەوتنە لەبەر ئەوە جیادەکرێتەوە لەگوند بەڕوخساری گشتی دەرەوەی، مەبەستمان لە ڕووخساریش هەموو ئەودیاردانەیە لە شاردا دەتوانن بەچاو بیان بینین وەك شێوازو ڕەنگی بیناو باڵەخانەکان جۆری ڕێگاو بان وشەقام ،کوچە وکۆڵانەکان، کەرەستەی بەکارهێنانی خانو باڵەخانەکان کە بینا بەرزە چەند نهۆمینەکانن وەك بیناکانی ئوتێل وبانك و دامەزراوەی پیشە سازی و بینای چەندنهۆمی بازرگانی کەچەندین جۆری جیاوازی بەکارهێنانی زەوی تێدا دەبینرێ وەك بازرگانی پیشەسازی هتد... لەکاتێکدا گوندەکان شێوازی خانوو کەرەستەی بەکارهێنان و شەقام و کۆڵانەکانیان جیاوازن لەشار بەجۆرێك خانووی گوندەکان زیاتر نزم و یەك نهۆمین و کەرەستەی دارو قوڕو بەردی تێدا بەکاردێت شەقام وکوچە وکۆڵانەکانی تەسك و پێچاوپێچن وە هیچ جۆرە بەکارهێنانێکی زەوی بازرگانی و پیشەسازی تێدا نابینرێت.بۆ جیاکردنەوەی گوند لەشار زۆر قورسە بتوانرێت تەنها پشت بەیەك جۆرە پێوەر ببەسترێت ،هەربۆیە زۆرێك لە جوگرافی ناسان پشت بەدوو یان سێ پێوەر و بگرە زیاتریش دەبەستن بۆ جیاکردنەوەی گوند لەشار وەك پیشە و قەبارەی دانیشتوان وکارگێڕی و جیاوازی کۆمەلایەتی و هتد...

وێنەی ژمارە( ٣)
شێوەی شار



وێنەی ژمارە( ٤ )
شێوەی گوند



وێنەی ژمارە( ٥ )

جیاوازی مۆرفۆلۆجی شار و لادێ



### ث- پەیوەندی جوگرافیای شار بە لقەکانی تری جوگرافیاوە:

جوگرافیای شار پەیوەندی بە لقەکانی تری جوگرافیاوە هەیە وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

### ١- جوگرافیای نیشتەجێبون:

جوگرافیای شار پەیوەندی بەبواری نیشتەجێبونەوە هەیە، بەجۆرێك هەندێك جار شار وەك یەکەیەکی نیشتەجێبون ناودەبرێت.لەم چوارچێوەیەدا جوگرافیای شار تیشك دەخاتە سەر شوێنی نیشتە جێبون ومـاوەی گونجـاو بۆنیشـتەجێبون ورووبـەری شـیاو بۆنیشـەجێبون لەشاردا.لەگەڵ باسکردن لەکەرەستەی بەکارهێنراو، بەرزونزمی و دیزاینی بیناکان ، کوالێتی بیناکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کارەساتە سروشتیەکان، گونجاندنی بیناو یەکەکانی نیشتەجێبون لەگەڵ ژینگەی ناوچەکەدا، مۆرفۆلۆجی یەکەکانی نیشتەجێ بون.

## ٢- جوگرافیای گواستنەوە:

تیشك دەخاتە سەر کاروبارەکانی گواستنەوە و ئامرازەکانی گواستنەوە لەگەڵ ئاسانی گەیاندن و گواستنەوە لەشاردا جوگرافیای شار ڕۆشنایی دەخاتە سەر ڕووبەری تەرخانکراو بۆ بواری گواستنەوە لە شاردا لەگەڵ باسکردن لە شێواز وسیستەمی شەقامەکان هەروەها دیاریکردنی ئاستی خێرایی لە شاردا لەگەڵ هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی جەنجاڵی وقەرەباڵغی لەشاردا لەگەڵ دیاریکردنی ئەو ئامرازو ڕێگایانەی کە پێویستە شار لە گواستنەوەدا پشتیان پێ ببەستێت هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لەڕێگەی جۆرە جیاوازەکانی ڕێگاکان وئامرازەکانی گواستنەوە هەموو بەشەکانی شارو دەورروبەری شار بەیەکەوە ببەسترێنەوە هەروەها هەوڵدەدات لە کاتی پلان دانانی گواستنەوە لەشاردا ڕۆڵ وکاریگەری گەشەکردنی وەزیفەی گواستنەوە و زیادبونی ئامرازەکانی گواستنەوە وسروشتی بەرزونزمی شارەکە لەبەر چاو بگیرێت.

## ٣- جوگرافیای دانیشتوان:

جوگرافیای شار پەیوەندی ڕیشەیی و توندو تۆڵی بە دانیشتوانەوە هەیە ،چونکە دانیشتوان لە گۆشە نیگای شارەوە میحوەری ڕوودانی سەرجەم گۆڕانکاریەکانە. وەك ئاشکرایە تێکڕای ئەو گۆڕانکاریانەی لە شاردا ڕوودەدەن وەك فراوانبوونی ڕووبەری شارو گۆڕانی ڕێژەی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی وگۆڕانی مۆرفۆلۆجی و وەزیفەکانی شار پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە گۆڕانکاریەکانی دانیشتوانەوە هەیە لەبەرئەوە جوگرافیای شار تیشك دەخاتە سەر زانین و ئاگاداربون لە گەشەو دابەشبون و پێکهاتەی دانیشتوانی شار .

CamScanner

### ٤- جوگرافیای تەندروستی :

جوگرافیای شار پەیوەندی بە جوگرافیای تەندروستیەوە هەیە بە جۆرێك تیشك دەخاتەسەر شێوازەکانی دابەشبونی نەخۆشخانە وبنکە تەندروستیەکان لەشاردا لەگەڵ خستنە ڕووی گونجاندنی ژمارەی نەخۆشخانەکان و دکتۆر وکارمەندەکانی بواری تەندروستی لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی شار هەروەها زانین دەربارەی نەخۆشیەکان ئەو خزمەتە گوزاریە تەندروستیانەی کە پێشکەشەی دانیشتوانی شارو دەوروبەرەکەی دەکرێت لەگەڵ گرنگی دان بە بواری پلان دانان و پەرەپێدانی بواری تەندروستی لەشاردا .

### ٥- جوگرافیای بازرگانی:

جوگرافیای شار پەیوەندی بە بازرگانیەوە هەیە بەجۆرێك هەندێك جار شار ڕۆڵی بازرگانی دەبینێت، چونکە بازرگانی یەکێکە لە وەزیفە گرنگەکانی شار کە پەیوەندیەکی گرنگی بەژیان و گەشەکردنی شارەوە هەیە تەنانەت لەیەکێك لە ناساندنەکاندا شار واتا بازرگانی .جوگرافیای شار تیشك دەخاتە سەر دیاریکردنی ناوچە بازرگانیەکان لەشار وەك ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی (سەنتەری) و شریتە بازرگانیەکان و کۆگاکانی خەزنکردنی کە ل و پەلە بازرگانیەکان لەبەشەجیاجیاکانی شار بەتایبەتی لە کەناری شار هەروەها گرنگی دەدات بە قەبارەی کڕین و فرۆشتنی بازرگانی تاك و بەکۆمەڵ لەگەڵ تیشك خستنە سەر ڕووبەرو ڕێژەو شوێنی ناوچە بازرگانیەکان لەشاردا لەگەڵ گرنگی دان بە پلان دانان و پەرەپێدانی ناوچە بازرگانیەکانی شار.

### ٦ - جوگرافیای مێژوویی:

جوگرافیای شار ڕۆشنایی دەخاتە سەر قۆناغەکانی گەشەکردنی شار لە دەرکەوتن وگەشەکردن وهتد... لەگەڵ گرنگی دان بەو قۆناغ و سەردەمە مێژوویانەی کە شار پێیدا

CamScanner

تێپەڕیەوە لەگەڵ تیشك خستنە سەر ئەو ڕووداوە مێژوویانەی کە لەشاردا ڕوویان داوە هەروەها باس لە شوێنەوارە مێژوویەکانی شارو ئەو پاشماوە مێژوویانە دەکات کە لە شاردا وەك هێماو ڕەمزی شارو شارەستانیەت ماونەتەوە هەروەها گرنگی دەدات بە پاراستن و نوێکردنەوەی شوێنەوارە مێژوویەکان و پاراستنیان.

### ٧- جوگرافیای ئابووری:

جوگرافیای شار پەیوەندی بە ئابوری یەوە هەیە بە جۆرێك جوگرافیای شار گرنگی دەدات بە پیشەکانی شار، چونکە پیشەکانی شار سەرچاوەی داهاتی شارن لەم گۆشە نیگایەوە جوگرافیای شار گرنگی دەدات بەو داهاتەی شار ساڵانە لە ڕێگەی پیشە جۆراو جۆرەکانەوە دەستی دەکەوێت و شار لە ژیان وگەشەکردنی خۆی و هەرێمەکەی پشتی پێ دەبەستێت هەروەها تیشك دەخاتەسەر قەبارەی کڕین و فرۆشتن و داهاتی ساڵانەی شارو ئاستەی گەشەی ئابوری شار بەراوورد بەساڵانی ڕابردوو لەگەڵ گرنگی دان بە دانانی پلان بەمەبەستی کارکردن لەسەر ئەوەی چۆن بتوانرێ ئابوری شار بەرەوپێشەوە ببرێت هەروەها گرنگی دەدات بە هێزی کار بە هەردوو جۆری بە دەستی کاری شارەزا ونەشارەزا لەگەڵ ژمارەی دامەزراوە پیشەسازی وبازرگانی وخۆش گوزەرانی گەشتوگوزاریەکان کە سەرچاوەی داهات و ئابوری شارن.

### ٨-جوگرافیای پلان دانان :

جوگرافیای شار پەیوەندی بە پلاندانانەوە هەیە ، چونکە شارەکان لە چوارچێوەی ماستەر پلانی شار گەشەدەکەن و هەنگاو دەنێن هەروەها گرنگی دەدات بە پلانی هەرێمی بەجۆرێك دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو پلان و ماستەر پلانەی کە بۆشار دادەنرێت چۆن بتوانێت خزمەتی ناوخۆی شارو هەرێمەکەی ( هەرێمی شار) ی پێ بکات هەمیشە

جوگرافیای شار گرنگی دەدات بە ئێستاو داهاتوی شارەکان و هەرێمەکەی ئەو پیش بە پشت بەستن بەو پلانانەی کە لە بوارە جۆراو جۆرەکان دای دەنێت.

### ٩- جوگرافیای سروشتی:

جوگرافیای شار پەیوەندی بە جوگرافیای سروشتیەوە هەیە چونکە خودی شار بۆخۆی لەسەر ڕووبەرێکی دیاریکراوی سروشتی وەك پێگەی شار دروست دەبێت و لەو ڕووبەرەشەوە فراوان دەبێت و گەشە دەکات جوگرافیای شار گرنگی دەدات بە خەسڵەتە سروشتیەکانی پێگەو شوێنە جوگرافیەکەی شار وەك گرنگی دان بە ئاووهەوار بەرزونزمی و جیۆلۆجی و خاك لەگەڵ باسکردن لە پێگەی شار کە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لە فراوانبونی شاروگۆڕانی مۆرفۆلۆجیەکەی وە هەندێك جاریش ڕێگرە لە فراوانبونی شار.

### ١٠- جوگرافیای خزمەتگوزاری:

جوگرافیای شار پەیوەندیەکی گرنگ و بەرچاوی بە خزمەتگوزاریەوە هەیە وەك ئاشکرایە زیندویەتی و گەشەکردنی شار پەیوەندیەکی تەواوی بەخزمەتگوزاری وجۆراوجۆری خزمەتگوزاریەکانەوە هەیە چونکە شار پاڵپشت بەو خزمەتگوزاریانەی هەیەتی دەتوانێت خزمەتی دانیشتوانەکەی و ناوچەکانی دەورروبەری بکات.جوگرافیای شار گرنگی دەدات بە شوێنی خزمەتگوزاریەکان و شێوازی دابەشبونیان و ڕادەی گونجانی خزمەتگوزاریەکان لەگەڵ گەشەو ژمارەی دانیشتوانی شارو ڕووبەرەکەی..

بەشی دووەم

---

## سیستەمی پۆلێن کردنی شارەکان

- ✓ پۆلێن کردنی شارەکان بەگوێرەی شوێن
- ✓ پۆلێن کردنی شارەکان بەگوێرەی پێکهاتەیان
- ✓ پۆلێن کردنی شارەکان بەگوێرەی جۆریان
- ✓ پۆلێن کردنی شارەکان بەگوێرەی قەبارەیان
- ✓ پۆلێن کردنی شارەکان بەگوێرەی مێژوویان
- ✓ پۆلێن کردنی شارەکان بەگوێرەی پیشەیان

CamScanner

پۆلێن کردن ڕێگایەکە بەهۆیەوە دەتوانین شاربناسین و ئەو سیفاتانەش دیاری بکەین لە نێوان شارەکاندا هاوبەشن، جوگرافی ناسەکان گرنگی بە لێکۆڵینەوەکانی پۆلێن کردنی شاردەدەن بەگوێرەی بنەماو پێوەرە دیاریکراوەکان ئەمەش بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە پۆلێن کردنی شارەکان وەك سروشتی شارەکان ، جۆرەکانیان ، چۆنیەتی دابەشبوونیان پەیوەندی ئەمە بە پلان دانانەوە.

## یەکەم: پۆلێن کردنی شوێنی:

شارەکان بە گوێرەی شوێنی جوگرافیان دەکرێن بە چەند بەشێکەوە.

### ١- شاری ناوچە شاخاویەکان:


شاخەکان لەوناوچەو بەربەستە گرنگانە دەژمێردرێن کە دەبنە هۆی پچرانی هاتووچۆکردن و جولانەوە واتا ناوچە شاخاویەکان بە شێوەیەکی بەهێز کۆنتڕۆلی پەیوەندیەکانی شاردەکەن ئەم جۆرە پچرانەش خۆی لە بواری بەرهەم هێناندا لە نێوان ئابووری شاخ و ئابووری دەشتەکان دەبینێتەوە. .شاری ناوچە شاخاویەکان ئەو شارانەن کە لەوپێگەو ناوچانەدا دروست دەبن کە دەکەونە شوێنی بەیەك گەیشتنی زنجیرە شاخەکان یان ناوچە شاخاویەکان وەك ئەوانەی کە لەسەر هێڵی ناوچە بەرزاییەکانی ئیسکۆتلەندا دەبینرێ یان ئەو شارانەی دەکەونە دامێنی چیاکانی ئەلپ و باکووری ئیتالیا.

شاری ناوچە شاخاویەکان زۆر جار لە دامێن و سەرەتای دەست پێی کردنی ناوچە شاخاویەکان دروست دەبن و گەشەدەکەن . بە شێوەیەك ماوەیەکی دەمێنی بگەیتە شاخە کە شارەکە دەبینی. ئەمەش دەبێتە بنەمایەك و دەرگایەك بۆتێپەڕبوون.نموونە وەك شاری پاو لە باکووری چیای ئەلپ . شاری ناوچەی شاخاوی ژمارەی دانیشتوانیان کەمە و ڕووبەریان بچووکەو ژینگەیان پاکە. ئەم شارانە لە دەشتی نێوان شاخەکان و دۆڵی نێوان شاخە کان دروست دەبن.وەك شاری ڕانیە لەهەرێمی کوردستانی عێراق .

## وێنەی ژمارە (٦)

### شاری ناوچەی شاخاوی





### ٢- شاری کەناراوەکان:

مرۆڤ هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە سواری پشتی دەریا بوە، هەرلەبەر ئەوەیە شارەکان لە لێواری کەناری ڕووبەرە ئاوییەکان گەشەیان کردوە و دامەزراون لەبەرئەوە هەندێك لە ڕووبەرە ئاویەکان دەریاین و هەندێکی تریان کەنداو ودەریاچەن، هەندێك لە شارەکان کەوتونەتە دەورو بەرو لێواری دەریاچەکان یان کەنداوەکان و دەوروبەری دەریاکان.
نمونە لە وشارانەش وەك شاری کە ناراوی ئاوی ئەسکەندەریە و بەسرە.

وێنەی ژمارە (٧)

شاری کەناراوی



Musa A.A. 2005

### ٣- شاری ڕووبارەکان:

وەك ئاشكرایە ڕووبارەكان بەسەرچاوەی ژیان دادەنرێن. چونكە دابین كردنی ئاوی پێویست و شیاو كەرەستەی سەرەكی ژیانە چونكە كاریگەری دەكاتە سەر هەمووشتەكانی ژیان ، هەندێكیان ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە بواری گواستنەوە لەبەر ئەوە دۆڵی ڕووبارەكان گرنگی گەورەیان هەیە و هیچیان كەمتر نیە لە ڕێڕەوە ئاوییەكان و دەبنە هۆی پێكەوە گرێدانی زۆرێك لە شارەكان .هەندێك لە شارەكان دەكەونە سەر ئەو لقە ڕووبارانەی دەڕژێنە ڕووبارە سەرەكیە كەوە.هەندێكی تریان دەكەونە ئەو شوێنەی كە ووشكانی ئاو تیایدا بە یەك دەگەن.ئەو شارانەی لەوناوچانەدا دروست دەبن سوودی زۆر لە و شوێنە وەردەگرن. بەتایبەتی ئەگەر ئەو ڕووبارە گونجاوبێت. بۆ كەشتیوانی . نمونە وەك شاری شەنگەهای دەكەوێتە سەر ڕووباری یانگستی و شاری لەندەن لەسەر ڕووباری تایمزو شارۆچكەی دوكان لەسەر زێی بچوك.

جۆرێكی ترلە شارە ڕووباریەكان ئە و شارانەن كە لە شوێنی بە یەكگەیشتنی ڕووبارەكان دروست دەبن . جۆری سییەمی شاری ڕووبارەكان ئەو شارانەن دەكەونە ئەو شوێنانەی پردیان تێدایە واتا لە وناوچانەی ڕووبارەكە دەگاتە تەنگەبەرێك و ڕێڕەوەكەی بچووك دەبێتەوە یان زۆر جار دوو ڕووبار كاتێك لێك نزیك دەبنەوە بەهۆی پردەوە بەیەكەوە گرێ دەدرێن وەك. زۆرێك لە شارەكانی وولاتانی جیهان.

وێنەی ژمارە ( ٨ )
شاری ڕوباری



**٤- شاری ناوچە دەشتاییەکان:**

ئەم شاراندن کە لە ناوچە دەشتاییەکاندا دروست دەبن ڕووبەریان فراوانە لە ڕووی قەبارەی دانیشتواندوە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە لە ڕووی شێوازی فراوانبوونەوە زیاتر شێوەیەکی بازنەیی وەردەگرن.

ژینگەی ناوچە دەشتاییەکان دادەنرێت بە باشترین ژینگە بۆ دامەزراندن وگەشەکردنی شارەکان،ئەمەش بە هۆی گەشەکردنی شارەکەو بوونی زەوی بە پیت و تەخت و ئاسان بۆ هاتورچۆکردن، ئەمەش یارمەتی شارەکە دەدات بۆ ئاسانی فراوانبون و ئەنجام دانی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری و گەشەپێدانی هەرێمی شار زۆرێك لە شارە گەورەکانی جیهان دەکەونە ناوچە دەشتاییەکان بە تایبەت دەکەونە دەشتی ناوچە لافاوکردەکان یان دەشتی کە ئاراوە ئاوییەکان لەوانە وەك شاری بەغداد وهەولێر.

## دووەم:پۆلێن کردنی پێکهاتەیی:

ئەم جۆرە پۆلێن کردنە پشت بە شێوە (مۆرفۆلۆجیا)ی شار دەبەستێت ، شێوەی شار لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازە ئەمەش بە گوێرەی ئەو پلانەی بۆ شارەکە دانراوە شارەکان بە گوێرەی پێکهاتەیان دەکرێن بەم بەشانەی لای خوارەوە:

### ١- شاری تیشکی:

ئەم جۆرە شارانە بە گوێرەی پلانی تیشکی شێوەی چەند بازنەیەکی یەك لە دوای یەك بەدەوری یەکتری دا بەچوار دەوری خاڵێکی سەنتەری دا وەردەگرن ، بەشێوەیەك لەو خاڵە سەنتەریەوە چەند ڕێگایەکی تیشکی دەردەچن و تۆڕێکی گواستنەوەی ئەستێرەیی دروست دەکەن کە هاتووچۆکردن و گە یشتن بەبەشەکان و لێوارەکانی چواردەوری شار ئاسانە وە بواری بینینیش بەرفراوانەبەلام جیاوازە لە شێوەکانی تر.شارفشارێکی زۆر لەسەر ناوچەی سەنتەری شار دروست دەکات چونکە هەموو ڕێگاکان لە سەنتەری شاردا بەیەك دەگەن و کۆدەبنەوە.

وێنەی ژمارە ( ٩ )
شاری ئیشکی



## ٢- شاری کەلکەبوو(کۆبووە بەسەر یەکدا):

بەگوێرەی ئەم جۆرە پۆلێن کردنە شار ڕووبەرێکی بچووك لە زەوی دەگیردەکات بە بەراووردکردن بەشارەکانی تر، بەگوێرەی ئەم پلانە شەقامەکانی ئەم شارانە بە شێوەی بازنە یین کە بازنە یەکی تر دەوری داوە شارەکان لەم حاڵەتەدا شێوەیەکی نزیك لە بازنەیی وەردەگرن . لە م شێوازە دا دووری ناوەندی شار تاڕادەیەك لە بە شەکانی لێوارو چواردەوری شار نزیکە. ئەم جۆرە شێوازە لە زۆربەی شارە عەرەبیەکان و ڕۆژهەلاتیە کۆنەکان بەدی دەکرێن شێوازی کۆلان و شەقامەکانیان تەسك و پێچاو پێچن هەندێك لە و شەقام و کۆلانانە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی گەشەدەکەن بەبێ بوونی هیچ پلانێکی پێش وەخت.

وێنەی ژمارە ( ١٠ )
شاری کەڵەکەبو بەسەر یەکدا



### ٣- شاری درێژکۆلەیی:

ئەم جۆرە شارانە گەشەدەکەن و پێش دەکەون بە شێوەیەکی درێژکۆلەیی (شریتی) بەدرێژایی درێژبوونەوەی ڕووبارەکان یان درێژبوونەوەی ڕێگاکانی گواستنەوەو هاتووچۆکردن یان بەدرێژایی کەناراوەکانی دەریا وەك شاری قاهیرە کە بە شێوەی درێژکۆلەیی گەشەی کردوە بە درێژایی ڕووباری نیل، هەروەها ئەگەر بەربەستێکی سروشتی وەك بەرزونزمی لە شێوەی شاخ و گردو بانەکان لە ناوچەکەدا هەبوون ئەوا هۆکارن بۆ ئەوەی شارەکە بە شێوەیەکی درێژکۆلەیی بەدرێژایی درێژبوونەوەی شاخە کە بکشێت و فراوان بێت لە و کاتەدا شێوازێکی درێژکۆلەیی وەردەگرێت وەك شاری دیمەشق .

## ٤- شاری تۆڕی (شەبەکی)

بە گوێرەی ئەم جۆرە پلانە شارەکان شێوەی تۆڕی وەردەگرن، بە شێوەیەك زەوی شارەکە دابەش دە کرێت بۆ چەند بە شێك یان شێوەیەکی هەندسی چوار گۆشە یی یان لاکیشە لە چوارچێوەی ئەم جۆرە شێوازەدا شارەکان شێوەیەکی ئاسان و جوان وەردەگرن و پرۆسەی گەمارۆدان و ژمارە لێدانی یەکە کانی نیشتە جێ بوون و دامە زراوەکان ئاسانە هەروەها یارمەتی دەرە لە خێرایی و ئاسانی گەیاندن و دابە شکردنی خزمەت گوازاریەکان و پلان دانان بۆ دابە شکردنی زەوی ودانانی پلان بۆ ڕێگاکانی گواستنەوە لەشاری تۆڕیدا گەیاندن لە ئاستێکی بەرزدا جێ بەجێ دەکرێت.

## سێیەم :پۆلێن کردنی شارەکان بە گوێرەی جۆریان :

ئەم جۆرە پۆلێن کردنە پەیوەندی هەیە بەگرنگی شوێنی جوگرافی شارەکەوە لە هەردوو ڕوانگەی ڕێژەیی و سروشتییەوە ئەمەش ڕەنگ دانەوە و کاریگەری دروست دەکات لەسەر شارەکە لەهەمان کاتدا شوێنی شارەکە گرنگیەکی تایبەت بە شارەکە دەبەخشێت و کاریگەریش دەکاتە سەر ڕۆڵ و گرنگیەکەی، هەربۆیە شارەکان بە پێی جۆر دەکرێن بە م جۆرانەی لای خوارەوە:

### ١- شاری گرێیی (ئاڵۆز):

شار کاتێك وەك شارێکی ئاڵۆز و گرێیی دەناسرێت یان گرنگیەکی گرێیی دەبێت کاتێك چەند دیاردەیەك یان چەند هێڵێکی سروشتی سەخت تیایدا کۆ ببێتەوە بەشێوەیەك ئەم دیاردە سروشتیانە یەکتری ببڕەن یان بەیەکتری بگەن ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ دەرکەوتنی شارەکە وەك ناوەندێکی ستراتیجی گرنگ نمونە وەك ئەو ناوچانەی دۆڵە قوڵ و بەرزەکان تیایدا یەکتری دەبڕن یان ئەو شوێنانەی لە شێوەی ڕێڕەوێکی تەنگەبەری

شاخاویدان یان ئەو ناوچانەی وەك دەرگایەكی كراوە وان بەرووی ناوچە شاخاویە سەختەكاندا ، هەروەها ئەو ناوچانەی ڕێڕەوە ئاویەكان تیایدا یەكتر دەبڕن یان بە یەك دەگەن ئەم شوێن و پێگانە وەك گرێیەكی ئاڵۆزی سروشتی ناو دەبرێن ، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بكەین چەند گرێیەك هەیە مرۆڤ خۆی هۆكاری دروستبوونیانە وەك ئەو شوێنانەی هێڵە ئاسنینەكان تیایدا یەك دەگرن یان هێڵەكانی هاتووچۆیی قافلە ووشكانیەكان تیایدا بەیەكتری دەگەن نمونەی شارە سەخت و ئاڵۆزەكان وەك شاری بەغداد ، بەسرە.

## ٢- شاری ناووك:

شاری ناووكی گەشەدەكات لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە ،ئەویش كاتێك مرۆڤ هەڵدەستێت بە دەست نیشان كردنی پێگەیەكی گرنگ بۆ شارەكە لە ناوەڕاستی دەشتێكی پان و بەرین و ئاسان ،بەمەش شارەكە سوود لە دەشتە كە وەردەگرێت و گرنگیەكی تایبەتی بۆ دروست دەبێت ، بەشێوەیەك ئەو شارە دەبێتە ناوچەیەك بۆ كۆبوونەوەی ڕێگاكانی گواستنەوەو گەیاندن بەهەموو جۆرە جیاوازەكانیەوە ،لەهەمان كاتدا دەبێتە ناوەندێك و چەقێك (ناوكێك ) بۆ گەیاندنی ڕێگاكانی بازرگانی كردن لە نمونەی ئەو جۆرە شارانەش وەك شاری بەرلین.

## ٣- شاری پەراوێزی (هامشی):

شاری پەراوێزیی (هامشی) ئەو شارانەن دەكەونە لێوارو كۆتایی هەرێمە كاراكان هەرچەندە پێگەی ئەو شارانە بەراوورد بە شارەكانی ترگرنگیان بۆ شارەكە كەمترە ، وە قەبارەشیان بچووكترە ، بەلام لەهەمان كاتدا ئەو شارانە لە چوارچێوەی هەرێمەكەدا ڕۆڵ و كاریگەریەكی گەورەو باشیان هەیە نمونە وەك شاری خانقین و قەڵادزێو پێنجوێن...

## ٤- شاری دەروازەیی (مدخلی)

هەرچەندە شاری دەروازەیی پێگەیەکی تارادەیەك پەراوێزی هەیە بەڵام بەهۆی شوێنە دەروازەیەکەیەوە گرنگیەکی گەورەی هەیە لەرێگە گرتن لەداگیرکردنی ئەو شوێنانەی وەك دەرگایەك وان بۆ هەرێمەکە وەك شوێنی لەنگەرگرتنی کە شتیەکان کەرۆڵێکی گەورەی هەیە لەکۆنترۆڵکردنی ئەو ناو چانەی دەکەونە پشتیەوە ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو ناوچەیە وەك دەروازەیەك وایە بۆ دەست بەسەر داگرتن و گەیشتن بەو ناوچانەی دەکەونە پشتی ناوچەکانی لەنگەرگرتنی کە شتیەکان ئەم ناوچانە لەشێوەی دەوڵەت یان رووبەرێکی بەرفراوان دان لەپشتی شارە دەروازەیەکەوە نموونەی ئەو شارانە ش وەك شاری ئەسکەندەریە لە میسر ،هەروەها شاری موسڵ لە عێراق ، شاری نەجەف لە نێوان بیابان و دەشتی کشتوکاڵی دا.

## چوارەم :پۆلێن کردنی شارەکان بە گوێرەی قەبارەیان:

هەندێك جار شارەکان بە گوێرەی قەبارەیان پۆلێن دەکرێن ،ئەم پۆلێن کردنەش بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکە دیاری دەکرێت چونکە هەر وڵاتێك قەبارەیەکی دیاریکراوی تایبەت بە خۆی هەیە و جیاوازە لە وڵاتێکی تر ئەمەش ترلە شارەوە دەست پێی دەکات و بە مێگالۆپۆلس کۆتایی دێت سەرەتاکەی بە ١٠٠٠ یان ٥٠٠٠ کەس دەست پێ دەکات:

پلەی یەکەم کەمتر لە ٥٠٠٠ کە س
پلەی دووەم / ٥٠٠٠١ - ١٠٠٠٠
پلەی سێیەم / ١٠٠٠٠ - ٢٥٠٠٠
پلەی چوارەم / ٢٥٠٠٠ - ١٠٠٠٠٠
پلەی پێنجەم / ١٠٠٠٠٠- یەك ملیۆن
پلەی شەشەم / زیاتر لە ملیۆنێك

ئەمەش گونجاوە لەگەڵ پۆلێن کردنی کارگێڕی شارەکان وەك ئەوەی هەموو سەنتەری ناحیەکان و قەزاکان و پارێزگاو پایتەخت و شارە گەورەکان ، بە شێوەیەك سەنتەری ناحیەکان بە شارۆچکە ناودەبرێن و سەنتەری قەزاکان بە شار ناودەبرێن لەگەڵ ناوبردنی سەنتەری پارێزگاکان بە شاری گەورە پایتەخت بەگەورەتر لەسەنتەری پارێزگان ناودەبرێن بەجۆرێك پێیان دەگوترێت میترۆپۆلس، هەروەها شاری زۆرگەورەمان هەیە وەك نیۆرك ، لەندەن ، تۆکیۆ کە ئەمانە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەرو بیناسازیەوە ناودەبرێن بە میگالۆپۆلس.

## پێنجەم :پۆلێن کردنی شارەکان بە گوێرەی مێژوویان:

ئەم جۆرە پۆلێن کردنە لەسەر بنەمای مێژوو شارەکان پۆلێن دەکات بۆ ئەمەش پشت دە بە ستێت بەپلان و مۆرفۆلۆجیای شارەکە و شێوازو جۆری بیناو باڵەخانەکان لەگەڵ دیاریکردنی ئەو ماوە مێژووییەی کە شارەکەی تێدا بووە یان پێدا تێپەڕیوە وەك:

١- شاری پێش مێژوو
٢- شاری ئیغریقی و ڕۆمانی
٣- شاری سەردەمی ئیسلام
٤- شاری سەردەمی ناوەڕاست لە ئەورووپا
٥- شاری سەردەمی ڕاپەڕین
٦- شاری نوێ

## شەشەم :پۆلێن کردنی شارەکان بە گوێرەی پیشەیان:

هەموو شارێك ناوەندێکە بۆ کاروبارە ئابووریەکان و خزمەتگوزاریەکان و شوێنێکە بۆ بەرهەم هێنانی ئەو کەل و پەلانەی کە خزمەتی بازاڕەکەن جا ئەو بازاڕە ناوخۆیی بێت یان هەرێمی بێت یان نێودەوڵەتی بێت، هەروەها شارەکان ناوەندێکن بۆ دەرکەوتنی

ئاڵوو گۆڕ کردنی کەل وپەل و خزمەت گوزاریەکان لەگەڵ یەکتری دا ئەمەش دەبێتە هۆی گەشە کردنی بازرگانی و بە هێزبوونی پەیوەندیە شوێنیەکان لە نێوان شارەکاندا لە بەر ئەوە هەرشارێك لە شارەکان پیشەیەکی دیاریکراو یان چەند پیشەیەکی هەیە لەبەر ئەوە جوگرافی ناسەکانی شار گرنگی دەدەن بە پۆلێن کردنی شارەکان لەسەربنەمای ئەو پیشەی شارەکە هەیەتی لەم جۆرە پۆلێن کردنە ش دا بۆ دە ست نیشانکردنی پیشەی شارەکە پشت دەبەستن بە بەکارهێنانی داتاو ئامار لە ڕووی ژمارەوڕێژەی دەستی کرێکار لە و شارەی دەمانەوێت دیاری بکەین کە لە ڕووی پیشە وە چ جۆرە پیشە یەکی هەیە وە بە بەراوورد کردنی بە شارێکی تر لەهەمان وولات دا:

بێگومان پۆلێنکردنی شارەکان بە گوێرەی پیشەیان چەند سودێکی هەیە بریتین لە مانەی لای خوارەوە:

١- لەو ڕێگەیەوە ئەو پیشەیە دەناسین کە شارەکە لە ژیان وگەشەکردن وپێشکەوتنیدا پشتی پێی دەبەستێت لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو پیشەیە لە دیاریکردنی ئەوەی تاماوەی چەند ئەو شارە دەتوانێت ڕووبەڕووی قەیرانەکانی ئابووری ناوخۆیی و جیهانی ببێتەوە.

٢- هەروەها لە ڕێگەی پۆلێن کردنی پیشەیی شارەوە دەتوانێت بەشداری بکات لە دابین کردنی هەلی کارکردن بۆ کرێکاران بە شێوەیەکی بەردەوام هەروەها چەند دەتوانێت ئەو پیشەیە بەرفراوان بکات وە چەند دەتوانێت بنەماکانی ئەو بەرفراوان کردنە پیشەیە لە شارەکە دا بە دی بهێنێت هەروەها لەکاتی لە ڕێگەی زانینی پیشەی شارەکە دەتوانرێت خەملاندنی ڕووبەری پێویست بۆ یەکەی نیشتە جێ بوونی تازە و ڕووبەری سەرجەم خزمەتگوزاریەکان بکرێت ،ئەمەش لە ڕێگەی پشت بە ستن بە توێژینەوەکردن لەسەر ڕووبەری تەرخانکراوی زەوی بۆ جۆرە جیاوازەکانی بەکارهێنانی زەوی لە شارەکەدا .

چەند ڕێگایەك هەیە بەكاردێت بۆ پۆلێن كردنی شارەكان بە گوێرەی پیشەیان هەموویان پشت بە بەكارهێنانی داتاو ژمارە دەبەستن و بەكارهێنانی ئەو پێوەرانەی پشت بە بەهای ژمارە دەبەستن وەك ژمارەی دەستی كرێكار یان بەكارهێنانی ڕێگای سەرژمێری هتد... ، لە گرنگترین ئەو لێكۆڵینەوانەش ئەمانەن:

ڕێگای جانسی هرس:

هرس لێكۆڵینەوەی لەسەر چەندین شاری گەورەی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا كردوە ، بۆیە لە پۆلێن كردنی شارەكاندا بەگوێرەی پیشەیان پشتی بە ستووە بەو پیشەیەی كە شارەكەدا باوە هەروەها شارەكەش لەژیانیدا پشتی پێی دەبەستێت جانسی هرس هەستا وە بەپۆلێن كردنی شارەكان بە گوێرەی پیشەیان بۆ ئەم جۆرە شارانەی لای خوارەوە:

١- شاری فرۆشتنی بەتاك
٢- شاری فرۆشتنی بە كۆمەڵ
٣- شاری گواستنەوەو گەیاندن
٤- شاری كانزاییی
٥- شاری زانكۆ
٦- شاری خۆش گوزەرانی
٧- شاری كارگێڕی و سیاسی
٨- شاری هەجۆرە پیشە (ئەو شارانەی كە چەندین جۆری جیاوازی پیشەیان تێدایە).

جانسی هرس لە پۆلێن كردنی شارەكان بە گوێرەی پیشەیان پشتی بە دوو بنەما (پێوەر ) بەستووە :

یەكەم: ڕێژەی دەستی كرێكار لە پیشەیەك دا لە كۆی گشتی كرێكاران لە گشت پیشەكانی شاردا.

لە کۆی گشتی دانیشتوان .

**دووەم: ڕێژەی سوود مەندبووانی پیشەیەك لە کۆی گشتی دانیشتوان**

شاری پیشە سازی پلە یەك ڕێژەی دەستی کرێکاران لەو پیشەیەك لە کۆی گشتی کرێکاران تیایدا ٧٤٪ بەلاَم پیشەی پیشە سازی پلە دوو ڕێژەی دەستی کرێکاران لە کۆی گشتی کرێکاران ٦٠٪ سەبارەت بە شاری گواستنەوە و گەیاندن پێویستی بە دەستی کاری زۆر نیە هەربۆیە ئەو کرێکارانەی کە کاری تێدادەکەن ڕێژەیان بریتیە لە ١١٪ لە کۆی گشتی کرێکاران هەروەها شاری کانزایی لە ڕووی ڕێژەی کرێکاران تیایدا نزیکە لە شاری گواستنەوەو گەیاندن بە شێوەیەك ڕێژەی ئەوانەی کاری تێدا دەکەن بریتیە لە ٥١٪ لە کۆی گشتی کرێکاران.

شاری فرۆشتنی تاك : ئەوانەی کاری تێدا دەکەن ڕێژەیان ٥٠٪ کەمتر نیە لە کۆی گشتی کرێکارانی پیشە سازی فرۆشتنی تاك و بە کۆمەڵ

شاری فرۆشتنی بە کۆمەڵ : ئەو شارانەن ژمارەی ئەو کرێکارانەی کاری تێدا دەکەن ڕێژەیان ٢٠٪ کەمتر نیە لە کۆی گشتی کرێکارانی کەرتی پیشەسازی فرۆشتنی بەتاك و بە کۆمەڵ

بەلاَم هەندێك شارمان هەیە لە دیاریکردنی پیشەکەی دا پشت نا بەستێت بە ژمارەی دەستی کرێکار بەلکو پشت دەبەستێت بە ژمارەی ئەو کەسانەی سوودیان لە وپیشەیە وەرگرتووە بەرامبەر بە کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە ، بۆنموونە بەنسبەت شاری زانکۆ پێویستە ژمارەی ئەوانەی سوودیان لە زانکۆ وەرگرتوە یان لە بواری زانکۆ کاردەکەن وەك خوێندکاران ومامۆستایان و فەرما نبەران نابێت ڕێژەیان لە ٢٥٪ی کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە کەمتربێت.

بەشی سێیەم

# پێکهاتەی ناوخۆی شار

- ✓ پێگەو شوێنی جوگرافی شار
- ✓ بیردۆزەکانی پێکهاتەی ناوخۆی شار
- ✓ بیردۆزی بازنەیی هاوچەق
- ✓ بیردۆزی کەرتەکان
- ✓ بیردۆزی فرەناوکەکان(فرەسەنتەری)
- ✓ ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر پێکهاتەی ناوخۆی شار

CamScanner

- (پێگەی شار) و (شوێنی جوگرافی شار)

پێش ئەوەی باسی پێکهاتەی ناو خۆی شارەکان بکەین پێویستە باس لەهەریەك لەشوێن و پێگە ی شارەکان بکەین :جوگرافی ناسەکان هەوڵیان داوە هەردووك چەمکی (پێگە)و (شوێن ) لە شاردا ڕوون بکەنەوە ، بێگومان جیاکردنەوەی (پێگە) لە (شوێن ) گەورەیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ( ڕاتزل) ،بەشێوەیەك ئاماژەی بە پێگەی شار کردوە دەڵێت:

پێگە ئەو ڕووبەرە دیاریکراوەیە لە زەوی کە شارەکەی لەسەر بنیاتنراوە، بەواتایەکی تر ئەوناوچەیە دەگرێتەوە ئاوەدانیەو بەکارهێنراوە .

لە چوارچێوەی پێگەی شاردا لێکۆڵینەوە لە دیاردەسرووشتیەکانی شارەکە دەکرێت وەك بەرزونزمی پلەی گەرما ، لێژی زەوی پێکهاتەی جیۆلۆجی ، ئاوو سەر چاوەکانی ئاو ، ئەو ناو چانەی کە ئەگەری ئەوە یان هەیە ڕووبەڕووی لافاو ببنەوە یان لە وانەیە ڕووبەڕووی جوولانەوەی زەوی ببنەوە لە شێوەی بورمەلەرزەو بورکانەکان .هتد...

دەتوانین چەند جۆرێك لەپێگەی شارەکان دیاری بکەین کە شاریان لەسەر بنیات نراوە نمونە لەسەر پێگەی ڕووباری وەك شاری قاهیرەو بەغدادو پێگەی شاخاوی وەك سلێمانی پێگەی ناوچەی دۆڵ وەك مەککەی پیرۆز وە پێگەی دەشتایی وەك شاری هەولێر ، پێگەی دەشتایی باشترین پێگەیە دەتوانێت یارمەتی فراوانبوون و گەورەبوونی شاربدات ، بەڵام پێگەی شاخاوی باشترین پێگەیە بۆشارەکان یارمەتی بەرگریکردن دەدات لە شارەکە. سەبارەت بەشوێنی شار مەبەست لەو ناوچەیەیە لەسەنتەری شارەوە دەست پێی دەکات بەرەو ناوچەکانی چواردەورو لێوارەکانی شار و ئەو ناوچانەی چواردەوری شارەکەیان داوە لە چوارچێوەی ڕووبەرێکی بەرفراوانتر لەپێگەی شار. مەبەست لەشوێنی شار ئاماژەیە بۆ شوێنی شار بەنسبەت ئەو یەکە کارگێڕیانەی کە دەوری شارەکەیان داوە یان شوێنی شار بەگوێرەی هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی .

شوێنی شار ناو چەیەکی هەستیار و زیندوە لە سەر ڕووبەرێکی زەوی بەرفراوانی تەخت بە هەردوو واتا سروشتی و مرۆییەکەی بنەمای بیردۆزی شوێن بریتیە لە پچڕاندنی سروشتی کە لە پاڵ پچڕاندنی سروشتیشدا پچڕاندنی زەوی هەرێمیش دەبینرێت وەك دابڕان و پچڕاندنی نێوان ووشکانی ئاو یان دەشت و شاخ و گژووگیای ستێپس و دارستان ناوچەی ئاوەدان و نائاوەدان بەلام لە بواری پچڕاندنی مرۆیی دا وەك دابرانی شوێنی کەشتی لە شەمەندەفەر، سنووری نێوان دوو وولات لێرەوە دەردەکەوێت هەردوو پچڕاندنە سرووشتی و مرۆییەکە شوێن ( الموقع) دروست دەکەن.

لێرەوە دەتوانین بلێین شوێنی شارەکان چەندین جۆری هەیە وەك :

١- شوێنی ئالۆز

٢- شوێنی دەشتایی

٣- شوێنی پەراوێزی

٤- شوێنی نێوان دووناوچە یان هەرێم

٥- شوێنی سەنتەری

٦- شوێنی دەروازەیی

سەبارەت بە ووردەکاریەکانی جۆرەکانی شوێنی شارەکان بگە ڕێوە بۆ پۆلێن کردنی شارەکان بە گوێرەی شوێنی جوگرافیان کە لەبابەتی پۆلێن کردنی شارەکان بەگوێرەی شوێنی جوگرافیان بەدرێژی تیشکمان خستە سەر. نمونە لەسەر پێگەو شوێنی جوگرافی شارێك لە شارەکانی هەرێمی کوردستان وەك شاری قەلادزێ : بەنموونە

پێگەی جوگرافیەکەی شاری قەلادزێ لەسەر دەشتی پشدەر هەلکەوتوە کە دەشتێکی ناوچە شاخاویەکانە بەرووبەری نزیکەی ١٦کم هەلکەوتوە لەڕووی بەرزونزمیەوە

پێکهاتەیەکی بەرزونزمی جیاوازی هەیە لە شێوەی دەشت و دۆڵ و ناوچەی بەرزایی بەجۆرێك هێڵەکانی بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریاوە لە باشوورەوە بۆ باکوور بەرز دەبێتەوە بە شێوەیەك لە ٦٣٠م لەباشوورەوە دەست پێی دەکات بۆ ٦٧٠ لە باکووری شار. ئەمە جگە لەوەی دوو ڕێڕەوی ئاوی لە شێوەی چۆم وەك ( چۆم خرکە و چۆمی ئالاوە) بەپێگەی ئەو شارەدا گوزەردەکەن هەروەها بڕی زیاتر لە ٥٠٠ ملم باران لە پێگەی جوگرافی شارەکە دەبارێت و لەڕووی پێکهاتەی جیۆلۆجیەوە پێگەی جوگرافی ئەم شارە لە هەردووك نیشتوەکانی چاخی پلایستۆسین و هۆلیۆسین کە لەئەنجامی گواستنەوەی نیشتوەکانی ناوچە بەرزاییەکان بەرەو دەشتەکان دروست بووە پێکهاتووە لە قوڕو لم سلت و لووم کۆنگرایت. هەروەها چەندین کانزایی جۆراوجۆری لە خۆ گرتووە وەك یۆرانیۆم و ئاسن و نیکڵ.

سەبارەت بە شوێنی جوگرافی ئەم شارە دەبینین دەکەوێتە باکووری خۆرهەلاتی هەرێمی کوردستانی عێراق و باشووری خۆرئاوای قەزای پشدەر لە پارێزگای سلێمانی و باکووری خۆرهەلاتی پارێزگای سلێمانی ، و شوێنی جوگرافی ئەم شارە لەهەر چوارلایەوە بەچەندین زنجیرە شاخای بەرز دەورە دراوە وەك شاخە کانی قەندیل و ئاسۆس و بلفەت و دوبە زەو مامەندەو هەرمێن و چیای کێوەڕەش و دۆڵی ژاراوەو دۆڵی شروێت و زێی بچووك و شوێنی ئەم شارە دەکەوێتە نێوان هەردووك بازنەیی پانی ١٨،١٢،٣٦ و ٣٧،١٠،٣٦ وە هەردووك هێڵی درێژی ٧،٤٥.٦ و ٣٠،٤٥.٩ هەروەها شوێنی جوگرافی شاری قەلادزێ بەچەندین یەکەی کارگێڕی دەورە دراوە وەك هەلشێ و سەنگەسەر و ژاراوە و هێرۆ و ئیسێوە . شوێنی جوگرافی ئەم شارە وەك سەنتەرێك وایە بۆ کۆبوونەوەی بەرهەمی دوو ژینگەی لەیەکۆی جیاوازی دەشتایی و شاخاوی ئەمە جگە لەوەی لەسەر ئاستی ناوو خۆیی دەرەکی بە هۆی چەندین ڕێگاوە بە شارەکانی ناو خۆوو دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە ستراوەتەوە وەك بەستنەوەی بە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و ڕانیە و کۆیە و ڕەواندز و دوکان و

هەریەك لە شارۆچكەكانی سەنگەسەرو ژاراوەو هێرۆ و هەڵشۆو ئیسێوەو وەبەستەوەی بە وولاَتی ئێران .

شارەكان خاوەن چەندین جۆری جیاوازن لە بەكارهێنانی زەوی هەرچەندە شارەكان قەبارەشیان بچوك بەلاَم ناوچەی ئاوەدانی لەشاردا بۆ چەند جۆرێك لە جۆرەكانی بەكارهێنانی زەوی لەشاردا دابەش دەبێت بەجۆرێك دەبێتە هۆی دەركەوتنی چەند پیشەیەكی سەرەكی لە شارەكەدا ئەم پیشەیەش خزمەتی دانیشتوانی شارو دانیشتوانی هەمور ئەو هەرێمانە دەكات كە دەوری شارەكەیان داوە لەو جۆرە پیشانەش پیشەی كارگێری و بازرگانی و نیشتە جێ بوون و ئاینی و هتد.... بێگومان لەگەڵ زیاد بوونی قەبارەو رووبەری شار گرنگی شوێنی جوگرافی شاریش زیاتر دەبێت هەروەها لە گەڵ زیادبوونی رووبەری شار و قەبارەی شار دانیشتوانەكەی و رووبەرو جۆرەكانی بەكارهێنانی زەویش لەشارەكەدا گۆڕانكاریان بەسەر دا دێت و زیاد دەكەن لەگەڵ ئەمەش چەندین پیشەی تازە لەوشاردا سەر هەڵ دەدەن وەك پیشەی پیشەسازی و پەروەردەو تەندروستی و خۆش گوزەرانی.... بێگومان دابەشكردنی جۆرەكانی بەكارهێنانی زەوی لەشاردا بەشێوەیەكی روون لە رێگەی نەخشە پیشان دەدرێن بەشێوەیەك هەندێكیان نزیك لەیەكتری و زۆر جار تێكەلاَوی یەكتری دەبن ئەمەش ناودەبرێت بە پێكهاتەی ناو خۆیی شار هەرچەندە تێكەلاَویی و بەیەك داچوون یان جۆرێك لە جیابوونەوە هەبێت لە نێوان جۆرەكانی بەكارهێنانی زەوی لەشاردا بەلاَم لەگەڵ ئەوەش دا بۆتە جێگەی گرنگی پێدانی جوگرافی ناسان و ئابووری ناسان و كۆمەڵناسان لە خستنە رووی ئەو بیردۆزانەی باس لە دابەشبوونی جۆرەكانی بەكارهێنانی زەوی دەكەن لە شاردا .

لەم روانگەیەوە دەتوانین ئاماژە بەوەبكەین بیردۆزێكی تەواو بێ كەم وكورتی نیە كە روونكردنەوە لەسەر گشت جۆرەكانی بەكارهێنانی زەوی بدات لە شارەكاندا بەلاَم پێویستە تیشك بخەینە سەر گرنگترین ئەو بیردۆزانەی باس لە پێكهاتەی ناوخۆی شارەكان

بەکارهێنانەکانی زەوی لە ناوخۆیی شاردا دەکەن هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەبکەین ڕووبەریان لە گۆڕانکاری دایە بەجۆرێك کە شوێنێکی جێگیریان نیە ،هەربۆیە بەردەوام پیشەکانی شار تێکەڵاوی یەکتری دەبن و کار لەیەکتری دەکەن بەشێوەیەك هەریەك لە پیشەکان گەشەدەکەن و زەویەکانی ناوشارو چواردەوری شار داگیردەکەن بەمەش ڕووبەریان فراوانتر دەبێت بەلاَم هەندێك جاری پیشەیەك یان بەکارهێنانێك لە بەکارهێنانەکان ڕووبەری کەم دەکات چونکە دەیەوێت ڕێگە بۆ جۆرێك لە بەکارهێنانی تر خۆش بکات تاکوو فراوانتر بێت بەگشتی پرۆسەی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا پرۆسەیەکی بەردەوامە و زیندوە و هەمیشە لەگۆڕانکاری دایە ، هەرچەندە دەسەلاَتی شارەوانی و کارگێری پاڵپشت بە ویاسانەی کە دەری دەکات دەیانەوێت کۆنترۆڵی بکەن بەلاَم هێشتا لە زۆر بەشەکانی شار ناتوانن کۆنترۆڵی گۆڕانکاریەکانی بەکارهێنانی زەوی بکەن لەشاردا.

- ئەو بیردۆزانەی باس لە پێکهاتەی ناوخۆی شاردەکەن

لەگرنگترین ئەو بیردۆزانەی باس لە پێکهاتەی ناوخۆیی شارەکان و جیاوازی بەکارهێنانەکانی زەوی دەکەن لەشاردا بریتین لەم بیردۆزانەی لای خوارەوە:

١-بیردۆزی بازنەیی هاوچەق (بازنەیی کە لەکە بوو)
٢-بیردۆزی کەرتی
٣-بیردۆزی فرەناووك

## یەکەم: بیردۆزی بازنەیی هاوچەق

بیردۆزی بازنەیی هاوچەق بەکۆنترین بیردۆز دادەنرێت ئەم بیردۆزە باسی لە پێکهاتەی ناوخۆیی شارەکان دەکات ئەم بیردۆزە دوای ئەوەی توێژەر ئارنس بورجس هەستا بەلێکۆڵینەوەکردن لەسەر شاری شیکاغۆ لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی ١٩٢٥ دەرکەوت . پوختەی ناوەڕۆکی ئەم بیردۆزە باس لەوەدەکات:

* فراوان بوونی شار ڕوودەدات بەشێوەیەکی بازنەیی لـەناو یـەك و لـە دەوری یـەکتری ،بەجۆرێك هەموو ئەو بازنانەی کە لە دەوری یەکترن خاوەن یەك سەنتەرن .

* ئەم فراوانبوونە لـە سەنتەری شارەوە دەست پێ دەکات بەرەو دەرەوەی شار.


* بیردۆزەکە ئاماژەی بەوەدەکات کەشار بەردەوام لـەگەشەکردن و فراوانبوون دایە بـەلاَم ئەم ناوچانەی شار لـە ڕووی فراوانیانەوە لـەیەکتری جیاوازن.

* بیردۆزەکە پێی وایە ئەم نموونەیە لەسەر هەموو شارەکان جێ بەجێ دەبێت بەتایبەت شار گەورەکان.

* بیردۆزەکە هۆکاری گەشـەکردنەکە دەگەڕێنێتـەوە بـۆ زۆربـوونی ژمـارەی دانیشـتوان لەلایەك و ئەو فشارو پاڵە پەستۆیەی کە لەسەنتەری شارەوە (دڵـی شـارەوە ) بـەهۆی گەشـەکردنی هـەردووك ناوچـەی بازرگـانی و پیشەسـازیەوە کەوتۆتـە سەرناوچـەی نیشتەجێ بوون ئەمەجگە لەوەی ئارەزووی دانیشتوان بۆ دوورکەوتنەوە لـە سـەنتەری شار دەبێتە هۆی دروست بوون و کشانی ناوچەیەك بەسەر ناوچەیەکی تردا لە شـێوەی پرۆسەیەکی خێراو بەردەوام لـە هەموو بەشەکانی شارەکەوە.بەم شێوەیە سـەبارەت بـە پێکهاتەی ناوخۆی شار برجس توانی پێنج ناوچەی بازنەیی جیاواز لەناو شـار دەسـت نیشان بکات وەك لـەم شێوەیە ی لای خوارەوە دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە .

## شێوەی ژمارە (١)

### پێکهاتەی ناوخۆی شار بە گوێرەی بیردۆزی بازنەیی هاوچەق




١ – ناوچەی سەنتەری شار (A)

٢– ناوچەی گواسراوە(B)

٣– ناوچەی نیشتەجێ بوون(C)

٤– ناوچەی نیشتەجێ بوونی باش(D)

٥– ناوچەی هاتن ورۆیشتن(E)

گرنگترین ناوچەکانی شار بەپێی ئەم بیردۆزە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

### ١- ناوچەی بازرگانی سەنتەری:

* بریتیە لەو ناوچەیەی کەدڵی شار دەگرێتەوە.
* گرنگترین ڕیگاکانی گواستنەوە و گەیاندن تیایدا بەیەك دەگەن.
* جیادەکرێتەوە بەوەی کە سەنتەرێکی چالاکی بازرگانی شارە.
* بەناوبانگە بەبوونی بینای بازرگانی و ئوتێل و سینەماو بانك و فەرمانگەی دەوڵەتی نۆرینگەی پزیشکەکان و نووسینگەی پارێزەران و وەچەندین بیناو باڵەخانەی بەرزی چەند نهۆمی .
* بەرزی نرخی زەوی لە ناوچەی بازرگانی سەنتەری ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر ئەوەی کە شێوازێکی فراوانبونی ستوونی لەبیناو باڵەخانەکانی ئەو ناوچەیەدا بەرچاوبکەوێت .

بەڵام ئەو ناوچانەش کە دەکەونە چواردەوری ناوچەی بازرگانی بەو ناوچانە دەناسرێن کە جۆرێك لە تێکەڵاوی لەپیشە جیاوازەکان بەرچاودەکەوێت وەك ناوچەکانی فرۆشتنی کاڵاکان هەروەها ناوچەکانی خەزنکردن و هەڵگرتنی کەل وپەل وکاڵاکان لەگەڵ بوونی هەندێك لە پیشەسازی سووك لەم ناوچەیە.

### ٢- ناوچەی گواستراوە:

* ئەم ناوچەیە جیادەکرێتەوە بەجیاوازی پیشە بەربڵاوەکان تیایدا .
* ناوچەیەکی گواستراوەیە چونکە وەك ناوەندێك وایە بۆ کۆبوونەوەی سیفەتەکانی ناوچەی یەکەم و سێیەم واتا ئەو ناو چەیەیە دەکەوێتە نێوان ناوچەی بازرگانی سەنتەری و

ناوچەی نیشتە جێبونی دانیشتوان کە شێوەیەك لە تێکەلاوی هەیە لـە هـەردووك جـۆری بازرگانی سەنتەری و نیشتە جیّ بوونی دانیشتوان .

* یەکەکانی نیشتەجیّ بوونی ئەم ناوچەیە لـەجۆری کـۆن و لەبـەر یـەك هـەلّوە شـاوەن هەربۆیە ناوچەی گواستراوە ئەو خێزانانە لەخۆ دەگرێـت کـە داهاتیـان کەمـە و ئاستی گوزەرانیان لاوازە.

* لە ناوچەی گواستراوە ئەو بیناو باڵەخانە و فەرمانگانەی دەوڵەت دەبینرێـت کـە کۆنن و خاوەنەکانیان دوای بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەرانیان و ژیانیان بەجێیان هێشـتون و لـەو ناوچانە کۆچیان کردوە، بەلاّم لەگەلّ ئەوەش دا نرخی زەوی ئەو ناوچانە هەربـەرزە ،هەرلەبەر ئەوەیە لە زۆر کاتـدا خـاوەن بینـاو باڵـە خانـەکان بینـاو باڵـە خانـەکانیان نـا ڕووخێنن و بەنرخێکی بەرز بەکرێی دەدەن.

## ٣- ناوچەی نیشتەجیّ بوون

بریتیە لەوناوچەی کە بەناوچەی نیشتەجیّ بونی دانیشتوان ناو دەبرێت،زیاتر ئەو کرێکـارو فەرمانبەرانە لـە خۆ دەگرێت کە داهاتیان سنووردارە (دیاریکراوە) بەتایبەتی ئەو خەلکانە لـە خۆدەگرێت کە ئارە زوو دەکەن لـە نزیك شوێنی کارکردنیان نیشـتەجیّ بـن بۆئـەوەی بتوانن کرێی تێچوونی گواستنەوەیان بۆ سەر شـوێنی کارکردنیـان کـەم بێتـەوە بەمـەش پارەیان بۆ دەگەرێتەوە.

## ٤- ناوچەی نیشتە جیّ بوونی باش

بەوناوچەیە دەناسرێت کە بەکاردێت بۆ نیشتە جێبون کە لەزۆربەی کاتدا ئەو خێزانانە یان ئەو کەسانە لەناوچاندا نیشتەجیّ دەبن کە کە خاوەن کاری بازرگانین یان دەوڵەمەنـدن

و لەو بیناو باڵە خانانەدا نیشتە جێ دەبن کە لە شێوەی ڤیلادان یان بینای نیشتە جێ بونی ڕاقین یاخود بینای چەند نهۆمین کە باخچەی گشتی و چەند سەنتەرێکی بازرگانی خۆجێی (ناوخۆیی) لەخۆدەگریت .


## ٥- ناوچەی هاتن و ڕۆیشتن

* بریتیە لەوناوچانەی کە دەکەوێتە لێوار و کەناری شار.

* ئەم ناوچەیە کاریگەرە بە هەردووک ژینگەی شار و لادێ.


* لەم ناوچەیە دا زۆر جار کۆمەڵگەی نیشتە جێ بوونی بچوک دەردەکەوێت لە شێوەی شارۆچکەیەکی بچوک لە کۆتایی شارە سەرەکیەکە وەلە ڕووی هەموو پەیوەندیەکانەوە سەربە شارە سەرەکیەکەیە.

* لە ڕووی نیشتەجێ بونەوە ئەو کەسانە یان کۆمەڵەخەڵکانەی تێدا نیشتەجێ دەبێت کە لەڕووی چینایەتی کۆمەلایەتیەوە جیاوازن وەك دەوڵەمەندو هەژار هەروەها شارنشینی و گوند نشینی هەربۆیە لەهەندێك لە بەشەکانی ئەو ناوچەیە ئەو کەسانە نیشتە جێ دەبن کە داهاتیان بەرزەو هەروەها لەهەندێك لە بەشەکانی تری ئەو ناوچەیە ئەو کەسانە نیشتە جێ دەبن کە داهاتیان سنووردارەو کەمە و بەرژەوەندیەکانیان پەیوەندی هەیە بە ناو خۆیی شارەوە وەدەشێت بەرژەوەندیەکانیان پەیوەندی بەگوندەکانی دەوروبەری شارەکەوە هەبێت. ئەگەر سەرنج بدەینە نەخشەی ژمارە (١) بۆمان دەر دەکەوێت لە ڕووی شێوەو زۆرێك لە تایبەتمەندیەکان شاری هەولێر لە بیردۆزەکەی برجس نزیکە.



گرنگترین ئەو ڕەخنانەی کە لە بیردۆزی بازنەیی هاوچەق گیراوە بریتین لە مانەی لای خوارەوە:

١- برجس پێی وایە فراوانبوونی شار بریتیە لەپرۆسە یەکی گە شە کردنی ڕێك و پێك و ڕێکخراو و بەبەرنامە لە ناوچەکانی چواردەوری شار بە یەك شێوەیەی دیاریکراو و بە خێرایەکی دیاریکراو لە کاتێکدا برجس هوکاری ڕووی زەوی وەك شاخ و دۆڵ وبان وگرد و ئاووهەوای لە شارەکاندا پشت گویێ خستووە لە کاتێکدا هیچ مەرج و پێویست نیە کە شار لە هەموو ئاراستە کانیەوە یان لە هەموو بە شەکانیەوە بەیەك خێرایی و بەیەك شێوە گەشەبکات ، لەکاتێکدا شارەکان لە کاتی فراوانبونیاندا ڕووبە ڕووی چەندین بەربەستی سروشتی وەك دەریاچەکان یان دەریاکان یان ناوچە بەرزاییەکان دەبنەوە. ئەگەر نموونە یەك لە سەر ئەم حاڵەتە بهێنینەوە دەبینین شاری شیکاغو کە برجس لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوە بە تێبینی کردن لە شێوەی شارەکە وەك لەخوارەوە خراوەتە ڕوو بۆمان دەردەکەوێت شاری شیکاغۆ بە هۆی بوونی بەربەستی سروشتی لە شێوەی بوونی دەریاچەی مشیگن کە بە شارەکەدا تێپەڕ دەبێت بۆمان دەردەکەوێت شارەکە نەیتوانیوە بەشێوەی بازنەیی تەواو بازنە یی بەدەوری یەکتری دا فراوان بێت بۆیە بە هۆی ئەم بەربەستە سروشتییانەی کە برجس لە بیر دوزەکەی دا پشت گوێی خستوە وەك بونی دەریاچەی مشیگن لە شاری شیکاغۆ وەك بە ربەستێکی سروشتی بۆتە هۆی ئەوەی شاری شیکاغۆ لە فراوانبونی دا شێوەی نیوە بازنە یی وەر بگرێت نەك بازنەیی تەواو بە دەوری چە قدا.




٢- برجس گشت دەرئەنجامە کان و گریمانە کانی خۆی کە لە و بیردۆزەدا پێی گەیشتووە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە کردن لەسەر یەك شار کە شاری شیکاغۆیە بنیات ناوە هەروەك ئاشکرایە هەر شارێك لە شارەکان لە ڕووی خاسیە تە کانیان و ئەو هۆکارانەی کە کار لەگە شەکردن وشێوەی دروست بوونی شارەکە دەکەن لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازن .

٣- زۆر بە دەگمەن بەکارهێنانەکانی زەوی لە ناو خۆی شاردا شێوەیەکی ئەندازەیی بازنەیی ڕێك و پێك بە دەوری سەنتەرێکی دیاریکراو وەر دەگرێن بەلام لە زۆربەی کاتدا بەکارهێنانی زەوی لە شاردا شێوەی سێگۆشە یان چوار گۆشە یان لاکێشە وەر دەگرێت .

٤- برجس لە لێکۆڵینەوەکەی دا کاریگەریەکانی ئامرازەکانی گواستنەوە و خێرایی جوولانەوەی گواستنەوەی لەسەر جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا بەهەند وەرنەگرتوە، لەکاتێکدا پێشکەوتنی ڕێگاکانی گواستنەوە و هاتوو چۆکردن بۆ تە هۆی

دەرکەوتنی چەندین ڕێگای تازەو سەردەمی . بەهەموو جۆرە جیاوازەکانیەوە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان وە بەرزبوونەوەی خێرایی جوولانەوەی ئامرازەکانی گواستنەوە بۆتە هۆی گۆڕینی شێوەی بازنەیی لەشاردا ، بەشێوەیەك درێژبوونەوەی ڕێگاکانی گواستنەوە و گەیاندن وە ئاسانی جوولانەوە و هاتووچۆکردن بۆتە هۆی ڕاکێشانی فراوانبوونی شارو لێوارەکانی شار بەچەندین ئاڕاستەی جیاواز .

٥- ئەم بیر دۆزەی برجس ( بیردۆزی بازنەیی هاو چەق) ناگونجێت لە گەڵ زۆرێك شارەتازەکان دا چونکە دابە شبوونی بازنەیی کە لە کە بوو یان لە دەوری یەکتری زۆرترین ئاڵۆزی دروست دەکات.

## دووەم: بیردۆزی کەرتەکان (هۆمر هویت)

لە بنچینەدا بیرۆکەی بیردۆزی کەرتەکان دەگەڕێتەوە بۆ (هارد) لەساڵی ۱۹۰۳ پێش ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ابن خلدون ۱۳٦۲ لەگەڵ فان تون لەساڵی ۱۸۲٦ کاتێك کە دووجۆر گەشەی شاری جیاکردۆتەوە :

جۆری یەکەم : گەشەی تەوەرەیی

ناودەبرێت بەگەشەی تەوەرەیی ئەم جۆرە گەشەکردن و فراوانبوونە بریتیە لەو گەشە کردن و فراوانبوونەی لەسەنتەری شارەوە بەرەو دەرەوەی شار بەدرێژایی درێژ بوونەوەو کشانی ڕێگا سەرەکیەکانی هاتوچۆکر دن ڕوودەدات.


جۆری دووەم : گە شەکردنی سەنتەری

بریتیە لەو گەشە کردن و فراوانبوونەی شار کە لە سەنتەری سەرەکی شارەوە ڕوودەدات یان لە دەوری ناوچەی بازرگانی لاوەکی لەناوخۆی شاردا ڕوودەدات بەتایبەتی لەوناوچانەی ڕێگاکانی هاتووچۆکردن تیایاندا یەکتری دەبڕن بەم شێوەیە

لەئەنجامی فراوانبوونی شار بەم دووڕێگایەی پێشوو کە باسمان کرد واتا بەهەردووك ڕێگای گەشەی شارنشینی تەوەرەیی (المحوری) و گەشەی شارنشینی سەنتەری (المرکزی) دەبێتە هۆی ئەوەی شار شێوەیەکی ئەستێرەیی یان تیشکی وەربگرێت وەك لەم وێنەی لای خوارەوەدا دیارە:

شێوەی ژمارە (٢)

گەشەکردنی شار بەپێی بیردۆزی کەرتەکان




بەلام هۆمرهویت هەوڵ و کۆششێکی زۆری دا لە پێشخستنی ئەم بیرۆکەیەدا لەهەمان کاتدا هەوڵی دا بەشێوەیەکی پراکتیکی جێ بەجێی بکات ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی بیردۆزەکە بەناوی ئەوەوەناو بنرێت لەساڵی ١٩٣٩ بلاوکرایەوە بەشێوەیەك هۆمرهویت هەستا بەگرتنەبەری لێکۆڵینەوەیەکی کێوماڵی تیایدا دووبنەمای بەکارهێنا :

یەکەم: نرخی زەوی دووەم: نرخی کرێی نیشتە جێ بوون :

ئەمەش لە سەر چەندین شاری بچووك و مامناوەند لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا تاقیكرایەوە لەگەڵ بەدەست هێنان و كۆكردنەوەی هەمان زانیاری لەسەر ( ٥) شاری گەورەی وەك نیۆرك ، واشنتن وشیكاگۆ، دیترۆیت ، فیلادلفیا دوای ئەوەی هۆمر هوویت ئەم داتایانەی خستە سەر نەخشە و لە نەخشەدا پیشانی دا هەستا بەدەست نیشان كردنی ناوچەكانی نیشتەجێ بوون ئەمەش بوو بە بنەمایەك بۆ بیردۆزی كەرتەكان .

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە بیردۆزی كەرتەكان لە لێكۆڵینەوە كەی دا تەنها یەك پێوەری بەكارهێناوە ئەویش دابەشبوونی داهات بوو لەشاردا كە زیاتر شێوەیەكی كەرتی پارچەپارچەیی هەبێت لەوەی بازنەیی بیت لەگەڵ ئەمە شدا لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا شار لەسەر شێوەی ئینزلاقتی تیشكی گەشەدەكات لەسەنتەرەوە بەرەو دەرەوەی شار .

بیردۆزەكەی هۆمر هوویت دوای بیردۆزەكەی برجس دەركەوت ، بەشێوەیەك بیر دۆزەكەی هۆمرهوویت ئاماژە بەوە دەكات چینە كۆمەلایەتیەكانی دانیشتوان لە هەرشارێك دا هەوڵ دەدەدن لەناوچەیەك بە شێوەی كوتلەیەك لەدەوری یەكتری كۆبنەوە كە لەناوچەی بازرگانی سەنتەریەوە بەشێوەیەكی بازنەیی دەست پێی دەكات بەجۆرێك خانوو بیناو باڵە خانە كانی ناوچەی بازرگانی بەرزن و لەو پارچەی سەنتەری شار كۆدەبنەوە پاشان وردە وردە خانوو بیناو باڵە خانەكانی تر بەرزیان دەدات لە كورتی لەگەڵ دووركەوتنەوە لە سەنتەری شار (دڵی شار) بەڵام ئەو بیناو باڵە خانانە بەپلەی دووەم دێن و لە ڕووی بەرزیەوە بەسەر گشت بەش و لێوارەكانی شاردا كەرتەكانی شاردا دابەش دەبن یان هەندێك جار بەسەر یەك پارچەی شاردا بلاو دەبنەوە خانووی تریشمان هەیە كە لەجۆری خراپ و مامناوەندن و لەئاستێكی مام ناوەند دان ئەو خانووانە لەچەند پارچەیەك دا بلاودەبنەوە لەسەنتەری شارەوە بەرەو لێوارەكان و دەرەوەی شار دەست پێی دەكات.

بەلآم کاتێك ژمارەی دانیشتوانی شار زیاد دەکات ئەو ناو چانەی کرێیان بەرزە هەورروەها بە درێژایی کەرتی یەکەم درێژبوونەتەوە و ڕووبە ڕووی لە ناوچوون دەبنەوە.

هۆمرهوویت دەڵێت ئەو ناو چانەی کە کرێی نیشتەجێ بوونیان بەرزە دەکەونە سەر لێوارەکانی دەرەوەی کەرتەکان بەلآم ئاماژە بەوەدەکات ناوچە پیشەسازیەکان بەدرێژایی هەندیك لەو تەوەرانە دەردەکەون کە دەکەونە سەر ڕێگاکانی گواستنەوە لە کاتێکدا بەناوچەی بازرگانی سەنتەری دەوورەدراون.

هۆمر هویت کەرتەکانی لەشاردا بەم شێوەیە دیاریکردوە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

١– ناوچەی بازرگانی سەنتەری

٢– ناوچەی دامەزراوەی بازرگانی بە کۆمەڵ و پیشەسازی سووك


٣– ناوچەی نیشتە جێ بورن کە خانووەکانیان لە جۆری خراپە

٤– ناوچەی نیشتە جێ بووون کە خانووەکانیان لە جۆری مام ناوەندە

٥– ناوچەی نیشتەجێ بورن کە خانووەکانیان لە جۆری باشە

شێوەی ژمارە (٣)

پێکهاتەی ناوخۆی شار بەپێی بیردۆزی کەرتەکان




بیردۆزی کەرتەکان

١- ناوچەی نیشتە جێ بوونی باش

ئەم ناوچەیە یە کە گەشەدەکات لە سەنتەری شارەوە بەدرێژایی درێژبونەوەی هێڵەکانی گواستنەوەو گەیاندن یان بەئاراستەی ناوچەی گەشە کردوی تازە کە پێك دێت لە چەندین بیناو باڵە خانە ی جۆراوجۆر و دامەزراوە و سەنتەری بازرگانی.

٢- ئەو ناوچانەی کرێیان بەرزە

ئەو ناو چانەن درێژدەبنەوە بە ئاراستەی ئەو زەویانەی دوورن لە مەترسیەکانی لافاو و بڵاو دەبنەوە بە درێژایی دەریاچەکان و کەنداوەکان و تاڤگەکان و لیواری دەریاو زەیاکان لەگەڵ ئەو ڕووبەرە ئاویانەی بەکار نە هێنراون بۆ بواری پیشەسازی.

٣- ئەو ناوچانەی نیشتە جێ بوون کە نرخیان بەرزە:

بریتین لەو ناوچانەی گەشەدەکەن بە درێژایی ئەوناوچـانەی خـانوو بیناکـانی بەرپرسـان و دەسەلآت دارانی لێیە.

٤- ئەوناوچانەی نیشتە جێ بوون کە لە پلەیەکی زۆرباش دان ( راقـین) هـەروەها ئـەو ناوچـانەن بەدرێـژایی درێژبوونـەوەی هێڵـەکانی گواسـتنەوە و گەیانـدنی خێـرا گەشەدەکەن.

٥- ئـەو شـوقە ڕاقیانـەی کرێـیان بـەرزە دەکەونـە نزیـك سـەنتەرەکانی بازرگـانی لەناوچەکانی نیشتە جێوونی کۆن دا

٦- ناوچەکانی نیشتە جێ بوونی کرێی بەرز :

ئەو ناوچانەن کە لەکاتی فراوانبوونیاندا بەشـێوەیەکی هەرەمـەکی و عشـوائی بـاز نـادەن بەسەر ناوچەکانی تردا بەڵکو لە فراوانبوونیاندا شێوازێکی بەپلان و گونجـاو وەردەگـرن بەم شێوەیە لەفراوانبوون و جوولانەوە بەردەوام دەبن لەسـنووری پارچـەیەك یـان چـەند پارچەیەکی شارەکەدا ئەمەش لەئەنجامدا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کەرتێکی یان پارچـەیەکی جوان و ڕاقی لەشارەکەدا.

هۆمرهویت لەسالّی ١٩٦٤ ڕوونـی کـردەوە لەوانیـە جوولانـەوەی ڕێگـا خێراکـانی گواستنەوەو گەیاندن بوارێکی بەرفراوان بکەنەوە بۆ فراوانبوونی شارەکان و گەشەکردنی شارنشـینی ئەمـەش بـە ئاڕاسـتەی لقـەکانی ڕێگاکـانی گواسـتنەوەو گەیاندنـەخێراکان و پشتێنەی ڕێگـا بەرفراوانـە نوێیـەکان بێگومـان ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کۆمـەڵێك لەدانیشتوان کە داهاتیان بەرزە لەوناوچە دا نیشـتە جـێ بـبن و لـە دوای ئـەوانیش ئـەو خەڵکانە نیشتە جێ دەبن کە داهاتیان کەم و سنووردارە.

گرنگترین ئەو ڕەخنانەی لەبیردۆزەکەی هۆمر هوویت گیراوە بریتین لەمانەی لای خوارەوەن:

هەرچەندە بیردۆزکەی هۆمر هویت کاریگەری ڕێگاکانی گواستنەوەی خێرای لەپێکهاتەی ناوخۆی شارەکان بەتایبەت لەناوچەکانی نیشتەجێبون بەهەند وەرگرتوە بەلام لەگەل ئەوەشدا چەند لایەنێك و بوارێکی تری فەرامۆش کردوە.

١-دەرئەنجامی ئەم بیردۆزە بە پلەی یەکەم پەیوەندی دارە بەشیکردنەوەی ناوچەی نیشتەجێبوون لە شاردا لە بەرامبەردا بوارەکانی تری بەکارهێنانی زەوی لە شاردا پشت گوێ خستووەو گرنگیەکی وای پێی نەداون.

١- نا ڕوونی لەو ڕێگایەی بەهۆیەوە دەبێتە هۆی دروست بوونی کەرتە جیاوازەکان.

٢- جۆرەکانی تری بەکارهێنانی زەوی لە شاردا وەك گواستنەوەو بازرگانی و پیشەسازی و سەوزایی و هتد...... تێکەلاو بوون لەگەل نیشتەجێ بوون واتا جۆرێك لەبەیەك داچوون هەیە لە نێوانیاندا هیچ زەروری نیە ئەو کەرتانەی بۆ نیشتەجێ بوونی تایبەت و ڕاقی بەکار دەهێنرێن جیابکرێنەوە.

٣- ئەم بیردۆزە هیچ ڕەچاوی دەرکەوتنی ناوچەی لێواری شاری نەکردووە لەدەرەوەی شار.

٤- هەمان هەلەی برجسی کردوە ناوچەی بازرگانی بەشێوەی بازنە دیاری کردوە.

٥- ناوچەی پیشەسازی قورس یان پیشەسازی دەرەوەی شاری پشتگوێ خستووە تەنها ناوچەی پیشەسازی سوکی دیاری کردوە.

## سێهەم: بیردۆزی فرە ناوکەکان (فرەسەنتەری)


مەکنزی بنەماکانی ئەم بیردۆزەی ڕوون کردەوە ، بەشێوەیەك ئاماژەی بەوەکردوە شاری گەورە پێك دێت لەچەند ناوکێك یان چەند سەنتەرێکی لاوەکی لەگەل بوونی سەنتەرە سەرەکیەکان ، بەلام ئەم بیردۆزە لەلایەن هەردووك توێژەران (جانسی هرس ) و (ئەدوار

ئۆلمان) لەساڵی ١٩٤٥ فراوانبوونی بە خۆیەوە بینیوە بەجۆرێك هەردووك توێژە ئاماژەیان بەوە دا ئەم ناوکانە یان ئەو سەنتەرانە گەشەدەکەن لە ئەنجامی چەند هۆکارێك کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە :

- بوونی چەند سەنتەرێکی نیشتە جێ بوونی سەربەخۆ هەروەها دەرکەوتنی چەند سەنتەرێکی جیابوەی سەربەخۆی بازرگانی یان ئەو سەنتەرانەی بۆ کاروباری تر بە کاردەهێنرێن .
- گەشەکردنی سەنتەرە نوێ یەکان لە لێوارەکانی شاردا، بە جۆرێك ئەم سەنتەرە نوێیانە جیادەکرێنەوە بەبوونی چەند ناوکێکی سەربەخۆ بەرادەیەك ئەوکۆمەڵە سەنتەرە جیاوازانە دەبنە هۆی پێکهێنانی لێوارەکانی شارە گەورەکان هەر وەك ئەوەی ئەو سەنتەرانە بە شێوەیەکی ڕوون لەم شێوەیەدا دەردەکەون .

**شێوەی ژمارە ( ٤ )**

**پێکهاتەی ناوخۆی شار بەگوێرەی بیردۆزی فرە ناوکی( فرە سەنتەری)**



بیردۆزی فرەناوەک وەك ئەوەی هەردووك توێژەر جانسی هەرس و ئەدوارد ئۆلمەن پێشنیاریان کردوە هەر دووك توێژەر ئاماژەیان بەوەکردوە ئەو سەنتەرە تازە دروست بووانە پیشەکانیان لە شارێکە وە بۆ شارێکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت هەروەها ئاماژەیان بەوە کردوە لەگەڵ ئەوەی لە شارەکاندا ناوچەی بازرگانی سەنتەری هەیە بەهەمان شێوەش ناوچەی پیشەسازی و خۆش گوزەرانی و نیشتە جێ بوون ناو چە کانی تایبەت بە خزمەنگوزاریەکانی دەوڵەت دەبینرێت ئەمانەش لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازن.

هەردووك توێژەر ئاماژەیان بەوەدا هەندێك لە ناوەکەکان یان سەنتەرەکان دەردەکەون لە سەرەتای گەشەکردن و فراوانبونی شارەوە بۆ نموونە شاری لەندەن گەورە لەسەر دوو ناوەك دروست بوە.

بیردۆزی ناوەکە کان ئەم ناوچانەی لە شاردا دیاریکردوە:

١. ناوچەی بازرگانی سەنتەری
٢. ناوچەی بازرگانیە بە کۆمەڵ و پیشە سازیە سووکە کان
٣. ناچەی نیشتە جێ بوونی لاواز(خراپ)
٤. ناو چەی نیشتە جێ بوون لە جۆری مام ناوەند
٥. ناوچەی نیشتە جێ بوونی لە جۆری باش
٦. ناوچەی پیشەسازی قورس
٧. ناوچەی بازرگانی دەرەکی
٨. ناوچەکانی لێوارەکانی شار بۆ نیشتە جێ بوون بەکاردین
٩. ناوچەکانی ی لێواری شار بۆ پیشەسازی بەکاردین

لەگەڵ فراوانبوونی ڕووبەرو قەبارەی شاردا ژمارەی ناوەکەکانی شار زیاد دەکات بەڵام ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دەرکەوتنی چەند ناوکێکی جیابوەوە بریتین لەمانەی لای خوارەوە :

CamScanner

- هەندێك لە چالاکیەکان چەند تایبەتمەندیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە بۆنمونە ناوچەی بازرگانی ناوچەیەکی بەرفراوان لە دڵی شار داگیر دەکات و بە ئاسانی دەتوانین بگەینە ئەو ناوچەیە هەروەها ناوچەی پیشەسازی لەشاردا لەسەر ڕووبەرێکی گەورەو بەرفراوانی زەوی و ناو درێژدەبێتەوە بەدرێژایی ڕێگاکانی گواستنەوە ی هێڵی ئاسن بێگومان ئەمانە هۆکاران بۆ دەرکەوتنی ناووکی تازە لە شاردا .
- هەندێك لەچالاکیەکان لەناوشاردا پێکەوە ناگونجێن بۆنموونە ناوچەی نیشتە جێ بوون لەشاردا ناگونجێت لەگەڵ بوونی ناوچەی پیشەسازی قورس چونکە دووچالاکی جیاوازن لەشاردا وە کاریگەری خراپیان بەسەر یەکترەوە هەیە، ئەم جۆرە جیاوازیەش دەبێتە هۆکاری دروست بوونی ناوچەی پیشەسازی لە ناوکێکی سەربەخۆدا هەروەها دروست بوونی ناوچەیەکی تریش بۆ نیشتە جێ بوون لە ناوکێکی سەر بەخۆدا .
- بەرزی نرخی کرێ و نرخی کڕینی زەوی هۆکارێکە دەبێتە هۆی وەدەرنانی هەندێك لەو دامەزراوانەی ناتوانن بەهۆی کەمی داهاتیان ئەو کرێ بەرزە بدەن یان زەوی بکڕن هەر بۆیە هەوڵ دەدەن ئەو شوێنانە هەڵبژێرین بۆخۆیان کە دەگونجێت لەگەڵ داهاتیان لەبەر ئەوەیە زۆرجار ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ناو کێکی تازە لەشاردا.

ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر پێکهاتەی ناو خۆی شار لە ڕاستیدا چەندین هۆکاری لەیەکتری جیاواز هەیە کاریگەری دەکەنە سەر پێکهاتەی ناوخۆی شار وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

## یەکەم : هۆکاری ئابووری:

هۆکاری ئابووری یەکێکە لەو هۆکارانەی کاریگەری دەکاتە سەر پێکهاتەی ناوخۆیی شار، ئەمەش خۆی لە نرخی زەوی و کرێی بیناکان دا دەبینێتەوە نرخی زەویەکان و کرێی بیناکان لەشاردا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە بێگومان ئەو جیاوازیە لە نرخ و کرێیی بیناکان کاریگەری دەکاتە سەر جیاوازی دابە شبوونی جۆرەکانی بەکارهێنانی

زەوی لەشاردا وەك یاسایەكی گشتی هەمیشە تا لەسەنتەری شار (دڵی شارەوە ) دووربكەوینەوە بەرەو ناوچەكانی لێواری شار نرخی زەوی دادەبەزێت هەروەها نرخی زەوی بەدرێژایی دێژبوونەوەی ڕێگاكانی گواستنەوە هاتوو چۆكردن بەتایبەتی ڕێگاگشتیەكان وشەقامە گشتیەكانی بازرگانی و گواستنەوە لەگەڵ ئەوناو چانەی ڕێگاكانی گواستنەوە تیایدا یەكتری دەبڕن و بەیەك دەگەن دەبینین كری و نرخی بیناكانیان بەرزە ، دەتوانین بڵێین پیشەی بازرگانی و پیشە سازی سووك زۆرترین زەوی لەناوجەرگەی شارو بەرزترین نرخی زەوی لە ناوشار داگیردەكات ناوچەی نیشتە جێ بوون لە دوای ناوچەی بازرگانی دەست پێ دەكات كە لە لێوارەكانی شارو ناوچە جیاجیاكانی شاردا بڵاو دەبێتەوە بڵاو بوونەوەی زەوی نیشتە جێبوون لە دوای ناوجەی بازرگانی و لە لێوارەكانی شار دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی نرخی زەوی لە ناوجەرگەی شاردا ، ئەمە جگە لەوەی كە ناوجەی (سەنتەری شار) ناتوانێت نیشتە جێ بوون لە خۆ بگرێت.

## دووەم : هۆكاری كۆمەڵایەتی :

ئەم هۆكارەش شان بەشانی هۆكاری ئابووری كاریگەری دەكاتە سەر پێكاتەی ناوخۆی شارەكان، بەشێوەیەك ئەم هۆكارە یارمەتی دەری هۆكاری ئابوورییە بەجۆرێك ناتوانرێت ئەم دووهۆكارە لەیەكتری جیابكرێنەوە:

كاریگەری هۆكاری كۆمەڵایەتی لەسەر پێكهاتەی ناوخۆی شار لەچەند خاڵێك دا كورت دەكەینەوە:

- پرۆسەی باڵادەستی و جیاوازی پیشەیی و چینایەتی و ڕەگەزایەتی ، مەبەست لە باڵادەستی ئەوەیە كە ناوچەیەك یان بەشێك لەبەشەكانی شار لەڕووی كۆمەڵایەتی وئابوورییەوە باڵا دەستە بەسەر گشت بەشەكانی تری شار دا نموونە وەك ناوچەی

شۆڕیجە و شەقامی ڕەشید لەشاری بەغداد وەك سەنتەرێك و ناوەندێك وان بۆ کاروباری بازرگانی ئەم ناوچەیە بالا دەستە بەسەر گشت ناوچە لاوەکیەکانی بازرگانی وەك ئەعزەمیەو کازمیە و کەڕادە و باقی ئەوانی تر، بەلام مەبەست لە دیاردەی جیاوازی پیشەیی و کۆمەلایەتی و ئابووری بریتیە لەوەی ناوچەیەك لەشاردا لە ڕووی کۆمەلایەتیەوە وەك داب و نەریت و زمان و پەیوەندیە کۆمە لایەتیەکانەوە لەگەڵ پیشە و داهاتی ئابووریەوە جیاوازن لە بەشەکانی تری شار .

- دیاردەی گردبوونەوە بلا بوونەوە :

مەبەست لەدیاردەی گرد بوونەوە بریتیە لەئارەزووی دەستەیەك لەدانیشتوان لەناوچەیەکی دیاریکراوی شار لەناوچوارچێوەی سنووری شاردا . بەلام دیاردەی بلاو بونەوە مەبەست لێی کۆچکردنی هەندێك لە دانیشتوانی شارەکەیە بەرەو لێوارەکان و چواردەوری شار یان بەرەو ئەو شارە بچووکانەی کە نزیکن لەشارە سەرەکیەکە .ئەم دوو دیاردەیە گردبوونەوە بلاوبوونەوە هانی هاتووچۆکردنی دانیشتوان و پرۆسە ئابووریەکان دەدات بۆ ناوشار . بەشێوەیەك دەبێتە هۆی دروست بوونی ناوچەی بازرگانی بەتاك و بە کۆمەڵ لەدەوری یەکتری لەهەمان کاتیشدا کۆچی دانیشتوان و پرۆسە ئابووریەکان بەرەو ناوچە جیاوازەکانی شارو ئەو ناوچانەی کە دەکەونە پشتی شارەوە دەست پێی دەکات . ئەمەش دواجار کاریگەی دەکاتە سەر پێکهاتەی ناوخۆی شارەکە.

## سێیەم: هۆکاری پەیوەندی دار بە بەرژەوەندی گشتیەوە:

بەرژەوەندی گشتی بوارێکی بەرفراوانە و زۆر بوار دەگرێتەوە هەروەها یەکێکە لە و هۆکارانەی هاوشێوەی هۆکاری ئابووری و کۆمەلایەتی کاریگەری دەکاتە سەر پێکهاتەی

ناوخۆی شار، هۆکاری پەیوەندی دار بەبەرژەوەندی گشتیەوە لەم سێ خاڵەدا کورت دەکەینەوە:

١- تەندروستی گشتی و سەلامەتی تاکەکانی کۆمەڵگە.
٢- ئاسانی گواستنەوە لە نێوان بەشەکانی شاردا.
٣- ژینگەی شارو ڕووخساری گشتی شار .

## ١- تەندروستی گشتی و سەلامەتی تاکەکانی کۆمەڵگە :

دەوڵەتە پێشکەوتووەکان لەدابەشکردن و دیاریکردنی ڕووبەری پێویست بۆ هەریەك لەجۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا یاسایان هەیە، بەشێوەیەك زەوی پێویست بۆ هەریەك لە جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی تەرخان دەکەن بەجۆرێك کە باشترین ئەنجامی هەبێت بۆ تەندروستی گشتی و سەلامەتی تاکەکان . لەبەرئەوە ئەم دەوڵەتانە لە یاساکانیان دا لە پێناوی تەندروستی گشتی و سەلامەتی تاکەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر چەند خاڵێك کە ئەمانەن :

- کۆنتڕۆلکردنی چڕی دانیشتوان لە گەڕەکەکان و بەشەجیاوازەکانی شاردا .
- دانانی کۆت و بەند لەسەر بەکارهێنانی ئەو زەویانەی بۆی هەیە ڕووبەڕووی مەترسیەکانی بنەوە واتا ئەو زەویانەی لەڕوی سیفاتی سروشتیەوە گونجاونین وەك ئەو زەویانەی کە ڕووبەڕووی لافاور بوومە لەرزە دەبنەوە.
- دانانی کۆت و بەند لەسەر ئەو زەویانەی ڕووبە ڕووی پیسبوون دەبنەوە لە جۆری پیسبوونی دەنگە دەنگ و ژاوەژاو و پیسبوونی هەوایی بەهۆیجەنجاڵی هاتوو چۆکردن و پیسبوونی ژینگەی شار بەتایبەت لەو ناوچانەی دانیشتوانیان زۆرەو جەنجاڵە . بێگومان هەموئەمانە بەئامانجی تەندروستی گشتی و سەلامەتی تاکەکانی کۆمەڵگەیە دواجار کاریگەری دەکاتە سەر پێکهاتەی ناو خۆی شارەکان .

CamScanner

## ٢- ئاسانی گواستنەوە لە نێوان بەشەکانی شاردا:

مەبەست لێی ئاسانی گواستنەوە وئەنجام دانی پرۆسەکانی گواستنەوەو گەیاندنە لەنێوان بەشەکانی شاردا بەشێوەیەکی ئاسان و بەکەمترین کات و بەکەمترین تێچوون لە بەرژەوەندی گشتی دانیشتوانی شاردا بێت لەسەر ئاستی ناوخۆی شارەکەو لەسەر ئاستی پەیوەندیەکانی شارەکە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری نزیك لەشارەکە ئەمەش بە دروست کردنی ڕێگاو شەقامی گشتی دەبێت لەگەڵ دانانی سیستەمێك تاوەکوهاتوچۆکردن لەشاردا ڕێك بخات بێگومان ئەنجام دانی ئەمەش پێویستی بە تەرخانکردن و دابەشکردنی زەوی پێویست هەیە لەشاردا ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر پێکهاتەی ناو خۆی شارەکە.

## ٣- ژینگەی شار :

هەندێك لە دانیشتوانی شار ژینگەی شارو مۆرفۆلۆجی شار بەیەکێك لەو هۆکارە گرنگانە دادەنێن کاریگەری دەکاتە سەر پێکهاتەی ناو خۆی شار، بەڵام هەندێکی تر ئەم هۆکارە بەهۆکارێکی لاوەکی دادەنێن لەکاریگەری کردنە سەر پێکهاتەی ناوخۆی شار ، بێگومان هۆکارە ئاووهەواییەکان بەتایبەتی پلەی گەرماو ئاڕاستەی باو شێو باران بارین کاریگەر دەکەنە سەر هەڵبژاردنی شوێنی پیشەسازیەکان و سیستەمی ڕێگاو بان و شەقامەکان و شێوازی بیناکان و باڵەخانەکان هتد.... وەك دروست بوونی خانووی یەك پارچەیی و لێك نە پچڕاو بە تەنیشت یەکتریەوە وە نزم لە ئاستی ڕووی زەویەوە ئەمەش مۆرفۆلۆجیەکی تایبەت بە ناوچە ووشکەکانی لێ دروست بوە . ئەمە لە ناوچە ساردەکاندا نابینریت، بەڵام ئێستا پێشکەوتنی ئاستی تەکنەلۆجیا کاریگەری ژینگەی شاری تاڕادەیەك لەسەر پێکهاتەی ناو خۆیی شارەکان کەم کردۆتەوە.

# بەکارهێنانی زەوی لەشاردا

- ✓ گرنگی و مەرجەکانی نەخشەی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا.
- ✓ کێشەکانی پەیوەندیدار بە نەخشەی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا
- ✓ جۆرەکانی بەکارهێنانەکانی زەوی لەشاردا
- ✓ بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتە جێ بون
- ✓ بەکارهێنانی زەوی بۆ گواستنەوە
- ✓ بەکارهێنانی زەوی بۆ بازرگانی
- ✓ بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەسازی
- ✓ بەکارهێنانی زەوی بۆ خۆشگوزەرانی

CamScanner

وەك ئاشـکرایە شـارەکان هەرچـەندە قـەبارەیان بچـووك بێـت بـەڵام لـەگـەڵ ئەوەشـدا خزمەتگوزاری پێشکەش بە دانیشتوانی شـار و ئـەو ناوچـانەی دەوری شـارەکەیان داوە دەکەن زۆر بەدەگمەن شار زەویەکەی تەنها بۆ یـەك جـۆرە پیشـە بـەکاردەهێنرێت هـەتا ئەگەر ئەو شارە شارێکی زانکۆیش بێت یان گەشتووگوزاری بێـت لـەبەرئـەوە شـارەکان هەمیشە چەند جۆرێك لەجۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لـەخۆ دەگرێت هەر بەکارهێنانێك لـە بەکارهێنانـەکان یـان پیشـەیەك لەپیشـەکانی شـار ڕووبـەرێکی دیـاریکراوی زەوی لەسنووری شاردا بۆخۆی داگیردەکات کە جیاوازە لـە بەکارهێنانەکانی تر وەك ئاشـکرایە بەکار هێنانە سەرەکیەکانی ناوشار بریتین لـە بـەکارهێنانی زەوی بـۆ نیشـتە جـێ بـوون و گواستنەوەو بازرگانی و پیشەسازی لەگەڵ بـەکارهێنانی تـری وەك ئـایینی ، کـارگێڕی ، فێرکردن ، خزمەتگوازاریە جـۆراو جۆرەکـان هتد....هـەموو ئـەم بەکارهێنانانـە پێکـەوە پێکهاتەی ناو خۆی شار دروست دەکەن کە لەبەشی پێشتر بە گوێرەی بیردۆزەکان باسمان کرد .

## ا. گرنگی و مەرجەکانی نەخشەی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا :

بێگومان نەخشەی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا گرنگی خۆی هەیە کە لەم چەند خاڵـە دا کورتی دەکەینەوە:

- لەڕێگەی نەخشەی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا شارەزای ڕووبەرو ڕێژەی ئەو زەویانـە دەبین کـە لەشـارەکەدا بـۆ هەریـەك لـە جۆرەکـانی بـەکارهێنانی زەوی لـەشـاردا دیاریکراوە. وەك لە نەخشەی (٢) دیارە
- لەڕێگەی نەخشـەی بـەکارهێنانی زەوی لـەشـاردا جوگرافیـای شـار هەڵدەسـتێت بـە دابەشکردنی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لە شاردا وەك بەکارهێنانی زەوی بۆ بواری بازرگانی بە هەردووجۆری بازرگانی فرۆشتنی بەکۆمەڵ و بازرگانی تاك و کۆگاکـانی هەڵگرتن و بە کارهێنانی بازرگانی بۆ کەرتی گشتی و تایبەت یان تێکـەڵاو . هـەروەها بە کارهێنانی زەوی بۆ نێشتەجێ بوون ئەو یش دابەش دەبێت بۆ دووبـەش نیشـتە جـێ بوونی یەك خێزانی و دوو خێزانی و زیاتر لە دووخێزانی هەروەها شووقەی نیشتە جـێ بوونی چەند خێزانی لەگەڵ بەکار هێنانی زەوی بۆ پیشەسازی ئەویش دابەش دەبێت بۆ دووبەش پیشە سازی قورس و پیشە سازی سووك و پیشە سـازی گـۆڕاو نـە گـۆڕ و پیشە سازیە بنچینەیەکان و پیشە سـازیە جیاوازەکـانی بەرهـەم هێنـان و پیشـە سـازی خۆراك و ڕستن و چنین هتد....
- گرنگی نەخشەی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا ئەوەیە لەڕێگـەی نـە خشـەکەوە شـوێنی جوگرافی هەریەك لە بەکار هێنانەکانی زەوی لەشاردا دەر دەکەوێت لـەگەڵ چۆنیەتی دابەشبونیان و درێژبونەوەیان لـە شاردا.
- گرنگی و تایبەتمەندیەکی تری نەخشەی بەکارهێنانی زەوی لە شـاردا ئەوەیـە پێـوەری تایبەت بەخۆی هەیە .هەروەها چەندین پسپۆر لە بوارە جیاوازەکـان بـە شـداری تێـدا دەکەن وەك پلان دانەران و فەرمانبەرانی شارەوانی و پیاوانی بازرگان و ئاسایش لـەگەڵ

ئەوانـەی گرنگـی دەدەن بـە بوارەکـانی گواسـتنەوە و گـە شـتوگوزار هەرچـەندە ئامادەکردنی نەخشەی بە کارهێنانەکانی زەوی لەشاردا لەتوێژەرێکەوە بۆ توێژە رێکی تر جیاوازی هەیە بەڵام کاری جوگرافیای شار ئەوەیـە کـە هەسـتێت بـە دیاریکردنی ڕووبەرو شوێنی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا بە پشت بەسـتن بـە نەخشـەی بنـەڕەتی شـارو بـەراووردکردنی جۆرەکـانی بـە کارهێنـانی لەنەخشـەکەدا لەگـەڵ سەرزەوی.


ئەومەرجانەی پێویستە لە نەخشەی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لە شاردا هەبێت:

- هەڵبـژاردنی پێوەرێـك بـۆ نەخشـە هەمیشـە سـوود لـەو پێوەرانـە وەردەگیرێـت کـە پێوەرەکانیان لە نێوان ١/٥٠٠٠ یان ١/٦٠٠٠ دایە تەنها ناوچەی سـەنتەری نەبێت لەشاردا بە زۆری ئەو پێوەرانەی بۆ بەکاردێت کە ١ بۆسە بۆ ٥٠ پـێ یـان ١ ئینج بۆ ٦٠ پێ ئەمەش ڕوونی زیاتر و تێکەڵاو نە بوون و بەیەکدا نە چـوونی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەویە لەشاردا.
- مەرجی دووەم کە زۆر گرنگـە و پێویسـتە لەنەخشـەی بـەکارهێنانی زەوی لەشاردا لەبەرچاو بگیرێت بریتیە لە بەکارهێنانی هێما یان ڕەنگە دیاریکراوەکان کە لە ناوەڕۆك و کلیلـی نەخشـەکەدا پێویسـتە دیـار بیکرێـت لـەو کەسـانەی کـە هەسـتاون بەوەسفکردنی هێماکانی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا پلان دانەری ئەمریکی بوو بەناوی بارسلیمۆ کە بەم شێوەیە ڕوونی کردۆتەوە.

نیشتە جێبورن ، نیشتە جێبوونی یەك خێزانی ، نیشتە جێ بوونی دووخێزانـی، بیناکـانی نیشتە جێبونی چەند خێزانی ، بەکارهێنانانی زەوی بۆ بازرگانی و یاریگاکان، بەکارهێنانانی زەوی بۆ خزمەتگوزاریە سەرەکی و نا سەرەکی ، بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەسازی سوك و پیشەسازی قورس و بۆ ڕێگاوبان .

## نەخشەی ژمارە (٢)

## دابەشبونی شوێنی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لە شاری ڕانیە ٢٠٢٠



### ب- کێشەکانی پەیوەندیدار بە نەخشەی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا:

١- لەگرنگتری ئەو کێشانەی کە توێژەران بەدەستیەوە دەناڵێنن لەکاتی ئامادەکردنی نەخشەی بەکارهێنانەکانی زەوی لە شاردا ئەوەیە ئەو نەخشەی دروستکراوە تەنها بۆ یەك تابق لەبەکارهێنانەکانی زەوی شار دروستکراوە واتا ئەو تابقانەی تری سەرەوە واتا دووەم و سێەم تاکۆتایی ناگرێتەوە بۆنموونە بەکارهێنانی زەوی بۆ بازرگانی دەکەوێتە قاتی یەکەم لەسەر زەوی بەڵام نۆرینگەی پزیشکەکان و نووسینگەکانی پارێزەران و نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانوو بیناو باڵەخانەکان و نووسینگە کانی پیشەسازی یان ئەو بیناو باڵەخانانەی بۆ نیشتە جێ بوون بەکاردێن و پێك هاتوون لە چەندین قات هتد.. ئەمانەی باسمان کرد چۆن بەکارهێنانەکانی زەویان هەژماردەکرێت هەربۆیە لێرەدا پێویستە توێژەران بۆ هەر قاتێك لە قاتەکان بەگوێرەی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا نە خشەیەکی تایبەت بۆ هەریەك لە تابقەکان بەجیا ئاما دە بکەن واتا بۆ تابقی یەك نەخشەیەك و بۆ تابقی دووەم نە خشەیەك و بۆ سێەم نەخشەیەك تادوایی ...

٢- لەوکێشانەی تر ڕووبەڕووی نەخشەی بەکارهێنانی زەوی دەبێتەوە لەشاردا بریتیە لە هەند یك ڕووبەر هەیە نازانین لەچوارچێوەی کام ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی هەژماری بکەین بۆ نموونە ئەو باخچانەی بەبینا دەورەدراون وەك باخچەی نەخۆشخانەکان ئایە ئەم ڕووبەرە سەوزاییە یان لە چوارچێوەی ڕووبەری سەوزاییانە هەژمار دەکرێن یان لە چوار چێوەی تەندروستی هەمان حاڵەتیش لەخوێندنگەکاندا بەدی دەکرێت وە ئەم کێشانە لە جۆرەکانی تری بەکارهێنانی زەوی پیشەسازی ، بازرگانی ، نیشتەجێبون بەدیدە کرێت.

## ن- جۆرەکانی بەکارهێنانەکانی زەوی لەشاردا:

### یەکەم: بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبون :

ئەگەر جوگرافیا بەشیوەیەکی گشتی باس لەکارلێکی نێوان هەردووکیان بکات ئەوا جوگرافیای شار واتە ماشای شار دەکات کەشار شێوەیەکە لەشێوەکانی نیشتەجێبوون چونکە پیشەی نیشتە جێبوون یەکێکە لە پیشە سەرەکیەکانی شار لەبەرئەوە نیشتە جێ بورن زۆرترین و فراوانترین ڕووبەری شار پێك دەهێنێت.

سەبارەت بە ڕووبەری نیشتە جێ بوون لەشاردا بریتیە لە ٣٠٪ - ٤٠٪ لە کۆی ڕووبەری بەکارهێنانەکانی زەوی لەشاردا ، بەلام ئەو ڕووبەرەی کەنیشتە جێ بوون لەشاردا پێکی دەهێنیت لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازە هەروەك ئەوەی کە ( ئیدوارد ر هۆمان ) ڕێژەی ڕووبەری نیشتە جێ بوونیان بە ٣٠٪ ی یان ٦،٢٩ ٪ لە کۆی گشتی ڕووبەری شار خەملاندوە وە ڕێژەی ٣٩٪ لە کۆی ڕووبەری بەکارهێنراوی زەوی لەشارەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئە مریکا دەست نیشانکراوە .

بارسلیموس لە ٣٥ شاری ئەمریکی دا ئاماژەی بەوەکردوە نیشتە جێ بوون ڕێژەی ٦،٣٩٪ یان لە کۆی ڕووبەری بەکارهێنراوە پێك هێناوە بەلام هەر لەسەر شارەکانی ئە مریکا (مونفەل) ئاماژە بە وەدەکات نیشتە جێ بوون ١/٣ ی ڕووبەری گشتی شار پێك دەهێنێت لە لێکۆلینەوەکانی تردا ئاماژە بەوە دەکرێت نیشتە جێ بوون لەو شارانەی بەریتانیا کە ژمارەی دانیشتوانیان ١٠٠٠٠ کەسە ڕێژەی ٤٣٪ لە کۆی ڕووبەری ئاوەدانی شار پێك دەهێنێت تەنانەت لەشاری لەندەن ٤٢٪ ی پێك دەهێنێت .

سەبارەت بەرێژەی بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتە جێ بوون لەوولاتانی عەرەبی بەرزدەبێتەوە بۆ ٦٧٪ بەشێوەیەك لە ٣٩٪ لە عمان وە لە ٦٣ ٪ لە دیمشق و سەبارەت بەشارەکانی وولاتی عێراق ڕێژەی زەوی نیشتەجێ بوون بەرز دەبێتەوە بۆ زیاتر لە ٦٠٪ لە کۆی ڕووبەری ئاوەدانی شار بەتایبەتی لەشارە گەورەکاندا نموونە لەشاری

بەغداد دەگاتە ٧،٦٢٪ و لەشاری موصلّ بریتیەلە ٦٢٪ بەلاّم لەشارە بچوکەکان ڕێژەکە بەرز تردەبێتەوە بۆ نمونە لە شاری خانە قین ٧٦٪ و شاری بەدرە ٧٥٪ و شاری ڕانیە ٦٥٪ .

خاسیەتەکانی بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتە جێ بوون

١- پیشەی نیشتە جێ بوون جیاوازە لە هەریەك لە پیشەکانی بازرگانی و پیشەسازی جیاوازیەکەش ئەوەیە ڕووبەرێکی فراوانتر لەشاردا داگیر دەکات ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە مەرج نیە لەگەلّ فراوانبوونی ڕووبەری شارو ژمارەی دانیشتوان ڕێژەی ڕووبەری نیشتەجێ بوون لەکۆی ڕووبەری بەکارهێنانەکانی تری زەوی لەشاردا زیاد بکات دوای لێکۆڵینەوە کردن لەسەر ١٦ شاری ئەمریکا ژمارەی دانیشتوانیان ٣٠٠٠٠٠ کەس کەمترە زەوی نیشتە جێ بوون ڕێژەکەی دەگاتە ٨٠٪ لەکۆی ڕووبەری بەکارهێنراوی زەوی شار بەلاّم لەو شارانەی ڕووبەرو قەبارەی دانیشتوانیان گەورەترە نیشتە جێ بوون ڕێژەی ٤٠٪ لە ڕووبەری بەکارهێنراوی شار پێك دەهێناوە.

٢- یەکێك لەخاسیەتەکانی تری نیشتەجبوون ئەوەیە کە هەرچەندە ڕووبەرێکی بەرفراوان لەڕووبەری شار پێك دەهێنێت بەلاّم لە پێشبڕکێ کردن لەگەلّ هەریەك لە پیشەکانی پیشەسازی و بازرگانی دا تاڕادەیەك لاوازە .

هەروەها فراوانبوون و گەشەکردنی پیشەی نیشتەجێ بون هۆکارێکی سەرەکیە بۆ گەشەکردن و فراوانبونی جۆرەکانی تری بەکارهێنانی زەوی لەشاردا بەتایبەت بازرگانی و پیشەسازی .

٣- هەرچەندە پیشەی نیشتە جێ بون لەسەر حسابی زەویە کشتوو کاڵیەکان فراوان دەبێت ، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا هەندێك جار چەند ڕووبەرێك لە زەویەکەی خۆی لە دەست دەدات ودەچێتە سەر پیشەکانی تر یان بەکار هێنانەکانی تری زەوی لەشاردا

ئەمەش بەهۆی بەرزونزمی زەوی یان تێکەڵا بوونی هەندێك ناوچەی نیشتە جێ بوون لەگەڵ بیناو باڵەخانە بازرگانیەکان کە بۆ نیشتە جێ بوون شیاو نەماوون.

٤- شوێنی بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتە جێ بون بەسەر بە شەجیاجیاکانی شاردا دابەش دەبێت.

شێوازەکانی بەکارهێنانی زەوی نیشتە جێ بوون لە ناوخۆی شاردا جوگرافی ناسان و زانایانی بواری کۆمەڵایەتی و پلان دانەران و ئابووری ناسان گرنگی بەشێوازەکانی بەکارهێنانی زەوی بۆنیشتەجێ بوون دەدەن لەشاردا لەم چوارچێوەیەدا لێکۆڵینەوەکان بەتایبەت ڕۆژئاواییەکان ناوچەکانی نیشتەجێبونیان دابەشکردوە بۆ چەند شێوازێکی دیاریکراو بەگوێرەی سروشتی بەکارهێنانەکان وجۆرەکەی لە ڕوانگە ی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە. جوگرافی ناسان و ئەوانی تر لەشارەکانی ڕۆژئاوا گرنگیان داوە بەسروشتی بەکارهێنانی خانوو و ژمارەی خێزانەکان وەك لەیەك خانوودا ئەو لێکۆڵینەوەی لەسەر ١٦ شاری ئەمریکا کردوویەتی کە ژمارەی دانیشتوانیان ٣٠٠ هەزارکەس بووە ڕێژەیان ٨٠٪ لەکۆی ڕووبەری بەکارهێنراوی زەوی شاری پێك هێناوە ڕێژەی دابەشبوونی دەستەکانی خانووەکانی نیشتەجێ بوون بەم شێوەیە دیاریکراوە .

- یەك یەکەی نیشتە جێ بوون بۆ یەك خێزان ٤،٧١٪ ڕووبەری تەرخانکراو بۆ نیشتە جێ بوون پێك دەهێنێت .
- یەکەی نیشتە جێ بوونی دووخێزانی ٢٨،٣ ٢٪ ی ڕووبەری نیشتەجێ بوون پێك دەهێنێت .
- بیناو باڵەخانەکانی نیشتەجێ بوون بۆ چەند خێزانێك لە دوو زیاتر بن ٢.٢٣٪ لەکۆی ڕووبەری نیشتە جێ بوون پێك دەهێنێت.

CS CamScanner

## دووەم: بەکارهێنانی زەوی بۆ گواستنەوە:

گواستنەوە یەکێکە لە بوارە گرنگەکانی جوگرافیای شار شان بەشانی جوگرافیا هەریەك لەزانستەکانی تری وەك پلاندانان و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی گرنگی تایبەت بەگواستنەوە دەدەن هەروەها گواستنەوە و گەیاندن یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی دەبێتە هۆی زیادبوونی رایەڵەکانی پەیوەندیکردن و تێکەڵاوبوون لەنێوان شوێنە جیاوازەکانی سەرزەوی ئەکرێت بڵێین زۆر لەلێکۆڵینەوەو توێژینەوەکان گرنگیان بەگواستنەوەو گەیاندن داوە بە تایبەت توێژینەوە ئەمریکیەکان. جوگرافیای گواستنەوە وەك لقێکی سەربەخۆی بواری جوگرافیا دەردەکەوێت و بنەماو سیستەمی تایبەت بەخۆی هەیە ، لەهەمان کاتدا لێکۆڵینەوە و گرنگی دان بەگواستنەوە تەنها ناوخۆی شار ناگرێتەوە بەڵکو ئەو رێگایانەش دەگرێتەوە کە دەکەوێتە دەرەوەی چوار چێوەی سنووری شار ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر پەیوەندیەکانی هەندێك شار لەگەڵ هەندێك شاری تر و گەشەکردن و پێشکەوتنی رێگاکانی گواستنەوە و هاتووچۆکردن لەسەر ئاستی جیهان و هەرێمەکان و وولاتان لە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی گرنگی بە گواستنەوەی شار دەدەن گرنگیان بە دوو بوار داوە:

- واتەماشای گواستنەوە دەکرێت یەکێکە لەو خزمەتگوزاریانەی رووبەرێکی دیاریکراو لەشاردا پێك دەهێنێت و هۆکارێکی سەرەکی تێکەڵاو بوونی جۆرەکانی تری بەکارهێنانی زەویە لەشاردا.
- گواستنەوە چارەسەری کێشەکانی هاتووچۆکردن دەکات لەشاردا بەتایبەت کێشەی قەرەباڵغی و جەنجاڵی و هاتووچۆکردن وەك یەکێك لەو کێشانەی کە شارەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن.

لەگرنگترین ئەو شوێنانەی لەشاردا بۆ بواری خزمەتگوزاری گواستنەوە بەکاردێن بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

- ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبێل.
- شوێنی وەستانی ئۆتۆمۆبێلەکانی ناوخۆی و دەرەکی.
- هێڵەکان و وێستگەکانی هێڵی ئاسنی و ئەوانەی لەسەر ڕووی زەویین و ئەوانەی دەکەونە ژێر زەوی
- ئەو هێڵ و وێستگە جۆراوجۆرانەی لەسەر تاسەری شاردا بڵاو بوونەتەوە.
- فرزکەخانەکان و شەریکاتەکان و وەکالەتەکانی فرۆکەوانی.
- پردەکان.
- بەندەرە ڕووباریەکان و دەریاییەکان کە تایبەتن بە بواری گواستنەوەی ئەو خاڵانەی باسمان کردن بریتین لەو بوارانەی زەوی تایبەت لەشاردا پێك دەهێنن لەچوارچێوەی بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێ بوون.

سەبارەت بەو ڕووبەرەی بواری گواستنەوە لەشاردا داگیری دەکات لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەگۆڕێت بەگوێرەی زۆری ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی ڕووبەرەکەی بارسلیموس ئاماژە بەوەدەکات ئەو ڕووبەرەی بۆ گواستنەوە تەرخانکراوە لەشاردا ڕێژەی ٣٣٪ ی لە کۆی ڕووبەری ئاوەدانی بەکارهێنراو پێك دەهێنێت بەلاّم ڕێژەی ١٨٪ ی لەکۆی گشتی ڕووبەری گشتی شار پێك دەهێنێت ،لەکاتێکدا (منفل) ئاماژەبەوە دەکات ئەو ڕووبەرەی کە گواستنەوە لەشاردا داگیری دەکات لە نێوان ( ٢١٪- ٢٣٪) لەکۆی گشتی ڕووبەری شار ،بەلاّم ئەو ڕووبەرەی کە گواستنەوە لەشارەکانی عێراقدا پێکی دەهێنێت لە شاری خانەقین ١٣٪ لە بەغداد ١٦٪ وە بەگشتی لە نێوان ١٥٪ - ٢٠٪ دایە وەك پێشتر ئاماژەمان پێ کرد ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ گواستنەوە بە گوێرەی قەبارەی دانیشتوانی شارەکە دەگۆڕێت بۆ نموونە لەو شارانەی ژمارەی دانیشتوانیان ١٠٠٠٠٠ کەسە گواستنەوە ڕێژەی ٢،٢١٪ پێك دەهێنێت بەلاّم لەو شارانەی

ژمارەی دانیشتوانیان ٢٥٠٠٠٠ کەسە گواستنەوە ڕێژەی ٢،٢٣٪ پێك دەهێنێت بێگومان لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکان و هۆکارە جیاوازەکانی گواستنەوەی شار ڕووبەرێکی زیاتر دەخرێتە سەر بەکار هێنانی زەوی بۆ بواری گواستنەوە ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر زۆربوونی ڕووبەری گواستنەوەو هاتووچۆکردن لەشاردا.

سەبارەت بە شێوازەکانی شەقام و ڕێگاکانی ناو خۆی شار دابەش دەبێ بۆ چەند جۆرێکی سەرەکی :

- شێوازی چوارگۆشەیی
- سیستەمی بازنەیی
- سیستەمی تیشکی
- سیستەمی لاکێشەیی

## سێیەم: بەکارهێنانی زەوی بۆ بازرگانی

شار هەرچەندە ڕووبەرەکەی بچووك بێت پیشەی بازرگانی تێدایە وبێ بەش نیە لەپیشەی بازرگانی، بێگومان پیشەی بازرگانیش هاوشێوەی پیشەکانی تر لەشاردا ڕووبەرێکی تایبەت بەخۆی لە سنووری شار داگیردەکات کە جیاوازە لە بەکارهێنانەکانی تری زەوی لەشاردا.

گرنگترین خاسیەتەکانی پیشەی بازرگانی بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

- لەگرنگترین ئەو خاسیەتانەی پیشەی بازرگانی پێی جیادەکرێتەوە بریتیە لە بچووکی ڕووبەرەکەی بەلام ئەم پیشەیە تەنها خزمەتگوزاری پێشکەش بە دانیشتوانی شارەکە

ناکات، بەڵکو خزمەتگوزاری پێشکەشی دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری شار و هەرێمەکانی شارەکە دەکات .

- ڕووبەری ناوچەی بازرگانی زیاد دەکات لەگەڵ زیاد بوونی پەیوەندیە بازرگانیەکانی شارەکە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری و لەگەڵ گەورەبوونی قەبارەو ڕووبەری شارەکە هەتا ئەوەی زۆرجار پەیوەندیە بازرگانیەکانی شارێك دەگاتە ئاستی جیهانی لەڕێگەی بەندەرەکان و ڕێگا نێودەوڵەتیە جۆراو جۆرەکان .
- یەکێك لە خاسیەتەکانی ترکە پیشەی بازرگانی جیای دەکاتەوە لە پیشەکانی تر بریتیە لەوەی پیشەی بازرگانی ناوجەرگەی شار (دڵی شار ) داگیر دەکات.
- نرخی زەوی و کرێی ئەو ناوچانەی پیشەی بازرگانی داگیری دەکات بەرزە.
- پیشەی بازرگانی هەمیشە لە کێبڕکێ کردن دایە لەگەڵ پیشەکانی تری شار بەتایبەت لەگەڵ بەکار هێنانی زەوی بۆنیشتە جێ بوون چونکە زۆر جار ئەو ناوچانەی نیشتە جێ بوونی شار نزیکن لە ناوچەی بازرگانی یان دەکەونە دەوروبەری ناوچەی بازرگانی بەهۆی گەورەبوون و فراوانبوونی ناوچەی بازرگانیەوە دەبنە بەشێك لەناوچەی بازرگانی .
- جگە لەوەی شوێنی جوگرافی ئەم پیشەیە زیاتر سەنتەری شارە بەلاّم لەهەمان کاتدا بە درێژایی ڕێگا و شەقامە سەرەکیەکان و لاوەکیەکانی ناو شار درێژدەبێتەوە .

سەبارەت بەو ڕووبەرەی پیشەی بازرگانی لەشاردا پێکی دەهێنێت هاو شێوەی بەکارهێنانەکانی تر لەشاردا ڕووبەرێکی تایبەت بەخۆی هەیە جیای دەکاتەوە لە بەکار هێنانەکانی تر ئەو ڕووبەرەی کە بازرگانی لەشاردا پێکی دەهێنێت بریتیە لەڕێژەی ٥٪ لەکۆی ڕووبەری بەکارهێنراوی شار، بەلاّم بارسلیموس ئاماژە بەوە دەکات بازرگانی ڕێژەی ٣.٣٢٪ لەکۆی ڕووبەری بەکارهێنراوی شار داگیردەکات وەڕێژەی ٨٥،١٪ لە کۆی گشتی ڕووبەری شار پێك دەهێنێت . بەلاّم وەك پێشتر

زیاد دەکات لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی بازرگانی رووبەری پێی دا ئاماژەمان دانیشتوانیان ژمارەی شارانەی لەو بۆنموونە رووبەرەکەی فراوانبوونی شارو دانیشتوانی بۆ دەکات زیاد ڕێژەیە ئەو بەڵام ٤،١٪ لە بریتیە بازرگانی رووبەری کەسە ١٠٠٠٠٠ کەسە. بەڵام سەبارەت ٢٥٠٠٠٠ دانیشتوانیان ژمارەی کە شارانەی لەو ٤،٢٪ زیاتر لە بریتیە بازرگانی بۆ زەوی بەکارهێنانی ڕێژەی کوردستان هەرێمی بەشارەکانی ٢٪.

شێوازەکانی بەکارهێنانی زەوی بۆ بازرگانی چەندجۆرێك دەگرێتەوە کە ئەمانەن :

- ناوچەی بازرگانی سەنتەری ئەو ناوچەیە یە دەکەوێتە دڵی شارەوە ( سەنتەری شارەوە).
- ناوچەی بازرگانی لاوەکی ئەو ناوچەیەیە دەکەوێتە چوار دەوری ناوچەی سەنتەری شار .
- ڕێگای بازرگانیە سەرەکیەکان ئەو ناوچە بازرگانیانەن دەکەونە سەر ڕێگا سەرەکیەکانی شار .
- ئەو شەقامە بازرگانیانەی دەکەونە ناو گەڕەکە کانی شار .
- کۆمەڵگە دابڕاوەکانی هەڵگرتنی کەلوپەل لەگەڵ ئەو ناوچانەی چەند کۆگایەکی هەڵگرتنی کە لوپەل لە خۆدەگرن و دەکەونە ناوچەکانی لێواری شارو گەڕەکەکانی شارەوە.

بەڵام ( رایمۆند مورف ) ئەو ڕێژەیە داناوە بۆ بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی بازرگانی لە شارەکاندا ٥٪ کۆی رووبەری زەوی شارەکانە .

مۆرلی بەم شێوەیەش بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی بازرگانی دابەش دەکات :

- ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی (C.B.D.)
- ناوچەی بازرگانی دەرەوەی شار (ئاسایی)
- ناوچەی بازرگانی دەرەوەی شار (بەپێی پلان )
- ناوچەی بازرگانی کە دەکەونەسەر شەقامە ناوخۆییەکان
- کۆمەڵەی گەنجینەکان لەدەرەوەی شار
- ناوچەی بازرگانی هەرێمی (بەپێی پلان ) لەدەرەوەی شار
- ناوچەی بازرگانی کۆ لەسەر رێگای هێڵی شەمەندەفەر
- ناوچەی بازرگانی کۆ لەسەر رێگای هێڵی ئۆتومۆبیل
- واتا ئیفرسۆن گرنگی نەداوە بەو ناوچە بازرگانیانەی تر کە دابەش دەبن بەسەر بەشەکانی تری شارەکەدا تەنها ناوچەی بازرگانی سەرەکی لە شارەکاندا دیاری دەکات، جوگرافیناسێکی تر بەناوی (برید فوت ) لەپاش لێکۆڵینەوەی لە چەند شارێکی ورلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا گەیشتە ئەو ئەنجامەی بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی بازرگانی لە شارەکاندا بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێت
- ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی (C.B.D.)
- ناوچەی بازرگانی دووەم لەدەرەوەی شار
- ناوچەی بازرگانی لەسەر شەقامە سەرەکیەکان
- ناوچەی بازرگانی تێکەڵ بە ناوچەی نیشتەجێبوون
- گەنجینەکانی دەرەوەی شار

کەواتە جیاوازی هەیە لەنێوان جوگرافی ناسەکاندا سەبارەت بە پۆلێن کردنی بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی بازرگانی لەشارەکاندا ،بەلام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی زۆر دراوە بە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی ، لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دەخرێتە روو ئەویش ئەوەیە

ئایە چۆن ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی دیاری دەکرێت و چۆن سنووری جیادەکرێتەوە لەگەڵ بەکارهێنانەکانی تر .

ناوچەی بازرگانی سەنتەری بەپشت بەستن بە دوو ڕێگا دیاری دەکرێت:

یەکەم: ڕێگا سادەکان:

- لەڕێگەی دیاریکردنی قەبارەی کڕین و فرۆشتنی کەل و پەلەکان بەجۆرێك کە کەمترین بڕی بریتیە لە ٥٠٠٠٠٠ دۆلار ساڵانە .
- لە ڕێگای ڕووخساری گشتی شارەوە وەك ناوچەی سەنتەری شار لەڕووی جۆری بیناو باڵەخانەکان و بەرزی بیناکان و ئەو چالاکیانەی لەڕووی کڕین و فرۆشتن لەو بیناو باڵەخانانەدا ئەنجام دەدریت ئەم ناوچەیە هەمیشە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە نرخی زەوی و کرێی بەکرێ گرتن تیایدا بەرزە.

لەبەر ئەوەی ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی دەکەوێتە ناوجەرگەیی شارەوە واتا ئەو شوێنەی بەرزترین نرخی زەوی هەیە وە بەچڕترین شێوە بەکاردەهێنرێت ، لەبەر هۆکاری بەرزی نرخی زەویەکەیەتی باڵەخانەی گەورەی تادا دروست دەبێت لەبەر ئەوەیە هەندێك جار دەتوانین هەر بەچاو ئەو شوێنەی کەلە شارەکاندا زۆرترین باڵەخانەی تیادابوو بە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی دابنرێت .بەڵام لە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی داهەندێ شوێنی وەك گەراجی ئۆتۆمۆبیل دەکەونە ئەم ناوچەیەوەو لەهەمان کاتیشدا زەوی تەختن وەیان مەرج نیە تەنها لە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی دا باڵەخانەی چەند نهۆمی هەبێت بەڵکو لە ناوچەی نیشتەجێبوونیشدا لە لێواری شاریشدا باڵەخانەی چەند نهۆمی بەرچاو دەکەون .

دیاریکردنی ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی بەپێی چڕی دانیشتوان :

ئەم ڕێگایە پشت دەبەستێت بە دابەشبوونی دانیشتوان لە شارەکاندا وەك دەزانین ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی چڕی دانیشتوانی زۆرکەمە بەپێچەوانەوە لە ناوچەکانی تری شار

چڕی دانیشتوان زۆرە یان لەکاتی سەرژمێریدا بۆ ماوەی ڕۆژێك یان زیاتر قەدەغەی هاتووچۆ دەکرێت ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی دانیشتوانی تیادا نابێت که لەم کاتانەدا سنووری ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی دەتوانرێت جیا بکرێتەوە ،بەلام لەگەلّ ئەوەشدا هەندێ ناوچەی تری وەك یاریگاکان یان ناوچەی پیشەسازی هتد..... کەئەمانیش چۆلّن لە دانیشتوان بەلام بە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی دانانرێن .

- دیاریکردنی ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی بەپێی چڕی هاتووچۆی دانیشتوان لەشەقامەکاندا :

ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی گەورەترین جولّەی دانیشتوانی تیادایە چ پیادە بن یان هۆیەکانی هاتوچۆبن دەتوانرێت پێوانەی چڕی هاتووچۆی دانیشتوان لەشەقامەکاندا بکرێت بەهۆی وەرگرتنی چەند خالّێکی دیاریکراو لە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی و چوار دەوری دا بۆ زانینی ژمارەی ئەو کەسانەی بە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەییدا دەڕۆن ر ئەوخالّانەی بەرزترین چڕیان هەبو وتا زۆترین چڕی دانیشتوانی تیدا بوو بە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی دادەنرێت .

کێشەی ئەم ڕێگایە لەوەدایە مەرج نیە هەرکەسێك بە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەییدا تێپەڕ بو بۆ مەبەستی بازرگانی سەردانی ئەو شوێنەی کردبێت هەروەها ئەم ڕێگایە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر لە کەسان هەیە بۆ ژمارە کردنی ئەو کەسانەی کەبە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەییدا تێپەڕدەبن واتا ڕێگایەکی ئاسان نیە لە جێبەجێکردندا .

- دیاریکردنی ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی بەپێی نرخی زەوی :

نرخی زەوی لە شارەکاندا جیاوازە ناوجەرگەی شار بەرزترین نرخی زەوی هەیە هەروەها هەتا لە ناوجەرگەی شارەوە بەرەو کەناری شار بڕۆین نرخی زەوی کەم دەبێتەوە لە فەرمانگە حکومیەکاندا دەولّەت بۆ هەموو بەشەکانی شار نرخی دیاری کراوی داناوە کە ناوچەی بازرگانی بەرزترین نرخی بۆ داناوە وە دەولّەت بە پێی جۆری بەکارهێنانەکان

نرخی زەوی دیاری دەکات کە دەتوانرێت لە فەرمانگەکانەوە سوود لەو زانیاریانە وەر بگیرێت بۆ دیاری کردنی سنووری ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی لەشاردا .ئەوەی لەم ڕێگایەدا دەبێتە کێشە ئەوەیە هەندێ جار لە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەییدا ناوچەی کۆن ودارووخاو هەیە کەهەرچەندە کەوتۆتە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەییە ، بەلام لەبەر کۆنی ناوچەکە نرخی زەوی تایدا نزمە کەئەمەش پێچەوانەی ئەو زانیاریانەیە کە لەوەوپێش باسمان کرد .وەیان هەندێ جار سەر شەقامە سەرەکیەکان لە ناوچەی بازرگانیشدا نین بەلام نرخی زەویان بەرزترە لەنرخی زەوی لە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی.

- دیاریکردنی ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی بەپێی جۆری بەکارهێنانی زەوی تیایاندا :

ئەم ڕێگایە پشت دەبەستێت بە کاری مەیدانی چونکە ئەگەر بمانەوێت ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی جیابکەینەوە پێویستە سەردانی شوێنەکە بکەین وبەپێی جۆری بەکارهێنانەکان سنووری ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی دیاری بکەین واتا تەنها ئەو شوێنانەی کە ئالوگۆڕی بازرگانی تیادا دەکرێت بە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی دابنرێت .

ئەوەی دەبێتە کێشە لەم ڕێگایەدا ئەوەیە لە ناو سنووری ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی دا بەکارهێنانی تری تێکەڵە وەك قوتابخانە یان مزگەوت یان کارگە ناتوانرێت ئەم جۆرە بەکارهێنانە بە بەکارهێنانی بازرگانی دابنێین .


وەك باسمانکرد لە ڕێگاکانی پێشوودا هەر ڕێگایەو کەموکوڕی خۆی هەبو لەبەرئەوە ڕێگای تر دانرا بۆ دیاریکردنی ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی ناسراون بەڕێگا ئاڵۆزەکان:

دووەم / ڕێگا ئاڵۆزەکان


ڕێگای فەرهەنگ : ئەم ڕێگایە لەلایەن (مۆرف و فینس ) دانراوە ئەم ڕێگایە پاش جێ بەجێ کردنی لەسەر جۆرەها شاری وولاتانی جیهان تاقی کراوەتەوە بە ڕێگایەکی

سەرکەوتو ناسراوە، هەرچەندە ئەم ڕێگایە پێویستی بە چەند کەسێك هەیە بۆ کاری مەیدانی وە پێداویستی جۆراوجۆریشی هەیە ئەوانش،ئەگەر ویستمان ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی لە شارێکدا دیاری بکەین بە ڕێگای فەرهەنگ دەتوانین بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە جێبەجێی بکەین

✓ نەخشەیەکی خەیاڵی بۆ ناوچەی بازرگانی دروست دەکرێت بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانرێت پشت ببەسترێت بەنەخشەیەکی کۆنی ناوچەی بازرگانی بۆ شاری مەبەست.




✓ پاشان ئەو ناوچەیەی دیاری کراوە( وەك ناوچەیەکی بازرگانی خەیاڵی) دابەش دەکرێ بەسەر چەند بلۆکێکدا وهەریەکە لەو بلۆکانە نەخشەیەکی بۆ دروست دەکرێت بەژمارە یان بە پیت جیا دەکرێنەوە لەیەکتری .




CamScanner

هەریەکە لەو بلۆکانە بەجیا وەردەگرین و هەریەکەیان نەخشەی تایبەتی بۆ دروست دەکرێت بەمەرجێك ڕەچاوی ئەوە بکرێت لەو بلۆکانەدا باڵەخانەی چەند نهۆمی هەیە کەواتا دەبێت بۆ نهۆمی یەکەم نەخشەیەك دروست بکرێت وە بۆ نهۆمی دووەم نەخشەیەکی تر دروستبکرێت وە بۆ نهۆمی سێهەم نەخشەیەکی تر دروست بکرێت بەو شێوەیە.





✓ پاش ئامادە بوونی هەموو نەخشەکان سەردانی ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی دەکرێت بۆ دیاریکردنی بەکارهێنانەکان لەسەر نەخشەکان بەم شێوەیە سەرەتا ئەو ناوچانەی کە بەکاهێنانی بازرگانیەهێمای (C) بۆ دادەنرێت وە ئەو ناوچانەی بەکاهێنانی بازرگانی نیە هێمای (X) بۆ دادەنرێت .




✓ پاش تەواوبوونی نەخشەی زەوی دێینە سەر نەخشەی نهۆمەکان بە هەمان شێوە لەنهۆمی یەکەمەوە دەست پێدەکەین ئەوانەی بەکارهێنانی بازرگانیەهێمای (C) بۆ دادەنرێت وە ئەوانەی بەکارهێنانی بازرگانی نیە هێمای (X) بۆ دادەنرێت.

دەتوانرێت ئەو سێ وێنەیەی لای سەرەوە یەکبخرێت لـە یـەك وێنـەدا بـەم شـێوەیەی لای خوارەوە:




پاش تەواو بوونی هەموو نەخشەکان ڕووبەری ئەو زەویانـە وەرئـەگرین بـۆ بـەکارهێنانی بازرگانیـە لـە ناوچـەیەکی دیاریکراو(ئەگـەر باڵەخانـە بـوو ئـەوا ڕووبـەری زەویەکـە لێکدەدرێت لە گەڵ ژمـارەی نهۆمـەکان ) بەرامبـەر بـە کـۆی ڕووبـەری زەوی ناوچـە دیاریکراوەکە لێکدەدرێت لـەگەڵ ژمارە (١٠٠) ئەو ڕێژەیەیی کە دەردەچـێت ئەگـەر لـە ٥٠٪و زیاتر بوو ئەوا بە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی دادەنرێت بەڵام ئەگەر لەو ڕێژەیە کەمتربوو ئەوا بە ناوچەی بازرگانی ناوجەرگەیی دانانرێت .

ڕێگای فەرهـەنگ بـۆ یەکـەم جـار بـەکارهاتووە بـۆ جیاکردنـەوەی ناوچـەی بازرگـانی ناوجەرگەیی لەسەر شاری (کاب ) لە باشووری ئەفریقا جێبەجێ کـراوە بـەڵام ڕێژەکـەی گۆڕاوە لە (٥٠) بۆ (٨٠) واتا ئەتوانرێت ئەو ڕێژەیـە بگۆڕێـت بـەڵام بەمـەرجێك کەلـە ٥٠٪ کەمتر نەبێت .

### چوارەم: بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەسازی

پیشەی پیشەسازی یەکێکە لەو پیشانەی پێویستە و گرنگە بۆ شار لـەو گۆشـەنیگایەوە زۆرێك لە توێژەران وای دەبینن پیشەسـازی یەکێکـە لـەو پیشـانەی بەشـداری دەکـات لەدامەزراندن و گەشەکردنی شاردا ئەم پیشەیە لەگوندا پیادە ناکرێـت بـەڵکو پیشـەیەکە تایبەتە بەشارو لەشاردا پیادە دەکرێت لەڕاستیدا شۆڕشی پیشە سـازی بـوو بـەهۆی زیـاد بوونی ژمارەی شارەکان و جەنجاڵی دانیشتوان لە شارەکان ودروست بوونی شاری گەورە بەتایبەت لە دوای سەدەی ١٩ شارەکان بەئاراستەی گەشەکردن هەنگاویان نا بەشـێوەیەك

ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەشارەکاندا بەرەوزیادبوون چوە بەتایبەت لەشارەکانی وولاتانی دواکەوتوو (تازە پێگەیشتوو) بێگومان دوای سەرهەڵدانی ئامێری هەڵم لەساڵی ١٧٦٥ وە بەکارهێنانی ئامێر لە جێگەی دەستی کار لەکارکردندا وە زیاد بوونی بەرهەم هێنان و گەشەکردنی چالاکیەبازرگانیەکان هەروەها ئەوگۆڕانکاریەی بەسەر پیشەسازی دا هات لە وەرشەیەکی بچووکەوە بۆ پیشەسازی قەبارە گەورە و زیادبونی کرێکارانی کەرتی پیشەسازی لەگەڵ دروستبونی سەندیکای کرێکاران هەموو ئەمانە پاڵنەری سەرەکی بون لەوەی پیشەسازی ڕووبەرو شوێنێکی بەرچاو لەشارەکاندا داگیربکات و لەشارەکاندا گرنگی تایبەتی پێی بدرێت لەهەمان کاتدا وەك بەشێك لە شادەماری ئابووری شارەکە هەژماربکرێت .بەم شێوەیە شۆڕشی پیشەسازی هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ گەشەی کردنی قەبارەی دانیشتوانی شارەکان و فراوانبوونی ڕووبەری شارەکان بەشێوەیەك شارەکان بونە ناوەندێك بۆ ڕاکێشانی گوندنشینەکان ئەمەش بوو بەسەرچاوەیەك بۆ دابین کردنی هێزی کار بۆ کارگەکان و دروستکردنی کارگەی گەورە لە شارەکان ئەگەر ئاماژەیەك بە شاری لەندەن بکەین ئەبینین لەسەرەتای سەدەی ١٩ ژمارەی دانیشتوانی ملیۆنێك کەس بووە بەلام لەسەرەتای سەدەی ٢٠ ژمارەی دانیشتوانی شاری لندەن گەیشتە ٧ ملیۆن کەس. سەبارەت بەو ڕووبەرەی پیشەی پیشە سازی لەشاردا پێکی دەهێنێت بریتیە لە ٦.٥ ٪ لە کۆی ڕووبەری بە کارهێنراوی زەوی لەشاردا بۆنموونە لە شارەکانی ئەمریکا ٦،٣٪ لەکۆی ڕووبەری بەکار هێنراوی زەوی لەشاردا پێك دە هێنێت ، پیشەی پیشە سازی هاوشێوەی پیشە کانی تر لەشاردا لە گەڵ زیاد بوونی ڕووبەری شاردا ڕووبەرەکەی زیاد دەکات وگۆڕانی بەسەردا دێت لە وشارانەی ژمارەی دانیشتوانیان ١٠هەزار کەسە ڕێژەی ٤.٧٪ لە کۆی گشتی ڕووبەری شار پێك دە هێنێت بەلام لەو شارانەی ژمارەی دانیشتوانیان ٢٥٠ هەزارکەسە بەرزدەبێتەوە بۆ ٤،٥٪ سەبارەت بە ڕێژەی ڕووبەری پیشەسازی لە شارەکانی وولاتانی عێراق بریتیە لە ٦.٥٪ لە شاری بەغداد وە لە ٠.٨٪ لە شاری نەجف.

## خاسیەتەکانی پیشەی پیشەسازی:

- ڕووبەرەکەی دەگۆڕێت لەگەڵ گۆڕان و گەورەبوونی ڕووبەری شاردا .
- پیشەی پیشەسازی تەنها خزمەتگوزاری پێشکەشی دانیشتوانی شارەکە ناکات بەڵکو پێشکەشی ناوچەکانی دەوروبەری شارەکەش دەکات زۆرجار جۆری پێشکەش کردنە کە دەبێتە پێشکە شکردنێکی جیهانی .
- پیشەی پیشەسازی بنەماو کۆڵەکەیەکی گرنگی ئابووری شار پێك دە هێنێت .
- یەکێك لە سیماکانی پیشەی پیشەسازی ئەوەیە پیشەسازی بە شێوەیەکی ئاڵۆز دابەش دەبێت لەشارەکاندا بەشێوەیەك کە زۆر جار هیچ ڕێکخستنێك لە شێوازەکانی دابەشبوونی ئەم پیشە یەدا بەدی ناکرێت بەتایبەت ئەگەر لەناوچەیەکی بەرفراوانی شاردا بڵاو ببێتەوە چونکە بڵاو بوونەوەی پیشەسازی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە شاردا دەبێتە هۆی بەیەکداچوونی ڕووبەرەکەی لەگەڵ ڕووبەری بەکار هێنانەکانی تری زەوی لەشاردا هەر وا ئاسان نیە جیایان بکەیتەوە.
- پێکهاتەی پیشەسازی لەشارەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان جیاوازە لە پێکهاتەی پیشەسازی وڵاتە دواکەوتووەکان بە تایبەت لە وڵاتانی باشووری خۆر هەلاتی ئاسیا.

## شوێنی پیشە سازیەکان لەشاردا :

سەبارەت بەشوێنی پیشە سازیەکان لەشاردا دەکەوێتە چەند ناوچەیەکی جیاواز بریتین لەمانەی خوارەوە:

- ناوچەی سەنتەری شار.
- ناوچەکانی دەوروبەری ناوچەی سەنتەری شار.
- ناوچەی سەر ڕێگا گشتیەکان.
- کەنارەکانی شار.

CamScanner

- ناوچەی سەنتەری شار لەو پیشەسازیانە لەخۆ دەگرێت کە پێویستیان بە دەستی کرێکاری شارەزا و وردەکاری هەیە وەك پیشەی درووماں و بەرهەمە پێستەکان و زێرەنگەری زۆر بەلاسالی دەتوانرێت بگەیەنرێتە بەکارهێنەر .
- ناوچەی چواردەوری سەنتەری شار لەو پیشەسازیانە لەخۆ دەگرێت کە لە شێوەی کارگەدان و رووبەرێکی فراوانتر داگیر دەکەن بەبەراورد لەگەڵ پیشەسازیەکانی ناوچەی سەنتەری شار لەویش پێویستی بەکرێکاری شارەزاو نەشارەزا هەیە وەك پیشەسازی مۆبلیات و پیشە سازیە گۆڕاو خۆراك و کیمیاویەکان.
- ناوچەی سەر ڕێگاو شەقامە گشتیەکان ئەو ناوچەیە ئەو پیشە سازیانە لە خۆ دەگرێت کە دەکەونە پشتەوەی ناوچەی شار یان دەوروبەری شار بەڵام پێویستمان بە رووبەرێکی کەمترە لەچاو ئەو ڕوبەرانەی کە پیشەسازیەکانی پێشوتر پێویستیان پێیەتی نموونە ئەوپیشەسازیانەش وەك پیشەسازیەکانی کەلو پەلەکارەبا ییەکان .
- ناوچەکانی لێوارەکانی شار لەو پیشەسازیانە لەخۆدەگرێت کە پێویستیان بە رووبەرێکی بەرفراوانە بۆ خەزنکردنی کە لو پەلەکان و دامەزراندنی کارگە وەك ئەو پیشەسازیانەی دوکەڵ و تەم و دەنگە دەنگیان زۆرە وەك پیشە سازیە قورسەکانی وەك نەوت و گازو کانزاکان و هتد...

## پێنجەم: بەکارهێنانی زەوی بۆ خۆش گوزەرانی

پیشەی خۆش گوزەرانیش یەکێکە لەو پیشە گرنگانەی هاو شێوەی پیشەکانی تر لەشاردا رووبەرێکی تایبەت بەخۆی داگیردەکات ئەم پیشەیە لایەنێکی گرنگ و جەوهەری لە ژیانی شاردا پێك دەهێنێت گرنگی لەم خزمەتگوزاریە لەگەڵ زیادبونی دانیشتوان و گەورەبوونی شاردا زیاددەکات بەتایبەت لەشارەگەورەکاندا ، چونکە لەگەڵ گەورەبونی شاردا فشاری زیاتر دەخرێتە سەر خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکانی شارنشینی بەتایبەت ئەو

ناوچە خۆش گوزەرانیانەی جۆرێك لـەئارامی و ئاسـودەیی دەبەخشـن بـە دانیشـتوانی شارەکە و ئەو ناوچە هێمن و ئارامانەی کە دوورن لە دەنگە دەنگ و جەنجاڵی و ئاڵۆزی.

مامۆستا (ڕایمۆندمۆرفی) ئاماژە بەوە دەکات جوگرافی ناسەکان گرنگی بەم جـۆرە پیشـەیە دەدەن و لـەپاڵ ئەمانیشدا زۆرێك لە کەسانی تر لە نووسینەکانیان دا باس لە پیشەی خۆش گوزەرانی دەکەن بە شێوەیەك  ناوچە ئاوویەکان و کـەناراوە کـانی دەریـاو دەریاچـەکان وەك سەنتەریك وان بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران تاکو کاتێکی خۆش و ئـارام لـەو ناوچـانەدا بەسەر بەرن بەلاّم جـوگرافی ناسـەکان لـە هـەموویان زیـاتر گرنگـی بـە پیشـەی خـۆش گوزەرانی دەدەن و پێیان وایە شارە گەورەکان بەگەورەترین ناوچەی کۆ بوونەوەی خـۆش گوزەرانی دادەنرێن.

دەربارەی چەمکی خۆش گوزەرانی بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە :

هەندێك پێیان وایە جەوهەری خۆش گوزەرانی بریتیە لە ئەنجام دانی ئـەو چـالاکیەی کـە ڕاستەوخۆ دەگەیتە بەدەست هێنانی خۆشی و چێژ وەرگـرتن لەگـەڵ هەسـت کـردن بـە ئاسودەیی تـەواو هەنـدێکی تـر دەڵـێن خـۆش گـوزەرانی بریتیـە لـە ئـەنجام دانـی چـەند چالاکیەکی جۆراوجۆر لە ژێرکاریگەری هۆکارە سروشتی و مرۆییـەکان  ئـەو چـالاکیانە مرۆڤ بەشێوەیەکی تاك یان بە کۆمەڵ لەکاتە بەتاڵ و بێ کاری دا پیادە یان دەکات بێگومان ئەنجام دانی ئەو چالاکیانەش کاریگەری و ڕەنگ دانەوەی کۆمەلأیەتی و ئـابووری لەسـەر تاك و کۆمەڵگـە دروسـت دەکـەن. پیشـەی خۆشـگوزەرانی لەشـاردا بەتایبـەت ناوچـە سەوزایەکانی شار گرنگی گەورەی هەیە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دووهۆکار:

یەکەم: ناوچەیەکن بۆ دابین کردنی خۆش گوزەرانی و کات بەسەر بردنی دانیشتوان لەو ناوچانەدا هەروەها هۆکارێکن بۆ پاککردنەوەی ژینگەی شار لە پیسبوون.

دووەم: ئەو ناوچانە بوار دەڕەخسێنن بۆ دۆزینەوەی هەلی کارکردن بۆ دانیشـتوانی شـارە بەتایبەت لەو شارە گەورانەی کە پیشەی خۆش گوزرانی ڕەگەزێکی گرنگە لە داهاتی تاك

وبنچینەی ئابوری شارە وەك بونی ناوچەی هاوینەهەواری گەشتیاری نموونە وەك بێخال و گەلی عەلی بەگ و جوندیان هتد.. سەبارەت بەو ڕووبەرەی پیشەی خۆش گوزرانی لە شاردا داگیری دەکات بریتیە لە ١٠٪ لە کۆی ڕووبەری بەکارهێنراوی شار (بارسلیمۆس) ئاماژە بەوە دەکات پیشەی خۆش گوزەرانی لە ئەمریکا ٤٪ زیاتر پێك ناهێنێت لە کۆی ڕووبەری گشتی شار وە لە ٧٪ لە کۆی ڕووبەری ئاوەدانی شار بەلام (منفول) پێی وایە ڕێژەکەی لە شارەکانی ئە مریکا دەگاتە ٥٪ هەروەها سەبارەت بە ڕێژەی پیشەی خۆش گوزەرانی لە شارەکانی عێراقدا بریتیە لە ٤٪ لە شاری بەغداد .

ئەگەر ئاماژەیەك بە بەراوورد کردنی بەش تاك لە ڕووبەری سەوزاییەکان بکەین لە نێوان شارەکانی وولاتانی جیهان ئەبینین کە ڕێژەی بەشی تاك لە ڕووبەری سەوزایی لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی تر جیاوازە : بۆنموونە لەشاری کابینرا لە استرالیا بەشی تاك لە ڕووبەری سەوزایی بریتیە لە ٧٠.٥ م٤ ، ٤٦ م٤ لە واشنتن ، ٣٠م٤ لە شاری لەندەن ، ٢٩م٤ لە ئەمستردام ، ٢٦م٤ لەشاری بەرلین ، ١٩ م٤ لە کۆبنهاگن ، ٤،٣م٤ لە شاری بەغداد ، ٥،١ م٤ لەشاری بەسرە ، ٢، ٥ م ٤ لە شاری کوەیت. بێگومان ڕووبەری سەوزایی لەشاردا جیاوازی هەیە ، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێی دا لەگەڵ گۆڕانی قەبارەی دانیشتوان و فراوانبوونی ڕووبەری شاردا ڕووبەری سەوزاییەکان دەگۆڕێت بۆنموونە لەو شارانەی ژمارەی دانیشتوانیان ١٠٠ هەزار کەسە ڕێژەی ڕووبەری سەوزایی دەگاتە ٩،٤٪ لە کۆی ڕووبەری گشتی شار بەلام لەو شارانەی ژمارەی دانیشتوانیان ٢٥٠ هەزارکەسە ڕێژەی دەگاتە ٣،٥٪ ، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی پیشەی خۆش گوزەرانی ئەوەیە ئەم پیشە یە بەلای پلان دانەرانەوە زۆر گرنگە بە شێوەیەك زۆر جار پێشنیار دەکەن پشتێنەیەکی سەوز بە هەر چوار دەوری شاردا دروست بکرێت کە دەناسرێت بە شاری باخچەکان هەروەك ئەوەی هوارد لە ساڵی ١٨٩٨ پێشنیاری کرد پشتێنەی سەوز بەدەوری شارەکان دا دروست بکرێت بۆ نموونە وەك پشتێنەی سەوزی دەوری شاری لەندەن و مۆسکۆ .

## خاسیەتە گشتیەکانی پیشەی خزمەتگوزاری:

- هەلی کارکردن بۆ دانیشتوانی شارە دەستە بەر دەکات بەتایبەتی لە شارەگەورەکاندا .
- بەشداری دەکات لە پاککردنەوەی ژینگەی شار لە و پیسبوونەی تووشی شارەکان دەبێت.
- دیمەنێکی جوان بە ڕووخساری گشتی شار دە بەخشێت.
- بەلای پلان دانەرانەوە گرنگیەکی تایبەتی هەیە.
- لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی ڕووبەری شاردا ڕووبەری پیشەی خۆش گوزەرانی زیاد دەکات، بۆنموونە لەو شارانەی ژمارەی دانیشتوانیان ١٠٠ هەزار کەسە ڕێژەی ٩،٤٪ لە کۆی ڕووبەری گشتی شار پێك دەهێنێت بەلام لەو شارانەی ژمارەی دانیشتوانیان ٢٥٠ هەزارکەسە ڕێژەکە دەگاتە ٣،٥٪
- شوێنی جوگرافیان لەشار بەشێوەیەکی بەربلاو بەسەر هەمو بەشەکانی شاردا وەك سەنتەری شارو لێوارەکانی شارو ناوچەکانی تری شاردا بلاّو بۆتەوە.
- ڕووبەری ناوچەی خۆش گوزەرانی لەشاردا لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەگۆڕێت و جیاوازە هەروەها بەشی تاکیش لە ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەی خۆش گوزەرانی لەشارێکەوە بۆشارێکی تر و لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی تر جیاوازە .

CS CamScanner

## جۆرەکانی پیشەی خۆش گوزەرانی لەشاردا:

سەبارەت بە جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەی خۆش گوزرانی لەشاردا دابەشکراوە بۆ دوو جۆر :

١- بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەی خۆش گوزەرانی لە ناوخۆی شاردا تێکەلاوبوە لەگەڵ هەموو جۆرەکانی تری بەکارهێنانەکانی زەوی لەشاردا .

٢- بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەی خۆش گوزەرانی دەکەوێتە دەرەوەی سنووری شارەوە کە لە پۆلێن کردنی دا پشت دەبەستێت بە پێوەرە سرووشتیەکان بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەکارهێنانی زەوی بۆ ئەو پیشە خۆش گوزەرانیانەی دەکەونە دەرەوەی شار دابەش دەبن بۆ ئەم شێوازانەی لای خوارەو:

- ناوچەکانی خۆش گوزەرانی چڕ.
- ناوچەکانی خۆش گوزەرانی گشتی.
- ناوچەکانی ژینگەی سروشتی .
- شوێنە مێژوویی و شارەستانیەکان.
- شوێنە سەرەتاییەکان .

# کەناری شار و بە لادێ بوونی شار

## ١- کەناری شار

- ✓ کەناری شارو سیفاتەکانی
- ✓ لایەنە باشەکانی کەناری شار
- ✓ لایەنە خراپەکانی کەناری شار
- ✓ دیاریکردنی کەناری شار

## ٢- بەلادێبونی شار

- ✓ بەلادێبونی شارو خاسیەتەکانی
- ✓ هۆکارەکانی بەلادێبونی شار
- ✓ دەرئەنجامەکانی بەلادێبونی شار
  - دەرئەنجامە خراپەکانی بەلادێبونی شار
  - دەرئەنجامە باشەکانی بەلادێبونی شار
- ✓ چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی بەلادێبونی شار
- ✓ شوێنی دیاردەی بەلادێبونی شار

CamScanner

## یەکەم: کەناری شار :

کەناری شار بە شێکی گرنگی شارەکانن بە ئاسانی ناتوانرێت سنوورێکی دیاریکراوی بۆ دابنرێت ،چونکە کەناری شار بەشێکی ناجێگیرن لە شارەکاندا ، واتا ئەو بەشەی چەند سالێك لەمەو بەر کەناری شاربون ئێستا کەناری شارنین و بونەتە بەشێکی گرنگ و سەرەکی شار .

### أ- سیفاتەکانی کەناری شار

کەناری شار کۆمەلێك سیفاتی جوگرافی و کۆمەلایەتیان هەیە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن .

- ✓ کەناری شار ئەکەونە پشت ئەوناوچانەی شارکە بە ئاوەدانکراوە ناسراون ، لەوناوچەیەدا بەکارهێنانی زەوی تیایاندا درێژ دەبێتەوە لەگەڵ رێگاکانی هاتوچۆو هێڵی شەمەندەفەردا .
- ✓ کەناری شار ئەوشوێنانەن پێشتر ناوچەی کشتوکاڵی بوون .
- ✓ کەناری شار جۆرێك لە نارێکی لە بەکارهێنانی زەوی تێدایە کەهەر بەشێکی جۆرێکە لە بەکارهێنانی زەوی تایبەت وەك بازرگانی و پیشەسازی و هتد.
- ✓ کەناری شار زۆر جار بێ بەشە لە خزمەتگوزاری گرنگی وەك ئاوی پاك ، ئاوەڕۆ ، کارەبا، رێگاوبان و شەقامی بەپلان، سەوزایی، خزمەتگوزاریەکانی پەروەردە، تەندروستی.
- ✓ کەناری شار ناوچەیەکی ناجێگیرە بەهۆی بەردەوامی فراوانبوونی ڕووبەری شارەکان.
- ✓ دانیشتوانی کەناری شار تێکەلاون لە دانیشتوانی شارولادێکان هەندێکیان شوێنی نیشتەجێبونیانە بەلام هەندێکی تریان بەبەردەوامی لەجولەدان لەنێوان کەناری شار و ناوجەرگەی شاردا یان لەنێوان کەناری شار و لادێکاندا .

## ب- لایەنە باشەکانی کەناری شار

✓ یەکەی نیشتەجێبوونی تاکی زۆرەو و خاوەنی ئەو یەکە نیشتەجێبوونانە ئـەو خێزانانـەن کە تیایدا نیشتەجێبوون

✓ بەرزی ژمارەی منداڵ و گەنج لە کەناری شار بە بەراورد لەگەڵ سەنتەری شار.

✓ لە کەناری شار چالاکی کشتوکاڵی پەیڕەو دەکرێت ،چونکە زەوی فراوانی هەیە .

✓ کەمی چڕی دانیشتوان لە کەناری شار بـە بـەراورد لەگـەڵ بەشـەکانی تـری شـار بەتایبەت سەنتەری شاردا.

✓ خێزانی نوێ لە کەناری شاردا ژمارەیان زیاترە وەك لەسەنتەری شار.

✓ ئەو باڵەخانانەی دەکەونە کەناری شارەوە نـوێترن وەك لـە باڵەخانـەکانی ناوجەرگـەی شار.

✓ کەناری شارەکان بەراوورد بەبەشـەکانی تـر شـار ژینگەیـەکی خـاوێنترن (بەمـەرجێ دووربن لەناوچەی پیشەسازییەوە ) وەك لە ناوجەرگەی شار .

✓ نزمی نرخی زەوی لە کەناری شار بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری شار .

## ث- لایەنە خراپەکانی کەناری شار

✓ هاتووچۆ لەنێوان شوێنی نیشتەجێبوون و شوێنی ئیش کردن و بازاڕەکاندا زۆرە .

✓ پابەندبون بە خونەریت ودابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان و دەمارگیری خێڵەکی وهۆزیەتی لەکەناری شار زیاترە بە بەراورد بە بەشەکانی تری شار ،چونکە زیاتر ئەو خێزانانـەی لە کەناری شاردا نیشتەجێ دەبێت بەزۆری لەلادێوە هاتون.

✓ نزمی ئاستی خوێندەواری لە کەناری شار بەراورد بە لەگەڵ بەشەکانی تری شار.

✓ بەرزی ڕێژەی ئەو زەویانەی بەکاردەهێنرێت بۆ پیشەسازی لە کەناری شاردا .

بەهۆی گۆڕانکاری بەردەوام لە بەکارهێنانی زەوی لەکەناری شار.

- ✓ ناجێگیری ڕواڵەتەکان لە کەناری شاردا ئەمەش بەهۆی گۆڕانکاری بەردەوام لە بەکارهێنانی زەوی لەکەناری شار.
- ✓ کەمی خزمەتگوزاری لە کەناری شاردا .
- ✓ نارێکی لە بەکارهێنانی زەوی لە کەناری شاردا .

### ث. دیاریکردنی کەناری شار .

وەك ئاماژەمان پێکرد بە ئاسانی ناتوانرێت سنوورێکی بۆ سنووری کەناری شار دیاری بکرێت بۆ ئەم مەبەستەش پشت دەبەستین بەو ڕێگایەی کە( برایر) داینەوە بۆ دیاریکردنی کەناری شار که پشت دەبەستێت بە سێ ڕەگەزی گرنگ :

١- ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی بۆ چالاکیەکانی شار .

٢- ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی بۆ چالاکیەکانی لادێ.

٣- دووری لە ناوجەرگەی شارەوە .

بەدوور کەوتنەوە لە ناوجەرگەی شارەوە بۆدەرەوەی شار ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی بۆچالاکیەکانی شاربەرەو کەم بونەوە دەچێت هەروەها لە کەناری شاردا ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی بۆ چالاکیەکانی لادێ بەرەو زیاد بوون دەچێت.

## دووەم : بەلادێبونی شار ( Rural cities):

بەرلەوەی باسی خاسیەتەکانی بەلادێبونی شار بکەین پێویستە ئاساندنێک بۆ بەلادێبونی شاربکەین. بەلادێبونی شار بریتیە لە باڵادەستی ڕووخسارەکانی ژیانی لادێ لە کۆمەڵگەکانی شارنشینی دا و تێکەڵاوبونی بەهاوداب ونەریتەکانی ژینگەی شارولادێیە بەڵام قورسە ئەم دووژینگەیە تێکەڵاوبن ،چونکە گوندنشینە کۆچکردووەکان هەوڵی پاراستن وپیادەکردنی دابونەریتەکانیان دەدەن لەشاردا بەلادێبونی شار بریتیە لە دیاردەیەکی کۆمەلایەتی لەئەنجامی کۆچی گوندنشینەکان بۆ شار دروست دەبێت

بەتایبەت لەو کاتەی گوندنشینەکان هەوڵی پیادەکردنی چالاکیەکانی لادێ دەدەن لە شاردا هەروەها گوندنشینەکان لەوناوچانەو خانوانەدا نیشتەجێ دەبن کە کەمترین مەرجی تەندروستی و ژیانیان تێدایە ئەم ناوچاونەش بە دواکەوتوترین بەشی شار دادەنرێن لە رووی (پیشە، جل وبەرگ ، هەڵسوکەوت ،زمان، جوڵانەوەی رۆژانەیان ودابونەریتیان ، جیاوازلە بەشەکانی تری شارنوسەری ئەڵمانی (ماکس فیبر ) ئاماژە بەوە دەکات بەلادێبوونی شار بریتیە لە سەرهەڵدانی ژیانی لادێ لە شاردا پێیوایە ئەم دیاردەیە لە شاردا گەشەدەکات بە زیادبونی کۆچی گوندنشینەکان بەرەو شارەکان هەر لەم چوارچێوەیەدا ( ابو لغد ) دەڵێت بە لادێبونی شار بریتیە لە کۆچی گوندنشینەکان بۆ شارەکان بە ئامانجی بە دەستهێنان و گەیشتن بە خزمەتگوزاری باشتری تەندروستی و پەروەردە و...هتد دواتر گوند نشینەکان هەڵدەستن بە پاراستنی دا ب ونەریتەکانیان و رەنگدانەوەیان لە شاردا لەناساندنێکی تردا بەلادێبوونی شار کێشەیەکە لەو کێشانەی لەژێرکاریگەری کۆچی گوندنشینەکان وبێ پلانی حکومەتە کە رووبەرووی شارەکان دەبێتەوە دەکرێت بڵێین بەلادێبونی شار ناساندنی جیاوازی بۆکراوە بەڵام بەگشتی پێیان رایە بەلادێبونی شار کێشەیەکە لەژێرکاریگەری کۆچی گوند نشینەکان رووبەرووی شارەکان بۆتەوە .

## أ- خاسیەتەکانی بەلادێبوونی بوونی شار

بەلادێبونی شار بە چەندخاسیەتێک دەناسرێت لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا باسیان دەکەین.

- ✓ پیادەکردنی چالاکیەکانی لادێ لەشاردا وەک دانانی ئامرازەکانی کشتوکاڵی لەبەردەم دەرگای ماڵەکانیان و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەروفرێدانی پاشەرۆی ئاژەڵەکانیان لەبەردەم یان نزیک لەماڵەکانیان.

## وێنەی ژمارە ( ١١ )

دانانی کەل و پەل و ئامرازە کشتوکاڵیەکان لەبەردەمە ماڵەکان



- ✓ ئەو دانیشتوانانەی لەگوندەکانەوە کۆچیان کردوە بۆشار هەڵدەستن بە گواستنەوەی هەڵسوکەوتەکانی لادێ بۆ ناوشار و پیادەکردنیان لە شار وەک هاوارکردن وبانگ کردنی یەکتریبە دەنگی بەرزوهاتنە دەرەوەیان بە پێخاوسی هەروەها سەرەانیکردنی دراوسێ لەکاتە ناوەختەکان وبێ ئاگادارکردنەوەی پێش وەختی یەکتری ئەمانە لەگوند ئاسایە بەهۆی بەهێزی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.
- ✓ لاوازی هەست و سۆزی گوند نشینەکان بۆ شار ئەمەش بەهۆی ئەو بەر یەک کەوتنە نەشیاوانەی گوند نشینەکان ڕۆژانە لەگەڵ دانیشتوانی شار بۆیان دروست دەبێت
- ✓ بەرزبونەوەی ڕێژەی تاوانەجۆراجۆرەکان لەشاردا.
- ✓ زیادبونی خانوی نارێک وبێ سەروبەرە لەڕووی دیزاین ورەنگ وکەرەستەوە بەتایبەت لەناوچەکانی لێواری شاربەهۆی فراوانبونی شارەوەگوندەکانی خستۆتە ناو سنوری شار.
- ✓ شارناتوانێت بەخێرایی ئەودانیشتوانەی لەگوندەکانەوەکۆچیان بۆکردوە بیان کاتە بەشێک لەخۆی وخاسیەتەکانی شاریان بەسەردابسەپێنێت.

- ✓ لاوازی لە جێ بەجێ کردنی یاساکانی کارگێری .
- ✓ ڕووخساری ئابوری وەک بەخێوکردنی ئاژەڵ وپەلەوەر لەچواردەوری شار.
- ✓ ڕوخساری کۆمەڵایەتی یەکێکی ترە لەخاسیەتەکانی بەلادێبون لە شارەکاندا ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە(ژنهێنان وشوکردنی پێش وەخت ، فرەژنی،کارکردن بە منداڵەکان لەسەر شەقام وناوبازاڕ، زیادبونی بێکاری،زیادبونی خەڵکانی نەشارەزا لەڕووی کارو پیشەوە،زیادبونی نەخوێندەواری )
- ✓ جێگیربونی گوندنشینەکان لەلێواری شار،چونکە دەرفەتی زیاتریان بۆدەڕەخسێت تا ئاژەڵ و پەلە وەرەکانیان بەخێوبکەن .
- ✓ بڵاوبونەوەی کارو پیشەی نایاسایی و نارسمی وەک فرۆشیارە گەڕۆکەکان و دەست گێڕەکان، فرۆشیارانی سەر شەقام وشۆستەکان ئەمەش بەهۆی نە بونی شارەزایی گوند نشینە کۆچکردەوەکان لە کارو پیشە پێشکەوتوەکان.
- ✓ پاشەکشەی گەشەی ئابوری،کۆمەڵایەت ،پەروەردە، ڕۆشنبیری و بەریەک کەوتنی بیروبۆچونەکانی دانیشتوانی لادێ وشار.
- ✓ هەژاری شارنشینی یەکێکی ترە لەو ڕووخسارە دیارانەی لەئەنجامی بەلادێبونەوە دروست دەبێت، چونکە قورسە بتوانرێت خزمەتگوزاریە بنچینەکان بۆناوچە هەژار نشینەکانی شاردابین بکرێت. وەک ئاو، کارەبا، پەروەردە، تەندروستی....هتد هەروها دەرکەوتنی هەڵسوکەوتی ناشارەستانی.
- ✓ باڵادەست بونی ڕووخسارەکانی لادێ لە هەندێ لەبەشەکانی شار.
- ✓ بلاوبونەوە وگەشەکردنی دەمارگیری هۆزوتیرەکان بەگرنگی دان بە پەیوەندی خوێنی وخزمایەتی وپیادەکردنی پاراستنی دا بونەریتەکانیان و هەست وسۆزیان بۆ عەشائیری.

## ب : هۆکارەکانی بەلادێبوونی شار

بێگومان دیاردەی بە لادێبونی شار بەبێ هۆکار نیە بەڵکو چەند هۆکارێکی لە پشتەوەیە کە بریتین لە مانەی لای خوارەوە:

- ✓ خێرایی زیاد بونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان،بەهۆی کۆچی گوند نشینەکان،

- ✓ فراوانبونی ڕوبەری شارەکان بەهۆی چەندین هۆکاری جیاواز وەک ( شوێنی جوگرافی ، سیاسی ، کارگێڕی ، دیمۆگرافی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، مێژوویی.
- ✓ سەرهەڵدانی دیاردەی بەدیلکردنی شارەستانی ئەویش لەژێرکاریگەری خێرایی فراوانبونی ڕووبەری شارەکان دروست دەبێت کاتێک شارەکان فراوان دەبن ژمارەیەک لەو گوندانەی کە کەوتونەتە چوار دەوری شار دەکەونە ناوچوارچێوەی سنوری شارەوە ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆدروستبونی دیاردەی بە لادێبوونی شار.
- ✓ کۆچی گوند نشینەکان بەرەو شارەکان لەژێرکاریگەری چەندین هۆکاری جیاواز و گردبونەومیان لەدەوری یەکتری هۆکارێکی ترە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی بە گوند بوونی شارەکان
- ✓ لاوازی حکومەت ولایەنە پەیوەندی دارەکان لە سزادان و لێپرسینەوەی لەو کەس و لایەنانەی کە خانووی نایاسای و شێواو دروست دەکەن کە دووورن لە پێوەرەکانی شارو شارستانیەت.
- ✓ نە بوونی پلانی پێش وەخت لەلایەن حکومەت و لایەنە پەیوەندی دارەکان بۆ ڕێگری کردن لەسەر هەڵدانی بەلادێبونی شار .

## ت- دەرئەنجامەکانی بە لادێبوونی شار:

### ١- دەرئەنجامە خراپەکانی بەلادێبوونی شار:

- ✓ شێواندنی ڕووخساری شار (مۆرفۆلۆجی شار)، چونکە گوندنشینەکان خانوەکانیان بەجۆرێک دروستکردوە شێواوی ونارێکی پێوە دیارە لەهەمانکاتدا لەبەردەم ماڵەکانیان لەسەر شەقامەکان جۆرەکەل و پەلێک یان ئاژەڵ دەبینرێت وبەخێودەکرێت سیمایەکی لادێیان بەو گەڕەک وبەشانە بەخشیوە .

✓ سەرهەڵدانی کێشەی کۆمەڵایەتی،چونکە کۆبونەوەی دانیشتوانی دووژینگەی جیاوازی وەک شار وگوند ،بێگومان هەندێک جار گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە وەک شەڕ ، دزی ، بەر یەک کەوتن.

✓ دروستبونی کێشەی ئابوری ،چونکە کاتێک گوند نشینەکان دێنە شار لەگوندەکانیش کێشە دروست دەبێت وەک چۆڵ بونی زەوی کشتوکاڵی،دانەچاندنیان بە بەروبومە جۆراوجۆرەکان،چۆڵ بونی گوندەکان.

✓ دروستبوونی کوچەوکۆڵانی پێچاوپێچ و تەنگەبەر و داخراو و هەڕەمەکی و لاواز لەڕووی پالان دانانەوە بەتایبەت ئەو گەڕەکانەی پێشتر گوندبون ئێستا بونەتە بەشێک لەشار یان بوونەتە گەڕەکێکی لەبەریەک هەڵوەشاو ئەمەش وای کردوە لەگەیاندن ودابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی ، پەروەردە ، ئەمن و ئاسایش و ڕێگاوبان گرفت بۆ ئیدارەی ناوچەکەو سەرجەم دامەو دەزگاکانی دەوڵەت دروست بکات . سادەترین نمونە لە کاتی ڕوودانی ئاگر کەوتنەوە یان باروودۆخێکی خراپی تەندروستی یان ڕوودانی تاوانێک هێزەکانی فریاگوزاری بە ئاسانی ناتوانن بگەنە نێو گەڕەکاکانەی شار) کە شەقام وکۆڵانەکانیان تەنگەبەروداخراو یان بەشێوازێکی بێپلان ودروستکراون.

✓ دروستبونی ناڕێکی و ناهاوسەنگی لە دابینکردن و دابەشبونی خزمەتگوزاریەکانی ئاو ، پەروەردە ، تەندروستی ، ڕێگاوبان و شەقام ، ناوچەی سەوزایی ، چونکە هەندێک گەڕەک لەئاستێکی باشدان،بەڵام هەندێک گەڕەکی ترلەدابینکردنی خزمەتگوزار یەکاندا پشتگوێ خراوە.


✓ دروستبونی ناڕێکی لە دابەشبونی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لە شاردا ، چونکە یەکێک یان دوو لە بەکارهێنانەکانی زەوی لە شاردا زۆرترین ڕووبەر داگیر دەکات بەکارهێنانەکانی ترکەمتر گرنگیان پێ دەدرێت ئەمەش گرفتیتر بەدوای خۆی دا دەهێنێت.

✓ خراپی ڕەوشی پەروەردە،تەندروستی،ڕۆشنبیری لەوگەڕەکانەی کە ڕویە ڕوی کۆچی گوندنشینەکان بونەتەوە

✓ دەرکەوتنی هەڵسوکەوتی ناشارەستانی ئەویش وەک گرتنی شەقامورێگاکان بەهۆی فرۆشیارە دەست گێروگەڕۆکەکان وهاوارکردنیان بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان.

وێنەی ژمارە (١٢)

گرتنی شەقامورێگاکان بەهۆی فرۆشیارە دەست گێروگەڕۆکەکان





لەهەمان کاتیشدا هۆکارە بۆسەرهەڵدانی چەندین کێشەی تری جۆراوجۆری وەک تەندروستی و پەروەردە، ،شێواندنی جوانسازی شار ،گرفتی پیسبوونی بینین لەشاردا.

بێگومان کێشەی بەلادێبون وئەو کێشانەی بەهۆی بەلادێبونەوە دروستبون پێویستە لە چوارچێوەی پلان داناندا چارەسەربکرێت.

## ٢-: دەرئەنجامە باشەکانی بەلادێبون

هەرچەندە جوگرافیەکان لەم گۆشەنیگایەوە تەماشای دیاردەی بەلادێبون دەکەن کە هەندێک جار تەنها دەرئەنجامی خراپی هەیە ،بەڵام دەکرێت چەند دەرئەنجامێکی باشیشی هەبێت کە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەیان خەینە ڕوو:

- ✓ ئەوناوچانەی لەشار ڕووبەڕووی بەلادێبون بونەتەوە بونەتە شوێنێک بۆ نیشتەجێبونی هەژاران وکەم دەرامەتەکان چونکە ناوچەی لێواری شارزیاتر گوندنشینەکان تێیدا نیشتە جێدەبن ئەمەش بەهۆی کەمی نرخی زەوی و کەمی کرێی یەکەکانی نیشتەجێ بوون و گونجاوی لێواری شار چونکە ناوچەیەکی کراوەیە و بەئاسانی دەتوانرێت چالاکیەکانی گوندی تێدا ئەنجام بدرێت.
- ✓ یەکێک لە سودەکانی تری ئەوەیە ئەو ناوچانەی لێواری شار هەرچەندە ڕووبەڕووی گرفتی بەلادێبون بوونەتەوە بەڵام دەرفەتیشی ڕەخساندوە گوند نشینەکان بەخێرایی دست بەرداری کاری کشتوکاڵی و ئامێرو پەلەوەرەکانیان نەبن و بتوانن تاچەند ساڵێک بەردەوام بن ئەمەش یارمەتیان دەدات لەڕووی بژێوی وئابوریەوە سودببینن تا ئەوکاتەی لە شار پیشەیەک دەستەبەردەکەن.
- ✓ چەند گوندێک بەهۆی فراوانبونی شار وکەوتونەتە ناو سنووری شار ئەمەش سودی ئەوەیە ئەم گوندانەی بونەتە بەشێک لەشارو هەوڵدراوە سیمایەکی شارستانی بەو ناوچەیە ببەخشرێت ئەمەش بەهۆی ئەوەی شارەوانی وئیدارەی ناوچەکە هەستا ون بە دروستکردنی ڕێگاویان وشەقام ،گەیاندنی ئاو، کارەبا ، خزمەتگوزاریەکانی

پەروەردە ، بنکەی تەندروستی،تاپۆکردنی خانوەکانیان، بەشێوەیەک حکومەت دەیەوێت بەرگێکی شارەستانی بە بەر ئەو ناوچانەدا بکات کە پێشتر گوند بوون و ئێستا بەشێکن لە شار.

✓ بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری و شارەستانی وگەشەکردنی سیماکانی شارەستانی و گۆرانی مۆرفۆلۆجی بیناوخانووەکان بۆ سیماکانی شارستانی لەو ناوچانەی شار کە پێشتر گوند بوون.

✓ گۆرانی پیشەی بەشێک لەدانیشتوانی ئەو گوندانەی بەهۆی فراوانبون شار کەوتونەتە ناو شار بۆ پیشەی ناکشتوکاڵی وەک بازرگانی،پیشەسازیە سوکەکان،دامەزراوە حکومیە کان.دەکرێت بڵێین بەلادێبون لەگەڵ ئەوەی کێشەیە لەشار بەڵام تارادەیەک سودیشی بۆ خەلکانی هەژارنشین و گوندنشینەکان هەبوە.

## ث : چۆنیەتی کۆنترۆلکردنی بەلادێبونی شار

دەکرێت لەچەندخاڵێکدا رێگا چارە بۆکەمکردنەوەی ئەم کێشەیە بخەینە روو:

✓ پابەندکردنی هاولاتیانی شار بەیاساورێساکانی دروستکردنی بیناو یەکەکانی نیشتەجێبون بە شێوەیەک ئەوگوند نشینانەی هاتونەتە شار پێویستە پابەندی یاساکانی شارو شارە ستانی بکرێن ئەمەش دەبێت لەلایەن شارەوانیەوە جێبەجێ بکرێت.

✓ رێگەنەدان بە بەخێوکردنی ئاژەڵ وڕەشە وولاخ و پەلەوەر لە ناو شار وە رێگریکردن لەبەرەلاکردنیان لەسەر رێگاویان وشەقامەکان هەروەها رێگەنەدان بە دانانی ئامێرە کشتوکاڵیەکان لەسەر شەقام وشۆستەکان.

✓ سزادانی ئەو کەسانەی سەر پێچی دەکەن و دەبنە هۆکاری دروستبونی بەلادێبون لە شار ئەویش لە رێگەی ئاگادارکردنەوەی پێش وەخت و دواتر بە دووبارەکردنەوەی کارەکە پێوویستە بە پێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

CS CamScanner

✓ ڕێکخستنی کۆچی گوندنشینەکان ،چونکە گوندنشینەکان لەکاتی خراپ بوونی ئابوریان بە شێوەیەکی ناسروشتی وخێرا کۆچ دەکەن بەڵام لە ڕاستیدا ڕێکخستنی کۆچی گوند نشینەکان بۆ شار کارێکی هەروا ئاسان نیە بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە لایەنە پەیوەندی دارەکانی ناوچەکە نەتوانن ئەمە بکەن.

✓ دانانی ماستەر پلانی شار.

## لەڕێگەی ئەم چەند خاڵە دەتوانرێت کۆچی گوند نشینەکان بۆ شارەکە کەم بکرێتەوە:

- هەوڵ دان بۆ دابین کردنی زەوی کشتوکاڵی وپێدانی سلفەی کشتوکاڵی .
- دابین کردنی ئامێری کێڵان و تۆوکردن ودروێنەکردن لەگەڵ پێدانی تۆو دەرمانی پێویست.
- دابینکردنی سەرچاوەی ئاوی پێوویست بۆ مەڕو ماڵات وڕەزو باغ و میوەجاتەکانیان.
- بەستنەوەی ئەو گوندانەی دابڕاون لەشار ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی ڕێگاویان لە نێوان شاروگوندە دابڕاوەکان، چونکە ڕێگاویانەکان یارمەتی ئاسانی ئەنجام دانی پەیوەند یەکانی گوندنشینەکان دەدەن لەگەڵ شار وگەیاندنی کاڵاکانیان بەنرخێکی گونجاو و کاتێکی کەمتر وبەشێوەیەکی سەلامەت بۆ بازاڕەکان
- ڕەخساندنی دەرفەت بۆ جوتیاران تا کاڵاکانیان لەلایەن حکومەت لی بکرِدرێت و جوتیاران دڵنیابن لەوەی کارو ڕەنج وماندوبونیان بە فیرۆ ناچێت ودڵنیابن لەوەی مانەوەیان لە گوند زامنی ئابوری و ژیانوگوزرانیان دەکات و نایەنەوێت بێنە شار ودەیانەوێت لەگوند بمێنێتەوە.
- دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی ، پەروەردە ،کارەبا ، ڕێگاویان ئاجوتیاران ناچارنەبن لە ژێر فشاری نەبونی خزمەتگوزاریەکان کۆچ بکەن بۆ شار .
- پێدانی ڕێنمایی کشتوکاڵی بەجوتیاران لەلایەن بنکە کشتوکاڵیەکانی ناوچەکە وەک ئاگادارکرنەوەیان لەکاتی کێڵانی زەویەکانیان،تۆ کردنیان، دروێنەکردنیان،

بەکارهێنـانی دەرمـان وئـاودێری بێگومـان ئەمەش لە ڕێگەی کـردنەوەی خـول و ئەوڕێگایانەی تر کە بنکە کشتوکاڵیەکان خۆیان بەشیاوی دەزانن.

- دانانی پلانی پێش وەخت بەتایبەت بۆ ئەو گوندانەی نزیکن لەشارو لەداهاتودا دەکەونە بەر هێرشی فراوانبونی شار ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی گوندەکان لە لەناوچون یان بۆ ڕێکخستنیان پێش ئەوەی ببنە مایەی کێشە بۆشار ئەویش بە دابین کردنی خزمەتگوزار یەکانی ( پەروەردە،تەندروستی، ڕێگاوبان ،ئاو ،کارەبا،ڕێکخستنی شێوازی خانوو بیناکان وکوچە وکۆڵان و شەقامەکان ...هتد.

## ج- شوێنی دیاردەی بەلادێبون لە شاردا

دیـاردەی بـەلادێبوون دەکەوێتـە چـەند بەشـێکی دیـاریکراو لـە شـاردا وەك ئاشکرایە بەلادێبوون شار دیاردەیە بەزۆری دەکەوێتە لێواری شار کە خەڵکی کەم دەرامەتی شار و گوندنشـینەکان ڕووی تـێ دەکـەن. چـونکە بـواری زیاتریـان دەبێـت بـۆ بـەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان و دانانی ئامێرەکانیان لـەبەر دەم ماڵەکەیان هەروەها ئـەم دیاردەیـە دەکەوێتـە نزیك سەنتەری شار چونکە ناوچەیەکی کۆنن لـەگەڵ دروستبوونی شارەکەدا دروسـتبوون. لـەگەڵ ئەو ناوچانەی کە بە شێوەی نایاسایی ولـە غیابی ئیجرائات نەکردنی حکومەت لـە بەشە جیاجیاکانی شار کە دا دروستبون .

# پیسبوونی بینین و هەرێمی شار

## ٣- پیسبونی بینین

- ✓ پیسبونی بینین وهۆکارەکانی سەرهەڵدانی
- ✓ دەرئەنجامە خراپەکانی پیسبونی بینین
- ✓ پێوانەکردنی پیسبونی بینین
- ✓ ڕێگاکانی کۆنترۆڵکردنی پیسبونی بینین

## ٤- هەرێمی شار

- ✓ هەرێمی شار و جۆرەکانی
- ✓ دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار
- ✓ شێوەکانی هەرێمی شار

## یەکەم: پیسبوونی بینین:

پیسبوونی بینین یەکێکە لە بابەتە گرنگ و هەستیارەکان ئەم بابەتە لەرۆژگاری ئەمڕۆدا گرنگی تایبەتی پێی دەدرێت بە شێوەیەك بۆتە جێگەی تێڕامانی زۆرێك لە پسپۆریە جیاوازەکانی وەك کۆمەڵناسی ئەندزیاری و دیمۆگرافیاو ژینگە ...و لەناویاندا جوگرافیاش وەك یەکێك لە زانستە کانی پەیوەندی دار بەم بوارە هەوڵی داوە گرنگە بەم بابەتە بدات و لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە بکات. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەبکەین سەنتەرە شارنشینیەکان بەتایبەتی شارە گەورەکانی جیهان لەناو ئەو شارە گەورانەش شارەکانی وڵاتانی دواکەوتوو یان تازە گەشەسەندوو زیاتر بوونەتە جێگەی سەرهەڵدانی دیاردەی پیسبوونی بینین بە شێوەیەك کە ئەم جۆرە پیسبوونە بۆتە مایەی سەرهەڵدانی چەندین گیروگرفتی جۆراوجۆر لە شارەکاندا کە دواجار کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستی دەروونی مرۆڤەکان جێ هێشتوە. سەبارەت بە ناساندنی چەمکی پیسبوونی بینین چەند پێناسەیەك و ناساندنێکی جیاوازی بۆکراوە والەخوارەوە هەندێك لەوناساندنانە ڕوون دەکەینەوە.

*پیسبوونی بینین بریتیە لە هەستنەکردنی مرۆڤەکان بە ئاسودەیی دەروونی هەروەها لە دەست دانی سۆزوئارەزووی پاراستنی ئەو ژینگەی دەوری مرۆڤەکانی داوە .لەناساندنێکی تردا پیسبوونی بینین هەموونەو شتانە دەگرێتەوە کە لەئەنجامی کارەکانی مرۆڤەکانەوە دروست کراون واتا مرۆڤ خۆی دروستی کردوون، کە بەتەماشاکردن و تێڕامانیان بارێ دۆخێکی ناسرووشتی و پەشێو و ئاڵۆز ی بۆدروست دەکات لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەی تری کەلە ناوچەکەدا هەن کە دواجار پیسبوونی ژینگەیی ئەو ناوچەی لێدەکەوێتەوە و سەرئەنجام کاریگەری خراپ دەکاتە سەر تەندروستی جەستەو دەرون ومێشك و چاوی مرۆڤەکان .لە ناساندنێکی تردا پیسبوونی بینین بریتیە لە شێواندنی هەموو ئەو ڕوخسارە جوانانەی کە مرۆڤەکان ڕاستە و خۆ لەگەڵ بینینیان و بەرچاوکەوتنیان هەست بەجۆرێك

لە نائارامی و بێزاری و دوورکەوتنەوە لەو ناوچەیە دەکەن دەکرێت بەشێوەیەکی تر وەسفی بکەین کە جۆرێکە لە جۆرەکانی لەدەست دانی حەزووئارەزووی هونەری هەروەها شاردنەوەی جوانیەکانە بۆ هەموویەو شتانەی کە دەوریان داوین هەر لە ڕێگاوبان و بیناو باڵەخانەکان وباخچە و دەریاچەکان د.مجید رضوان: دەڵێت پیسبوونی بینین بریتیە لە گشت ئەو ڕەگەزانەی ژینگە کە لەلایەن مرۆڤەکانەوە قبوڵ نین و ڕەفزن ومرۆڤەکان ئارەزوی لێ ناکەن هەروەها دەڵێت ئەم جۆرە پیسبوونە دیاردەیەکە گەشە دەکات بە هۆی کەمتەرخەمی و هەڵسووکەوت کردنی مررۆڤەکان بەبێ گوێ دانە بەرپرسیاریەتی بەتایبەتی لە وڵاتە دواکەوتوەکان دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ڕۆشنبیری و هۆشیاری ژینگەیی،هەنەستکردن بە گیانی بەرپرسیاریەتی. یسبوونی بینین ئەو هەستەیە کە لە ئەنجامی بینینی تونخە مادەی و نامادییەکانەوە لە ژینگەدا پەیدادەبێت، لەبەر ئەوە هەر شتێك ببێتە هۆی ماندووکردنی چاوو هەستی بینین و شێواندنی هەستی بینین و بێزاری مرۆڤ بە هۆی بینینەوە بریتیە لە پیسبوونی بینین . پیسبوونی بینین گوزارشتە لە گۆڕانێکی نەخوازراوو نەوویستراو بە شێوەیەك کە ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی تێکچوونی هاوسەنگی ژینگەیی لەهەمان کاتدا هەستکردنە بە نائارامی کاتێك کە سەیری شوێنێك دەکەین کەهەمو جوانیەکەی شێوینراوە بەجۆرێك ناگونجێت لەگەڵ ژینگەی سروشتی و ئاوهەواو بەها ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان و شارەستانیەکان وجوانیەکانی بیناسازی .

## أ- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پیسبوونی بینین

بێگومان دیاردەی پیسبوونی بینین لە شارەکانی جیهاندا بەبێ هۆکار نیە بەڵکو چەندین هۆکاری جۆراوجۆری لە پشتەوەیەکە بونەتەمایەی سەرهەڵدانی پیسبونی بینین وا لەخوارەوە گرنگترین هۆکارەکانی پیسبونی بینین دەخەینە ڕوو:

١- هۆکاری ئابووری: یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی پیسبوونی بینین ئەو پش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وولاتانەی لەڕووی داهاتوو داراییەوە لاوازو هەژاران و داهاتیان کەمە ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوبردنی ژینگە و پشت گوێ خستنی پاك و خاوێنی ژینگە داپۆشینی بیناکان بەو کەرەستانەی کە جۆرێك لە شێواندن و ئالۆزی بە ناوچەکەو بیناکان دەبەخشن بەتایبەت ڕووخساری پێشەوەی بینا و شەقامە گشتیەکان.لەهەمان کاتدا گەشەکردنی ئابوری و بواری تەکنەلۆجیاش بۆتە هۆی دروستبوونی چەندین بیناو کارگەی گەورەوزیادبوونی پاشماوەکان . هۆکاربوون لە دروستبوونی دیاردەی پیسبوونی بینین .

٢- هۆکاری ئاوەدانی و گەورەبوونی شارەکان: بێگومان فراوانبوونی ڕووپێووی سەنتەرە شارنشینیەکان بە شێوەیەکی هەرەمەکی (عشوائی) و بەبی پلان دەبێتە هۆی دروستبوونی کوچەو کۆلانی تەسك و داخراو پێچاوپێچ لە ناوشارەکاندا ئەمەش بەهۆی نزمی ئاستی نەخشە کێشان و پلان دانان و جوانکاری لەکاتی دیزاینکردندا، بێگومان ئەمەش سەرئەنجام سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی پیسبوونی بینین کە دەروون و مێشك و چاوی مرۆڤ بێزاردەکەن.

٣- هۆکاری پەیوەندی دار بەلایەن و کسێکی دیاریکراو یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی پیسبوونی بینین لەڕاستیدا هەندێك جار بڕیارەکانی حکوومەت خزمەتی کومەڵگە بەگشتی ناکەن بەڵکو بڕیارەکان بەتایبەت لە وولاتە دواکەوتوەکان تایبەتن بە دەستەیەك یان کەسێکی دیاریکراو لەچوارچێوەی حەزو ئارەزووەکانی کەسێك یان لایەنێك پرس و ڕاوێژبەکەسانی شارەزاو پسپۆڕ ناکەن و پشتگوێیان دەخەن بێگومان دواجار ئەمانە سەر دەکێشێت بۆ دروستبوونی دیاردەی پیسبوونی بینین.

٤- هۆکاری هۆشیاری بێگومان لاوازی و نزمی ئاستی و هۆشیاری ژینگەیی و لاوازی بواری زانستی لە بواری بیناسازی و پلان دانانی شارو هەڵبژاردنی شوێنی ئەنجام دانی چالاکیەکانی مرڤەکان و جوانکاری بیناسازی بێگومان ئەمانەهۆکاری دروست بوونی پیسبوونی بینین وەئەمانەش پێویستیان بە بواری پراکتیکی هەیە نەك تەنها تیۆری.

٥- هۆكاری ئیجرائات نەكردن: لاوازی حكومەت لەسزادانی سەرپێچیكەران و چاوپۆشین لەو كاروكردەوانەی كە دەبنە هۆی پیسبوونی بینین هۆكارێكە بۆ سەرهەڵدان و گەشە كردنی ئەو دیاردەیە.

٦- هۆكاری كارگێڕی:نەبوونی سیستەمێكی كارگێری و بەرێوە بردن و لاوازی یاساكان لە خراپ بەكارهێنانی بەشە جیاوازەكانی شار دەبێتە هۆی لەناوبردن و سڕینەوەی یان لاوازبوونی سیستەمی شارستانیەت لە شاردا و دواجار وێرانكردنی ناوچەكە لە ڕووی تەندروستی و بیناسسازی و بینینەوە.

٧- گەشەی دانیشتوان: بێگومان زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان بە تایبەتی و دانیشتوانی شارەكان بە گشتی یە كێكە لە هۆكارە گرنگە كانی سەرهەڵدانی دیاردەی پیسبونی بینین، چونكە جیهان لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە زور بەخێرای گەشەی كردوە بۆنموونە لە سالی ١٦٥٠ ژمارەی دانیشتوان ٢٥٠،٠٠ ملیار كەس بووە لە سالی ١٨٣٠ بۆتە ٥٠،٠٠ ملیار كەس وە لە ساڵی ١٩٣٠ بەرزدەبێتەوەبۆ ٢ملیار كەس دواتر لە سالی ١٩٧٥ دەگاتە ٤ ملیار كەس وەلەساڵی ٢٠١٠ بەرز دەبێتەوەبۆ ٨ ملیار كەس بێگومان ئەمە كاریگەری بەرچاوی هەبوە لەسەر گەورەبوونی شارەكان و بیناسازی و پیشەسازی و زیاد بەكارهێنانی دەرامەتە سروشتیەكان .... دواجار هۆكارێكی كاریگەری دەركەوتنی دیاردەی پیسبوونی بینین بورن.

٨- بلاو بوونەوەی خۆڵو خاشك لەسەر شۆستەو شەقامەكان هەورەها ئەو حاویانەی یان شوێنانەی كە لەسەر شەقام و كۆڵانە كان و ناو چە بازرگانیەكان زبڵ و خاشاكیان تێدا هەڵدەگیرێت دیمەنێكی نەشیاو دەبەخشن بە ناوچەكە.

CS CamScanner

## وێنەی ژمارە (١٣)

بلاو بوونەوەی خۆڵ و خاشك و دانانی کەرەستەکان لەسەر شۆستەو شەقامەکان





٩ -دروست کردنی تەلاری بەرز لەبەردەم دیمەنە سروشتیە جوانەکان.

١٠ -بەیەك داچوون و نەگونجانی ڕەنگەکان و تێکەڵاو کردنیان لە دوکان و باڵە خانەکان

وێنەی ژمارە (١٤)
بەیەك داچوون و نەگونجانی ڕەنگەکان



١١ -بەکارهێنانی هێمار کەرەستەی پرۆپاگەندە لە شوێنە گشتیەکان وەك نامە و لافیتەو پۆستەراتی پرۆپاگەندەکردن بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکانی وڵاتدا.

## وێنەی ژمارە (١٥)

## بەکارهێنانی هێماو کەرەستەی ڕیکلام و پروپاگەندەو بانگەشە لە شوێنە جیاجیاکان





١٢- درەو شاندنەوەی ڕووناکی لەسەر شوشەی باڵەخانەکان و تەنەکان و بەرزی ڕووناک کەرەوەکان وەك ڕووناك كەرەوەی ئۆتۆمبیلەكان یاخود درەو شاندنەوەی ڕووناکی بەگشتی لە هۆکارە سەرەکیەکانی پیسبوونی بینین.

١٣-پیسبوونی بینین بەهۆی فرۆشیارە گەڕۆکەکان کە بە عارەبانەکانیان لەسەر شەقام و کۆڵانەکان دێن و دەچن دیمەنێکی نەخوازراو لەسەر شەقام کۆڵانەکانە دروست دەکات.

وێنەی ژمارە ( ١٦ )

پیسبوونی بینین بەهۆی فرۆشیارە گەڕۆکەکان



١٤-هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی پیسبوونی بینین بریتیە لە بڵاوبوونەوەی کیبل و وەیارو تەلی کارەبایی بەشێوەیەکی نەشیاو.

CamScanner

## وێنەی ژمارە (١٧)

بڵاوبوونەوەی کیبڵ و وەیارو تەلی کارەبایی بەشێوەیەکی نەشیاو




CamScanner

١٥- دروستکردنی ناوچەی پیشە سازی لە نزیك یان لە ناو یەکەکانی نیشتە جێ بوون.

وێنەی ژمارە (١٨)

نەگونجانی ناوچەی نیشتە جێبون لەگەڵ ناوچەی پیشەسازی



١٦ -گرتنی شەقامەکان بە بەرستی کۆنکرێتی و یان بەربەستی خۆڵی .

وێنەی ژمارە (١٩)

پیسبونی بینین بە هۆی گرتنی شەقامەکان بە بەرستی کۆنکرێتی





١٧- شەڕوجەنگ یەکێکە لە هۆکارەکانی پیسبوونی بینین ،چونکە لە دوای تەواوبوونی شەڕ چەندین پاشماوەو کەرستەی جەنگی و خانوو بینای لەبەر یەك هەڵوەشاوەو خاپوور جێ دەهێڵرێت کە جۆرێك لە نائاسودەیی و شەڵەژانی دەروونی لای مرۆڤەکان دروست دەکات.

## وێنەی ژمارە (٢٠)

## شەڕوجەنگ وەك هۆکاری پیسبونی بینین





ب- دەرئەنجامە خراپەکانی پیسبوونی بینین

✓ پیسبوونی بینین دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە تەندروستی مرۆڤەکان و توانای بینینیان.

✓ جۆراوجۆری ڕەنگەکان دەبێتە هۆی ماندووکردنی چاو.

✓ درە و شانەوەدی ڕووناکی بەهێز بەتایبەت لەشەودا سەرچاوەی کۆمەڵێك نەخۆشیە بۆ مرۆڤەکان وەك کزبوونی چاو و توانای بینین وشەوکوێری وکەمبوونەوەی توانای جیاکردنەوەی شتەکان لەیەکتری وادەکات وێنەکان بەتێکەڵی و پەرشو بڵاوی ببینین بەتایبەت لەکەسانی بەتەمەن وبەساڵاچوان کاریگەری زۆرتری دەبێت هەروەها کەمبوونەوەی توانای جیاکردنەوەی ڕەنگەکان.

✓ ئەو بۆنە ناخۆشەی کە بەهۆی پاشە ڕۆو پاشماوە وخۆڵ و خاشاکی کارگەکان و ماڵانەوە دروست دەبێت چەندین کاریگەری خراپ لەڕووی تەندروستیەوە لەسەر بۆری هەناسە و سیەکانی مرۆڤ دروست دەکات ئەمەش دواجار کاریگەری خراپ لەسەر دەروون و ئاسودەیی مرۆڤ جێ بەجێ دەکات.

## ت- پێوانەکردنی پیسبوونی بینین


پێوانە کردنی پیسبوونی بینین دەرئەنجامی کاریگەری و فشارە دەرەکیەکانە بەشێوەیەك ئەم کاریگەریە لە ڕێگەی سەیرکردنی چاو ڕاستەوخۆ دەگاتە مێشکی مرۆڤ بەجۆرێك هەر دیمەنێك وکاروچالاکیەك ئەتوانرێت لە ڕێگەی چاو و سەیرکردنیەوە فۆرمێك لەهەست ودەروون و مێشکی مرۆڤەکانەوە دروستبکات ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی سەیرکردنی دیمەنە جوانەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاسوودەیی دەروونی چێژوەرگرتن لەلایەن مرۆڤەکانەوە بەلام بە پێچەوانەوە لەگەڵ بینینی دیمەنێکی نەخوازراو ناشیرین و قێزەون ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی تێکچوونی باری دەروونی و ئاسودەیی و هەست کردن بە خەفەت. لەڕاستیدا کێشەی پیسبوونی بینین بریتیە لەوەی ناتوانرێت پێوانە بکرێت وەك ئەوەی

گشت جۆرەکانی تری پیسبوون دەتوانرێن بە ئامێری تەکنەلۆجیەکان پێوانە بکرێن بەڵکو پێوانەکردنی پیسبوونی بینین تەنها لەرێگەی هەست و سۆزەوە پێوانەدەکرێت ئەویش ڕاستەخۆ دوای بینین و سەیرکردنی دیاردەکە ئەمەش بێگومان پەیوەندی هەیە بە پلە وئاستی ڕۆشنبیری بیناسازی و هونەری.....،بێگومان هەندێك پیسبوونی بینین لەسەر ئاستە جیاوازەکان زۆر باوە وەك پیسبوونی کوچەو کۆڵانەکان و بیناو یەکەکانی نیشتەجێ بورن و بەشە جیاجیاکانی شار وەك کەڵە کەبوونی پاشماوەکان لەسەر شەقامەکان کەڵە بوارە بەربلاوەکانی پیسبوونی بینینە هەروەها لەسەر ئاستی شارە گەورەکان باخچەو پارکەگشتیەکان بەشێوەیەکی یەکسان دابەش نەبوون هەروەها بوونی کارگە لەناوچەکانی یەکەی نیشتە جێ بوون بێگومان جەنجاڵی ڕێگاو شەقامەکان وەستانی سەیارە و پاسکیل و عارەبانەو ئاژەڵ لە ناوشەقام و سەرجادەکان ئاماژەیە بۆ پێوانەکردنی پیسبوونی بینین. لە توێژینەوەیەکدا ئاماژە بەوە کراوە ئەم ئامێرەی لای خوارەوە بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی پیسبونی بینین ئەویش لەجۆری پێوانەکردنی تیشکی زینۆنی لایتە بە هێزەکانی ئۆتۆمبێل لەیتە بەرزو بەهێزەکانی ئۆتۆمبێلەکانیش جۆرێکە لە پیسبونی بینین چونکە ئەو لایتە بەرزو بەهێزانەش لە ڕێگەی سەیرکردنەوە دەبنە هۆکاری بێزارکردنی هاولاتیان و شۆفێران هەندێك جار کارەساتی ورگەرانی لێ دەکەوێتەوە.

□

وێنەی ژمارە (٢١)

ئامێری پێوانەکردنی هێزی تیشکی لایتی ئۆتۆمبێل




## ث- ئەو رێگایانەی کە دەتوانرێت پیسبوونی بینینی پێ کۆنترۆڵ بکرێت

- ✓ توندکردنی چاودێریکردن لەلایەن شارەوانیەوە لەسەر مقاولەکان پێویستە پابەندی یاساکانی بیناسازی شارەستانی بن و بە گوێرەی ئەو پلانانەی کە بۆیان دادەنرێت کاربکەن نابێت مقاول یان خاوەن موڵك بە ئارەزووی خۆی جوانکاری و تجاوزبکان لەدەرەوەی یاساکانیشارەوانی چونکە دەبێتە هۆی شێواندنی مۆرفۆلۆجی شار و جۆرێك لە پیسبوونی بینین.
- ✓ بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری بیناسازی لەڕووی شێوەی بیناکان و ڕەنگی بیناکان و بەرزی و کەرەستەی بەکارهێنراو ..... بەشێوەیەك کە کاریگەری خراپی ژینگەی

دروست نەکات و کارێکی خراپ نەکاتە سەر شێواندنی هەست و دەروونی مرۆڤەکان کاتێك سەیری ئەو شێوازە بیناسازیە دەکەن.

✓ هەوڵدان بۆ گرتنە بەری شێوازێك لە بیناسازی کە پێشێلی ئارەزووی کەسی نەکات بەجۆرێك هەوڵ بدرێت هونەرەکانی یان بوارەکانی کومەلایەتی هونەری ئاینی لە دیاریکردنی چوارچێوەیەکی گشتی بیناسازیەکەدا ڕەچاوبکرێت وە کاریگەری خراپ نەکاتە سەر دراوسێکانی مافی دراوسێیەتی بپارێزرێت هەروەها پێویستە خەڵك پابەندی ئەو یاساو ڕێسایانە بێت کە حکومەت بۆ بواری بیناسازی دای دەنێت.

✓ سزادانی ئەو کەس و لایەن و دامەزراوانەی سەرپێچی دەکەن و هۆکارن بۆ پیسبوونی ژینگە و سەرهەڵدانی دیاردەی پیسبوونی بینین .

✓ بەکارهێنانی سیستەمی ڕیسایکلین تاکو ژینگە بپارێزین و ڕزگارمان بێت لەو پاشماوە جۆراوجۆرانەی کەدەبنە هۆی بێزاری و تێکچوونی دەروونی مرۆڤەکان ئەمەلەلایەك لەلایەکی تریشەوە جارێکی تر بتوانین سوود لەو پاشماوانە وەربگرین و دووبارە بودابین کردنی پێداویستیەکانمان بەکاریان بهێنین.

✓ لەڕێگەی ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرەکانەوە هەوڵ بدرێت بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی و خستنە ڕوو ئاشناکردنی خەڵك بە مەترسیەکانی پیسبوونی بینین لەسەر تەندروستی مرۆڤ و ئاسودەیی دەروونی مێشکی مرۆڤەکان.

✓ پەروەردەکردنی نەوەی نوێ لە ناوەندەکانی خوێندن بەشێوەیەك هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن لەبەرامبەر پاراستنی ژینگە و پاك و خاوێن ڕاگرتنی هەروەها هەوڵ بدرێت تێکەڵی سیستەمی خوێندن بکرێت.

✓ دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان فەرمانگە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی دار بەژینگە لە پێناوی پاراستنی ژینگەهەروەها هەوڵدان بۆ بەستنی کۆنفرانس لە ناوەندە بالاکانی خوێندن لەسەر بابەتی پاراستنی ژینگە .

## دووەم: هەرێمی شار:

لێکۆڵینەوەکانی هەرێمی شار لە چوارچێوەی جوگرافیای شاردا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە هەرێمی شار لەسەر بنەمای پەیوەندیەکان و تێکەڵاو بوون لەنێوان شار و ئەو ناوچانەی دەوری شارەکەیان داوە وەك : لادێ و شارو شاروچکەکان ( دادەمەزرێت ، بێگومان ئەو پەیوەندی تێکەڵاووبوونەش لەچەندین بواری جیاوازدا ڕەنگ دەداتەوە. هەموو شارێك قەبارەکەی هەر چەندێك بێت،چەندین پەیوەندی جۆراوجۆری ئالوو گۆڕ کردنی لەگەڵ ئەو ناوچانەی کە دەوریان داوە هەیە ، ئەو پەیوەندیە ئالوگۆڕکردنەی شار لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری دا ناو دەبرێت بە هەرێمی شار لەجیاتی زاراوەی هەرێمی شار چەند زاراوەیەکی تر بەکاردێت وەك (کێڵگەی شارنشینی) (پشتەوەی شار) ( نفوزی شار ).

چەمکی هەرێمی شارچەندین ناسانی جیاوازی بۆکراوە لە یەکێك لە پێناسەکاندا ئاماژە بەوەدەکرێت هەرێمی شار بریتیە لەو ناوچەیەی کەدەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی شارەوە، وڕووبەرەکەی بەگوێرەی ئەوکاریگەریەی شارەکە لەسەرناوچەکانی دەوروبەری دروستی دەکات دەگۆڕێت ،ئەویش بەپشت بەستن بەوخزمەتگوزاریە جۆراوجۆرانەی کەپێشکەشی ناوچەکانی چواردەوری دەکات، لەهەمان کاتدا کێبرکێی شارە لەگەڵ شارەکانی تر لەسەر کۆنترۆڵکردنی زۆرترین ڕووبەری ئەو ناوچەیە ئەمەش وەستاوە لەسەر ئەو مەودایەی چالاکیەکانی شاردەیگاتێ.

سەبارەت بەچەمکی هەرێمی شار د.عبداللە عطوی دەڵێت: هەرێمی شار بریتیە لە جۆرێکی تازەی هەرێمەکان کە زیاد کراوە بۆ هەرێمە جوگرافیەکان وە جیاوازە لە هەرێمەکانی بەرزی و نزمی و ئاووهەواوە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی هەرێمی شار، ناوچەیەکی ئالوگۆڕ و ناجێگیرە کە بەدرێژایی تێپەڕبوونی سەردەمەکان، هەرێمی شار لەژێر کاریگەری گەشەکردنی ڕێگاکانی گواستنەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە هەروەها ئاماژە بەوەدەکات شار بچوک بێت یان گەورە دەتوانێت خزمەتی ئەو گوندوناوچانە بکات

کەدەوریان داوە وبە پێچەوانەشەوە. لەلایەکی ترەوە چەمکی هەرێمی شار گوزارشتە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شار لەڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی ،کارگێڕی ، ڕۆشنبیری ،تەندروستی ، واتە هەرێمی شار بەرەو ناوچەکانی دەوروبەری درێژ دەبێتەوە ،بەشێوەیەک ئەم شارە لەڕووی کارو چالاکیەکانی و پیشەکانیەوە تێکەڵاودەبێت لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری، لەبەرئەمەیە جوگرافی ناسان وپلان داڕێژەرانی شار، هەوڵیان داوە لێکۆڵینەوەیەکی ووردو گشتگیر دەربارەی چەمکی هەرێمی شار و سنوور و بنەماکانی ڕناڕاستەکانی هەرێمی شار بکەن.لەم گۆشە نیگایانەوە. د.خەلیل ئیسماعیل ئاماژە بەوە دەکات کەلەپاڵ زاراوەی هەرێمی شار چەند زاراوەیەکی تر بەکار دێت وەک (هەرێمی بازرگانی شار، هەرێمی پیشەسازی شار،هەرێمی کارگێڕی)، بەگوێرەی جۆرو گرنگی ئەو خزمەتگوزاریانەی کەشار پێشکەشی هەرێمەکەی خۆی دەکات، دواجار چەندین پەیوەندی ئابووری‌وکۆمەڵایەتی لەنێوان دانیشتوانی شارەکەودانیشتوانی هەرێمەکەی دا دروست دەبێت ئەم پەیوەندیانە لە چوار چێوەی چەمکی هەرێمی شاردا گوزارشتیان لێ دەکرێت.

د.صبری فارس الهیتی دەڵێت: هەموو شارێک قەبارەکەی هەر چەندێک بێت چەندین پەیوەندی و تێکەڵاوبوون و ئاڵوگۆڕ کردنی هەیە لەگەڵ ئەو ناوچانەی دەوری شارەکەیان داوە، وە ئاماژە بەوە دەکات ڕووبەری ئەو هەرێمەی ناوچەکانی دەوروبەری لەخۆ گرتووە دەگۆڕێت بەگوێرەی قەبارەی شارەکە. لەناساندنێکی تردا چەمکی هەرێمی شار بەناوچەکانی پشتەوەی یان ئەودیوی شار دەناسرێت هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی کە هەرێمی شار پێویستیەکی زۆر گرنگە بۆ شار، چونکە شار ناتوانێت بەتەنهاو دوورە پەرێزو بێ پەیوەندی و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری بژی و بەردەوام بێت لەسەر گەشەکردن، هەر لەم پێناسەیەدا ئاماژە بەوە کراوە هەرێمی شار، شارێک یان زیاتر لەخۆ دەگرێت لەگەڵ ئەو گوندو زەویە کشتوکاڵیانەی وەک سفرەیەکی پڕ خۆراک وان لەدابینکردن و پێدانی خۆراک بۆ دانیشتوانەکەی چەمکی هەرێمی شاربەکاردێت بۆ گوزارشت کردن لەپەیوەندی ئاڵۆز و گرێ دراوی نێوان شار ولادێ و بەپلەی یەکەم پشت دەبەستێت بەدیاریکردنی چوارچێوەی زنجیرەیەک چالاکی لەیەکتری جیاواز کەشار

سەبارەت بە واتای چەمکی هەرێمی شار چەندین دەبەستێتەوە بەناوچەکانی دەوروبەری، زاراوەی تری بۆ بەکاردێت وەک ناوچەی سەر بەشار ( Catchment area) کە ئاماژەیە بۆ ڕێژەوێک کەدانیشتوان لەوناوچەیەوە دەڕۆن بەرەو خاڵێک یان ناوچەیەکی دیاریکراو، هەروەها زاراوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی (Sphere of In fluency) بۆ بەکاردێت کەگوزارشتە لەسیادەی شار بەسەر گوندەکانەوە، زاراوەی کێڵگەی شارنشینی(Urban filed ) بۆ بەکاردێت کەمەبەست لێی ئەو ناوچەیە کەشار دەسەڵاتەکانی خۆی تێدا پیادە دەکات ، وەزاراوەکانی پاڵپشتی شار ( Supporting area / Hinter land) یان بازاڕی شار (Market area) بۆ بەکاردێت . کامران وەلی ،ئاماژە بەوە دەکات هەرێمی شار بریتیە لە ڕووبەرێکی زەوی ئەم ڕوبەرە شارێکی گەورەو باڵادەستی لەخۆگرتوە کە ناسراوە بە شاری دایک ئەم شارە (هەژموونی ) دەسەڵاتی خۆی بە سەر سەرجەم سەنتەرە قەبارە بچوکەکانی نیشتەجێ بووندا سەپاندوە کە دەکەونە چوارچێوەی ئەو ڕووبەرە زەویەوە لەهەمان کاتدا هەندێک پێیان وایە هەرێمی شار گوزارشتە بۆ ئەو ناوچەیەیی دەکەوێتە پشتەوەی یان ئەوەبری ناوچەی وشکانی واتە ناوچەیەکە ئاوو وشکانی پێکەوە دەبەستێتەوە وەک کەناری ڕوبارو دەریاکان کەواتا هەرێمی شار بریتیە لەدرێژبوونەوەی ئەو سنورە جوگرافیەی شار پاڵپشت بەتورسایی پێگەوشوێنە جوگرافیەکەی وئەو وەزیفانەی هەیەتی دەتوانێت بۆخۆی دروستی بکات هەروەها هەرێمی شار لەگەڵ تێپەڕبونی کات گۆڕانکاری بەسەرەادێت.

## أ- جۆرەكانی هەرێمی شار

سەبارەت بە هەرێمی شار دەكرێت بە دووجۆرەوە كە بریتین لە مانەی لای خوارەوە:

یەكەم: ئەو هەرێمەی كـە ڕاستەوخۆ كەوتۆتـە چـوار دەوری شـارەكە ، بەشـێوەیەك (٨٠٪)ی دانیشـتوانی ناوچـەكانی دەوروبـەری شـارەكە بـۆ بەدەسـت هێنـانی كـەل و پەلـەكانیان و پڕكردنـەوەی پێداویسـتیەكانیان و خزمەتگوزاریـەكانیان ڕۆژانـە ڕوو لـە شارەكە دەكەن.

دووەم: سـەبارەت بـەجۆری دووەم لـە هەرێمی شار بریتیە لەو هەرێمەی كە دراوسـێی شارە كە نیە و ڕاسـتەوخۆ نەكەوتـۆتە چـواردەوری شـارەكە لەبـەر ئـەوە ژمارەیـەكی كەمتر لەدانیشتوان بەبەراووردكردن بەهەرێمی یەكەم بۆ بەدەست هێنانی داواكاریەكانیان وە پڕكردنەوەی پێداویستیەكانیان ڕوو لەشارەكە دەكەن كە ڕێژەیان دەگاتە ٢٠٪

بەڵام (دیكسۆن ) پێی وایە پەیوەندیە هەرێـمیە بازرگانیەكانی شـارێك لەچوار چێوەی هەرێمی شاردا بە سێ شێوە دەردەكەون بەجۆرێك ئـەم پـەیوەندیە هەرێمیـە بازرگانیە لە لێوارەكانی شارەكەوە دەست پـێ دەكـات بـەرەو ناوچـە كـانی دەرەوەی شارەكە:

چوارچێوەی یەكەم: ئـەو ناوچـەیە دەگرێتـەوە زۆر نزیكـە لـە شـارەوە بـەجۆرێك ڕاسـتەوخۆ بە سنووری شارەكەوە نووساوە. نـاو دەبرێـت بەناوچـەی گواسـتراوە لـە نێوان شارەكە و لادێ نزیكە كانی دەوروبەری .

چوارچێوەی دووەم : ئـەو ناوچـەیە دەگرێتـەوە بـە دووری ( ٢٥ - ٣٠) كـم لـە شارەكەوە دوورە وە ناوچەیەكە جووڵانـەوەكانی گواستنەوە و هاتووچـۆكردن تیایـدا زۆرترەوكۆگاكـانی هـەڵگرتنی كـەلو پـەلو كاڵاكـانی لـەخۆدەگرێت

چوارچێوەی سێیەم: ئەو ناوچەیە یان چوارچێوە یـە دەگرێتـەوە كـە زیـاتر لـە(٣٠) كـم

دووره لــه شارەکەوە ئەو ناوچەیە واناسراوە شارەکە لە ڕووی بازرگانیەوە هەڵدەستی بە کێ بڕکێ کردنی بازرگانی لەگەڵ ئەو شــارانەی کــە لــەڕووی قــەبارەی دانیشتوانەوە نزیکن لەخۆی.

## ب- دیاریکردنی سنووری هەرێمی شار

دیاریکردنی سنووری هەرێمی شار پێویستی بە ئامڕازی پێوانــەکردنی وورد هەیــە لــەزۆر ڕوانگــەوە هــەروەها چــەندین ڕێگاوشــێوازی بیرکــاری جیاجیــا لــە نێــوان توێــژەران دا بەکاردێت بۆ دیاریکردنی هەرێمی شار .

تــوێژەران لەنێوان خۆیــاندا بــیرو بۆچــونی جیاوازیــان هەیــە لەســەر ئــەو ڕێگــاو شێوازانەی بەکاردێن بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی شار ، بێگومان جیــاوازی بــیرو بۆ چوونی توێژەران لــەسەردیاریکردنی سنووری هەرێمی شار دەگەڕێتەوە بۆ :

* جیاوازی ئەو قۆناغانە ی شارەکە پێیدا تێپەڕ دەبێت.

* لەگەڵ جیاوازی ئاستی تەکنە لۆجیای شارەکان .

* پەیوەندی بەفراوانبوونی شارنشینیەوە هەیە .

* بەدەست هێنانی کەل وَ پە ل و خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان کە پەیوەنــدی بــە هێزی ئاستی گوزەران و ڕۆشنبیریەوە هەیــە .لــەکاتی لێکۆڵینــەوەکردن لــە هــەرێمی شار ودیاریکردنی سنووری هەرێمی شار توێژەران چەندین پرسیار دەکەن دەربارەی چەند بابەتێك بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

* ئەو مەودایە چەند درێژ دەبێتەوە کە خزمەتگوزاریەکانی شار تیایدا کۆتایی دێت.

• ئەو خزمەتگوزاریانەی کە شارەکە پێشکەشی ناوچەکانی دەوروبەری دەکات لە چ ئاست و پلەیەک دایە.

• ئەوشتانەی کە شار پێشکەشی ناوچەکانی دەوروبەری دەکات چین.

• تاچ ئاستێک شار بۆ دابین کردنی پێداوویستیەکانی خۆراك بۆ دانیشتوانەکەی پشت بە ناوچەکانی دەوروبەری دەبەستێت.لەڕاستیدا دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار کارێکی ئالۆزە و هەروا ئاسان نیە، هەربۆیە لە دیاریکردنی سنووری هەرێمی شاردا چەند پێوەرێك بەکار دەهێنرێت ، بێگومان ئەو پێوەرانەش بنیات دەنرێن لەسەر بنەمای ئەو پیشە بنچینەیانەی کە شارەکە یان پێ وەسف دەکرێت. وەك ئاشکرایە شار ناوەندێکی گرنگە بۆ کارکردن هەروەها خالێکە کە بەرهەمە کشتوکالی و ئاژەلداریەکانی گوندەکانی دەوروبەری تێدا کۆدەبێتەوە بەواتایەکی تر بازارێکە بۆ کۆبونەوەو ساغ کردنەوەی کالا جۆراوجۆرەکانی ناوچەکانی دەوروبەری شار،هەروەها شار ناوەند ێکە بۆ گەیاندنی کە لوپەلەکانی ناوچەکانی دەوروبەری و ناوەندێکە بۆ دابینکردنی خزمە تگوزاریەکانی پەروەردە و تەندروستی و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی وخۆش گوزەرانی هتد.. لەبەر ئەوە هەریەك لەو خزمەتگوزاریانە هەرێمێکی تایبەت هەیە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەبکەین کە دیاریکردنی سنووری هەرێمی شار بە پشت بەستن بەیەك پێوەر یان بەپشت بەستن بە چەند پێوەرێك دیاری دەکرێت ئەمەش دەگە ڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانینانەی توێژەران هە یانە یان پێویستیانە.

لەو ڕێگایانەی بەکار دێن لە دیاریکردنی سنووری هەرێمی شار بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

ڕێگای یەکەم: بە پشت بەستن بەم بوارانەی لای خوارەوە دیاری دەکرێت.

• دابەشکردنی کە ل وپەلەکان لەشێوەی کرین و فرۆشتنی بەتاك وە بە کۆمەل.

• دابەشکردنی ڕۆژنامەکانی ڕۆژانە.

• هێڵەکانی گواستنەوەوهاتووچۆکردن لە نێوان شارو هەرێمەکەی وەك ئامرازەکانی گواستنەوە لە شێوەی پاس و شەمەندەفەرو تاکسی، زۆر جار شەمەندەفەر وەك تاکە ئامراز بەکار دەهێنرێت لەدیاریکردنی سنووری هەرێمی شار بەوەی رۆژانە ئەو کە سانەی سوود لەم ئامرازە وەردەگرن بۆ گەیشتن بە شوێنی کارکردنیان و پاشان گەرانەوەیان بۆ شوێنی نیشتە جێ بوون لە نێوان شارەکەو هەرێمی شارەکە.

• دابەشکردنی تۆرەکانی ئاوو کارەبا.

• دابەشکردن و گەیاندنی خزمەتگوزاریەکانی وەك تەندروستی پەروەردە واتا ئەو خزمەتگوزاریانە دەگاتە کوێ و لە کوێدا کۆتاییان دێت . لەراستیدا بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی شار کەوتۆتە سەر توێژەران خۆیان چ رێگایەك بەکار دەهێنن بۆ بەدەست هێنانی ئەو زانیاریانەی کە خزمەتی زیاتری دەکات لە دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار بە شێوەیەك وردو راست و دروست بن.

دوو رێگا هەیە دەتوانرێت بەکار بهێنرێت لەبەدەست هێنانی زانیاری و داتاکاندا:

رێگای یەکەم: لێکۆڵینەوەی کێومالی دەتوانرێت راستەوخۆ زانیاریەکان بەدەست بهێنرێت ئەمەش لەرێگەی پرسیارکردنی راستەوخۆ لە دانیشتوانی ئەو(شارۆچکە و گوندانەی) دەوری شارەکەیان داوە بەشێوەیەك ، ئایە خزمەتگوزاریەکانی ئەو شارە دەگاتە ئێوە ؟ ئەو خزمەتگوزاریانەی کە دەگاتە ئێوە چین ؟ پەروەردەیین ، تەندروستین ، رۆشنبیرین کۆمەلایەتین ، یان خزمەتگوزاریەکان وەك ئاو و کارەبا و... ئەو خزمەتگوزاریانە لەچ ئاستێك دان ؟ پرسیارکردن دەربارەی کەل و پەلەکان و جۆری کەل و پەلەکانی ئەو شارەی دەگاتە ئێوە؟

رێگای دووەم: دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی داتاو زانیاریەکان دا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەویش لە رێگەی پرسیار کردن لە لێپرسراوانی بازارەکان یان لێپرسراوانی حانووتەکان و لێپرسراوانی فەرمانگە جۆراو جۆرەکانی دەولەت وەك

تەندروستی و پەروەردەو کارەبا و..... پرسیارەکان بە شێوەیەك ئایا کەل و پەلەکانی ئێوە لەچ شوێنێکەوە بۆتان دێت وەدەتوانن تا دووری چەند وە تا چەند شوێنێك بیان گوازنەوە و بیان گەیەنە دانیشتوانی ناوچەکانی دەورو بەری شار؟

ڕێگای سێیەم: بەکاردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی شار:

دەتوانرێت سنووری هەرێمی شار بەپشت بەستن و بە بەکارهێنانی ڕێگای سەرژمێری بیرکاری دیاری بکرێت زۆرێك لە توێژەران لەدیاریکردنی سنووری هەرێمی شاردا پشتی پێی دەبەستن لەو ڕێگایانەش بەکاردەهێنرێت بریتیە لە بیردۆزی خاڵی پچڕان ئامانج لەدیاریکردنی خاڵی پچڕان بریتیە لەوەی ئەو خاڵە شوێنی جیاکردنەوەی هەرێمی ئەو دوو شارەیە کە لە ڕووی قەبارەوە جیاوازیان هەیە.، واتا کاتێك ئێمە ئەو دوو خاڵەمان دیاریکرد زۆر بەئاسانی دەتوانین سنووری کۆتایی هاتنی هەرێمی شارێك دەست نیشان بکەین وە سنووری دەست پێکردنی هەرێمی شارەکە تریش دەست نیشان بکەین بە واتایەکی تر دیاریکردنی ئەو خاڵەی کە دەکەوێتە نێوان دووشارەکە بریتیە لە کۆتایی هاتنی سنووری هەرێمی شارێك و دەست پێی کردنی سنووری هەرێمی شارێکی تر.

بۆ نموونە: دووری نێوان دوو شارەکە ١٠٠ کم بێت.

ژمارەی دانیشتوانی شارە گەورەکە ٣٠٠٠٠ کەس بێت.

ژمارەی دانیشتوانی شارە بچووکەکە ١٠٠٠٠ کەس بێت

چۆن دەتوانین سنووری هەرێمی نێوان ئەم دوو شارە دیاری بکەین؟

## شێوەی ژمارە (٥)


## دیاریکردنی هەرێمی شار بە گوێرەی بیردۆزی خاڵی پچڕان دووری خاڵ

پچڕان لەشارە بچوکەکە = دووری نێوان دووشارەکە (کم) ÷ (ژمارەی دانیشتوانی شارە گەورەکە ÷ ژمارەی دانیشتوانی شارە بچوکەکە)

= (١٠٠) ÷ (٣٠٠٠٠ ÷ ١٠٠٠٠) = ١٠٠ ÷ ٢.٧٣ = ٣٦.٦ کم

خاڵی پچڕانی نێوان هەردووک شارەکە , بە واتایەکی تر

( خاڵی دەست پێکردنی هەرێمی شارە گەورەکە و خاڵی کۆتایی هاتنی هەرێمی شارە بچووکەکە )



## ن- شێوەکانی هەرێمی شار

سەبارەت بە شێوەکانی هەرێمی شار شێوەیەکی ڕێک و پێکی هەندەسی وەر ناگرێت ، هەروەك ئەوەی کە کریستالر پێی وایە هەرێمی شار چەندین شێوەی لەیەکتری جیاواز وەردەگرێت بەجۆرێك هەندێك جار شێوەی هەرێمەکە شێوەیەکی درێژ کۆلەیە بەدرێژایی درێـــژبونەوەی ڕوبـــار یان بە درێـــژایی ڕێگاکانی گواستنەوەی هاتوچۆکردن و هەندێك جار هەرێمی شار شێوەیەکی نزیك لە چوارگۆشە یان لاکێشە وەردەگرێت یان هێلکەیی وەردەگرێت یان شێوەیەکی بازنەیی وەردەگرێت بێگومان شێوەی هەرێمی شار دەگۆڕێت بە گوێرەی ئەم خالانەی لای خوارەوە:

بەرزوونزمی شارەکە.

ڕێگاکانی گواستنەوەو گەیاندن.

جیاوازی ئاستی بژێوی ژیان.

قەبارەی دانیشتوانی شارەکە.

ئەو ململانێیەی لە نێوان شارە گەورەکە و شارە بچوکەکە دا هەیە بە شێوەیەك زۆر جار شارە گەورەکە هەمو هەرێمی شارە بچوکە کە لەخۆ دەگرێت واتا هەرێمی شارە بچوکە کە دەکەوێتە ناو سنووری هەرێمی شارە گەورەکە نموونە وەك سلێمانی و هەولێرکە هەرێمی شاری ڕانیەو قەلادزێ لەخۆ دەگرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی تێکەلاو بوونی جۆرێك لە هەرێمی شارەکان لەگەل یەکتری.

ئەگەر ئاماژەیەك بە دیاریکردنی سنووری هەرێمی هەردووك شاری بۆستن و نیوۆرك بکەین دەبینین (هوارد جرین ) لە لێکۆلینەوەکەی دا کەپشتی بە( ٧) بنەما بەستوە تـوانیویەتی هەرێمی هەردوو شاری (بۆستن ونیۆرك) دەست نیشان بکات ئەو حەوت بنەمایەش کە بەکاریان هێناون ئەمانەی لای خوارەوەن:

* گواستنەوەی شەمەندەفەر.

*ئەو کەل و پەلانەی بە سیارە دەگوازرێنەوە بۆ ناوچەکانی دەوروبەر .

*دابەشکردنی ئەو دوو ڕۆژنامانەی لەو دوو شارەوە دەردەچن و دەگەنە دەرەوەی هەردووك شارەکەیەکان.

*ناونیشانەکانی بازرگانی بەتایبەت دامەزراوە پیشەسازیە سەرەکیەکان.

*ژمارەی ئەو هاولاَتیانەی مۆلەتی شۆفێری دەردەهێنن.

*پەیوەندیە تەلەفۆنیەکان بۆ دەرەوەی هەردووشارەکە.

بەلاَم لە ئێستادا پەیوەندی تەلەفویە تەلەفونیەکان و ڕۆژنامەکان لە دیاریکردنی سنوری هەرێمی شاردا بەکار ناهێنرێن چونکە پێوەرێکی لاوازن.

▯

▯

# ماستەرپلانی شارو فراوانبوونی شار

## ٣- ماستەرپلانی شار

- ✓ ماستەر پلانی شارو ئامانجەکانی
- ✓ خاسیەتەکانی ماستەر پلانی شار
- ✓ داواکاریەکانی ( پێداویستیەکانی) ماستەرپلانی شار

## ٤- فراوانبونی شار

- ✓ فراوانبونی شارو هۆکارەکانی
- ✓ زیانەکانی فراوانبونی شار
- ✓ ڕێگاکانی کەمکردنەوەی زیانەکانی فراوانبونی شار
- ✓ سودەکانی فراوانبونی شار
- ✓ شێوازەکانی فراوانبونی شار

CamScanner

## یەکەم: ماستەر پلانی شار

ماستەر پلانی شار بریتیە لەو چوارچێوە کارکردنەی کە تایبەتە بە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو هەروەها دانانی ماستەر پلانی شار گرنگی خۆی هەیە چونکە لەم چوار چێوەیەدا گرنگی دەدرێت بە گشت گۆڕانکاریە شوێنیەکانی شار و کۆمەڵگەکەی و هەرێمەکەی لەبەر ئەوە لە ماستەر پلانی شاردا ئەو دەخرێتە ڕووکە گەشەکردنی شار دەبێت بە شێوەیەك بێت هەموو گۆڕانکاریە کۆمەلایەتی و شارستانی و ئابووری و تەکنەلۆجیەکانی ئێستاو پێشبینی کراو لە ئایندەدا بگرێتە خۆی ماستەر پلانی شار بریتیە لە ڕێکخستنی فراوانبوونی شار و ڕووبەرو ڕێژەی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا وە دابەشبوونی شوێنی بەکارهێنانەکانی زەوی لەشاردا وەك ( نیشتەجێ بوون و گواستنەوە و پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاریە گشتیەکان) واتا ماستەر پلان هەیکەلی داهاتووی شار دیاری دەکات و دەنەخشێنێت لەگەڵ خستنە ڕووی گۆڕانکاریەکانی بەکارهێنانی زەوی لە ئایندەدا هەروەها دیاریکردنی ڕووبەری پێویست بۆ ٢٠ – ٢٥ ساڵی داهاتوو بۆ هەریەك لە جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لە شاردا وەك نیشتە جێ بوون و گواستنەوەو و پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری گشتی ....

ماستەرپلانی شار خۆی لەکۆمەڵێك نەخشەوراپۆرت دادەبینێتەوە کەلەلایەن دەستەی پلان دانەرانەوە ئامادە دەکرێت تایبەتن بەکاروبارەکانی شارلەگەڵ ئەو زانیاری و داتایانەی بەشێوەی ڕاپۆرت لەلایەن فەرمانگەجۆراوجۆرەکانی ناوچەکەو وە کەسانی پسپۆڕەوە پێشکەشی ئەو تیمە دەکرێت ماستەرپلانی شارەکە جێ بەجێ دەکەن. پلاندانانی شار بریتیە لە هەوڵدان بۆ هەڵبژاردنی باشترین شوێنی نموونەیی بۆ شارەکان وە دابەشبوونیان بە شێوازێکی دیاریکراو لەڕووی قەبارە و ژمارەیان بۆ نیشتە جێ بوونی گەڕەکەکان و هەرێمە کان ئەمەش لە پێناوی بەدەست هێنانی گشت ئەو خزمەتگوزاریانەی کە شار پێویستیەتی وە ئاسانی بەدەست هێنانی ئەو خزمەتگوزاریانە، بەبێ هیچ کێشەو گیرو گرفتێك.

## أ- ئامانج لە پلان دانانی شار

ماستەر پلانی شار چەند ئامانجێکی لەپشتەوەیە کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

- ✓ ڕێگە گرتن لە دروستبوونی کوچەو کۆلانی تەسك و پێچاوپێچ و داخـراو کـە دوورن لە بنەماو ڕێنماییەکانی پلاندانان.
- ✓ ڕێگەگرتن لە دروستبونی خانووی نیشتە جێبون کـە بـە زیـادەڕۆیی لەسـەر مـولکی دەوڵەت دروست کراون ئەمەش بەمەبەستی ڕێگەگرتن لـە دروستبونی ئەو خانووانـەی لەدەرەوەی ڕێنماییەکانی شارەوانی دروست دەبن.
- ✓ ڕاگرتنی هاوسەنگی گەورەبوونی شار لەهەموو لایەکانی شـارەوە واتـا هەوڵدانـە بـۆ فراوانکردنی شارو لەهەر چوار ئاڕاستەکەیەوە .
- ✓ جیاکردنەوەی ناوچە ی نیشتە جێبون لـە ناوچەی پیشەسازی ئەمـەش بـە گواسـتنەوەی ئەوناوچە پیشەسازیانەی کە دەنگە دەنگ و پیسبونی هەیە بـۆ دەرەوەی یـان لێـواری شـار ئەمـەش بـە ئامـانجی دوورخسـتنەوەی هـەموو ئـەو زەرەرو زیانانـەی بـەهۆی پاشەڕۆوپیسیەکانی پیشەسازیەوە تووشی دانیشتوان دەبن ئەمەش مەبەست لێی پاراستنی تەندروستی دانیشتوانی شارە.
- ✓ دابینکردنـــی خزمەتگوزاریـــە گشـــتیەکانی وەك کارەبـــا و ئـــاوو ســـەرجەم خزمەتگوزاریەکانی شار بۆ هەموو بەشەکانی شار بە شـێوەیەك کـە بگونجێـت لـەگـەڵ ژمارە و قورسایی دانیشتوانەکەی.
- ✓ بەستنەوەی شار بەهەموو ئەو ناوچانەی دەوری شارەکەیان داوە یان بەستنەوەی بەو ناوچانەی کە خزمە تگوزار یەکانی دەیانگاتێ .
- ✓ پلان دانان بـۆ دیـاریکردنی شـوێنی دامـەزراوە کارگێڕیـەکان و خزمەتگوزاریـەکانی پەروەردەی و خۆش گوزەرانی و خزمەتگوزاریەکانی ئارامی و ئاسایشی شار.

شارو هەرێمەکەی.

✓ باشتر کردن و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی دانیشتوانی شارو هەرێمەکەی.

✓ پاراستنی سەرچاوە سروشتیەکانی وەك کانزاکان و خاکی پەیتی کشتوکاڵی هتد......

✓ پاراستنی ڕووبەری ئەو زەویە کشتوکاڵیانەی چواردەوری شاریان داوە ئەمەش ئامانجێکی گرنگی ماستەرپلانە چونکە ئەو زەویە کشتوکاڵیانە شادەماری بەشێك لە ئابووری ناوچەکەو وولاتن.

✓ پاراستنی ئەو گوندانەی دەکەونە کەنارو چواردەوری شارەکە.

✓ دوبارە ڕێکخستنەوەی شارە لەوپەشێوی وکەموکورتیانەی شار لەماوەی قۆناغەکانی پێشودابە خۆیەوە بینیوە.

✓ دابین کردنو پڕکردنەوەی پێداوویستیەکان وئەوداواکاریانەی کەدانیشتوانی ناوچەکە لەداهاتودا پێوویستیانە.

## ب- پلان دانان لەشارێکەوە بۆشارێکی تر جیاوازە ئەمەش بە پشت بەستن بەم حاڵانەی لای خوارەوە:

- بارودۆخی مێژووی و هۆکارە سروشتیەکان و مرۆییەکان ڕۆڵیان هەیە و بەشداری دەکەن لە بنیات نان و دامەزراندنی شار پێش ئەوەی شارەکە بچێتە چوار چێوەی پلانی پەرەپێدان.

- ئەو پیشەی شار پشتی پێ دەبەستێت لەگەڵ گەشەکردن و پێشکەوتنی پیشەی شارەکە.

- پەیوەندی نێوان شارو باقی بەشە جیاوازەکانی ئاوەدانی لە هەرێمەکەدا واتا پەیوەندی شارەکە لەگەڵ ئەو ناوچانەی کە کاریگەریەکانی شار دەیگاتێ.
- جیاوازی ئاڕاستەی گەشەی دانیشتوانی شارەکان لەگەڵ لەیەکتری چونکە،هەندێك لەشارەکان زۆر بەخێرایی گەشەدەکەن وەك پایتەخت وسەنتەری پارێزگان .

## ن- خاسیەتەکانی ماستەر پلان:

✓ماستەر پلانی شار گشتگیرە.

✓ نەرمی نواندنی تێدایەواتا ئەتوانرێت بە ڕێژەی ١٠٪ - ٢٠٪ دەستکاری بکرێت.

✓ پێویستە تواناى لە خۆگرتنی کێشەکانی هەبێت و بتوانێت کێشەکان چارە بکات.

✓ پێویستە پشتگیری یاسایی بکرێت لەکاتی جێ بەجێ کردنی دا لە هەموو ئەو داواکاری و پێویستیانەی پلانەکە پێویستیەتی.

✓ پێویستە پشتگیری دارایی بکرێت.

✓ پێویستە ماستەرپلانەکە گرنگی شوێنەواروبیناوباڵەخانەتایبەتەکان لەبەرچاوبگرێت و بەهەندوەریان بگرێت.

✓ پێویستە ماستەر پلانەکە ئەو دەستەبەر بکات کە دانیشتوانی شارەکە پێویستیانە هەروەها بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو یان ناڕاستەوخۆ بەشداری بکەن لە پلان دانانەکەدا وە پێویستە بۆ چوونەکانیان بەهەند وەربگرێت هەروەها پێویستە پێش جێ بەجێ کردنی ماستەر پلانەکە ووردەکاریەکانی ئەو ماستەر پلانە بۆ خەڵکی ناوچەکە ڕوون بکرێتەوە.

✓ ماستەر پلان بۆماوەی ١٠-٢٥ ساڵی داهاتو دادەنرێت و پێشبینی قۆناغەکانی پێشکەوتنی ئایندەی هەر شارێك دەکات .

✓ پێویستەکانی ماستەر پلانەکە دیاری بکرێت واتا بۆ چەند ساڵی تر دەبێت، ١٠ ساڵ ١٥ ساڵ یان ٢٥ساڵ

✓ دەبێ ئەوەش بزانین ماستەر پلان دەبێ پێداچوونەوەی تیێدا بکرێت لەماوەی ٥ - ١٠ ساڵ جارێك واتە جێ بەجێ کردنی ماستەر پلان بەچەند قۆناغێکدا تێپەر دەبێت و ئەو پێداچوونەوەش تیایدا دەکرێت لەئەنجامی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆجیای خێراوەیە ئەمە جگە لەداواکاریە نوێیەکان وەك ئابووری و کۆمەلایەتی و دیمۆگرافی شارەکە.

✓ مەرج نیە ماستەر پلانی شارگشت ئامانجەکان و داوکاری و پێداویستیەکانی دانیشتوانی ئەو شارە لەئایندەدا بێ زیادو کەم بهێنێتەدی، چونکە ڕەنگە لەماوەی ئەو ٢٥ ساڵەدا شارەکە ڕوبەڕووی بارودۆخێکی خراپی سروشتی یان مرۆیی ببێتەوە کە چاوەڕوان نەکراو بوە لەو شارەدا ڕوبدات ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی بەشێك لە ئامانجەکانی پلانەکە یان هەرس هێنانی پلانەکە نموونە وەك ئەوەی لەساڵی ١٩٨٩ بەسەری شاری قەلادزێ هات وێرانکراولەگەڵ خاك یەکسانکرایان بارودۆخی ئێستای شاری کۆبانی .

## ث- داواکاریەکانی ( پێداویستیەکانی) ماستەرپلانی شار:

لەکاتی دانانی ماستەر پلانی شار چەندین پێداویستی هەیە پێویستە لەبەرچاوبگیرێت کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

✓ ژمارەی دانیشتوانی شارەکە وگشت ناوچەکانی دەوروبەری بەگوندو شارۆچکەکانیەوە هەروەها دیاریکردنی ئاراستەی گەشەی دانیشتوانی شارەکەو دەوروبەرەکەی.
✓ ژمارەی لەدایك بوون و مردنی شارو دەوروبەرەکەی.
✓ ژمارەی ئەوانەی کۆچیان کردوە بۆ شارەکەو ئەوانەی لە شارەکەوە کۆچیان کردوە بۆدەرەوەی شارەکە.
✓ گەشەی ئابوری شارو دەوروبەرەکەی واتا ئەم شارە داهاتی سالانەی چەندە وەئەم داهاتە لەچ بوارێکەوە بەدەستی دەهێنێت وە ئایە شاربەو داهاتەی بەدەستی دە هێنێت دەتوانێت خۆی ودەوروبەرەکەی بژێنێت و گەشە پێ بدات.
✓ دیاریکردنی بڕو جۆری دەرامەتە سروشتیەکانی ناوچەکە.
✓ دیاریکردنی توانای بەهێزی خاکەکەی ناوچەکە بۆ بواری بیناسازی چەند نهۆمی.
✓ شوێنێك بۆ جێ بەجێ کردنی پلانەکە لە ڕووی شوێنی جوگرافیەوە.
✓ نەخشەی بنەڕەتی شار بە شێوەیەك قۆناغە کانی مۆرفۆلۆجی شارەکەی تێدا دیاری کرابیت، بۆ ئەوەی خێرای فراوانبوونی شارەکەمان بۆ دەربکەوێت.
✓ بوونی ستافێکی شارەزاو پسپۆڕ.
✓ بوونی داتای پێویست هەروەها ڕاست و دروستی داتاو زانیاریەکان.
✓ بوونی هێزێکی یاسایی و کارگێڕی بۆ جێ بەجێ کردنی ماستەر پلانەکە.
✓ پاڵپشتێکی دارایی و مرۆیی کە بتوانێت ماستەر پلانەکەی پێی جێ بەجێ بکرێت.
✓ بوونی کاتێکی دیاریکراو بۆ دەست پێکردن و کۆتایی هێنان بە ماستەر پلانی شار.

## دووەم: فراوانبوونی شار:

فراوانبوونی ڕووبەری شار بەوە وەسف دەکرێت سروشتێکی داینامیکی هەیە و لەژێر کاریگەری چەندین هۆکاری وەك دیمۆغرافی و ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی

بەردەوام لە گۆڕانکاری دایە لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێت بڵێین فراوانبوونی شار بریتیە لە گۆڕانی ڕووبەری شار لە ماوەی نێوان دوو قۆناغی لەیەکتری جیاواز.هەروەها لە ناساندێکی تردا فراوانبوونی شار بریتیەلە کشان و درێژبونەوەی ڕووبەری شار بەچەند ئاراستەیەکی جیاواز بەرەو لێواری شارو زەویە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری لەناساندنێکی تردا فراوانبونی شار ئاماژەیە بۆ زیادکردنی ڕووبەرێك زەوی تازە بۆ سەر نەخشەی بنەڕەتی شارەکە بەمەبەستی پڕکردنەوەی پێداوویستی و داواکاریەکانی ئەو ژمارەی لە دانیشتوانەی کە لەشارەکەدا زیادیکردوە هەروەها فراوانبوونی شاربریتیە لە گۆڕانی مۆرفۆلۆجی شار .

## ٤- هۆکارەکانی فراوانبوونی شار:

### ١- : هۆکارە سروشتیەکان:

یەکەم: پێگەو شوێنی جوگرافی شار: کاریگەری هەیە لەسەر فراوانبوونی شار بەم شێوەیە:

*هەڵکەوتەی پێگەی شار لەسەر نارچەیەکی دەشتایی یان شاخاوی یان کەناری ڕووبارودەریاکان گومانی تێدانیە ناوچە دەشتاییەکان زیاتر بوار دەڕەخسێنن بۆ ئاسان فراوانبونی شارەکان و کەمکردنەوەی تێچونی فراوانبونەکە بە پێچەوانەوە کە پێگەی ناوچە شاخاویەکان و ڕووبارەیان زۆر جار دەبنە کۆسپ و بەربەست لەبەردەم فراوانبونی شارو یەکپارچەیی شار و زۆر بوونی تێچوونی ئابووری زیاتر.

* چەندە پێگەو شوێنی جوگرافی شار گرنگە بۆ شارو ناوچەکانی دەوروبەری واتا چەند گرنگە بۆ هەرێمی شارەکە.

* چەندە کاریگەری هەیە لە ڕاکێشانی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری.

*چەندە گرنگی هەیە لە ڕووی گەشەکردنی ئابووری شارەکەو ناوچەکانی دەوروبەری.

• تاچەند پێگەو شوێنی جوگرافی شارەکە یارمەتی فراوانبوونی شارەکەی داوە.
• تاچەند شوێنی شارەکە سەنتەریەتی هەیە یان گۆشەگیرو دابڕاوە.
• تاچەند شوێنە کە بۆتە یارمەتی دەری شارەکە بۆ دروستبوونی پەیوەندی بە هێز و جۆراوجۆر لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری و بە پێچەوانەوە.
•تا چەند شوێنی جوگرافی شارلەڕووی ئابووریەوە دەوڵەمەندە.

بێگومان هەموو ئەمانەی باسمانکردن لەسەر پێگەو شوێنی جوگرافی چەندە بەهێزبن ولایەنی پۆزەتیفی زیاتری هەبێت ئەوەندە یارمەتی فراوانبوون و گەشەکردنی شار دەدات.

## دووەم/ بەرزونزمی :

بەرزونزمی کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر دیاریکردنی ئاڕاستەکانی فراوانبونی شارو مۆرفۆلۆجیەکەی بەم شێوەی خوارەوە:

* تاچەند بەرزونزمی ناوچەکەیارمەتی فراوانبوونی شاری داوە، واتا تا چەند ئەو شاخ و دۆڵە قوڵ و تەنگەبەر و گردانەی دەوری شاریان داوە بونەتە ڕێگر لەبەردەم فراوانبونی شارو دیاریکردنی ئاڕاستەیەکی دیاریکراو بۆ فراوانبوونی شار.

* دەشتی ناوچەکە چەند یارمەتی ئاسانی فراوانبونی شاری داوە بە هەموو ئاڕاستەکانی دا یان بەوئاڕاستەی کە پێویستە شاری پێی فراوان بێت.

* بەرزونزمی کاریگەری دەکاتە سەر دیاریکردنی جۆری فراونبونی شارئایە ستونی بێت یان ئاسۆیی.

سێیەم: خاك و جیۆلۆجی

پەیوەندی بەهێز هەیە لـە نێوان فراوانبـونی شـاروخاك وجیۆلۆجیـای شـارو ناوچـەکانی دەوروبەری بەم جۆرەی خوارەوە:

* خاکی ناوچەکەچەند بە هێزە بـۆ بـواری بیناسـازی و ڕاگرتنـی قورسـای بینـاو تـاوەرە بەرزەکان یان خاکێکی فشۆڵ و بێ هێزەو بەرگەی قورسای ناگرێت و هەرەس دێنێت. بێگومان بوونی خاکی بەهێز یارمەتی دەرە بـۆ بـواری بیناسـازی بەپێچـەوانەوە خـاکی لاواز گرفتە لەبەر دەم بواری بیناسازی .

* چەند دوورە لەمەترسیە کـانی ڕامـاڵین و هـەرەس هێنـان و هێڵـەکانی بوومەلـەرزە و تەقینەوەی بوورکانەکان هتد...

*چەند خاکی ناوچەکە زەوی بەپیتی کشتوکاڵیەوگرنگە بۆ کشتوکاڵکردن.

* چەندە خاك وجیۆلۆجیـای ناوچـەکە دەرامـەتی سروشـتی بـەنرخی تێدایـە تـا لـەکاتی فراوانبونی شاردا بپارێزرێن.

چوارەم/ ئاووهەوا:

* بە دڵنیای فراوانکردنی شارەکان لەئاووهەوایەکی ناوچەی شاخاوی دا جیاوازە وەك لـە ئاورو هەوایەکی ناوچەی بیابان ودەشتایی و ئاوی تەنانەت ئەو بینایانەی کـە لـە ناوچـە گەرم و بیابانەکان وشێ دارەکان دروست دەکرێن جیاوازیان هەیە لەگـەڵ ئـەو بینـاو باڵەخانانەی کە لە ناوچە ساردو زوقم و بەستەڵەك و پڕ زریان و بەفراویەکان دروست دەبن ، بە دڵنیاییەوە ئەم جیاوازیە لە ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لە نێـوان ژینگـە گـەرم و شێدارەکان بۆ ژینگە ساردو بەفراوییـەکان کاریگـەری هەیـە لەسـەر دیزاینـی ڕێگـاو بانەکانی شار کە پێویستە لە فراوانکردنی ڕێگاکان بارودۆخی ئـاوو هـەوای ناوچـەکە لەبەرچاوبگرن.

CS CamScanner

• کاریگەری هەیە لە سەر دروست کردنی شێوازو دیزایینی بیناکان و بەتایبەت لە سەر ڕووکاری دەرەوەی بیناو باڵەخانەکان ،چونکە بە دڵنیاییی ئەندازیارانی بواری تەلارسازی جۆری بیناکانیان دەگونجێنن لەگەڵ ئاراستە و خێرای با ،شێی، بڕوخێرای باران بارینی ناوچەکە و تەنانەت جۆری بارانەکەش ئایە ترشە بارانە یان نا ، بڕی بە فربارانی ناوچەکە چەند بەردەوامە و ئەو بەفرو بارانە ، چەند زریان و تونده بای لەگەڵە .

• بوونی دیاردەی زوقم و بەستن ساڵانە چەند لە وناوچەیە بەردەوام دەبێت ،بەرزی پلەی گەرمی ناوچەکە چەندە ئایە کاریگەرە بە گەردەلوولی لمی و خۆڵی بیابان . بەدڵنیاییەوە ئەندازیارەکان شارەزای ئەوەن کە چ کە لوپەلێك و کەسەرستەیەك بەرگەی بەرزی پلەی گەرمای بەرز دەگرێت کام و کەرەستە بەرگەی شێی زۆر و زوقم و دیاردەی بەستن و بەفرو بارانی زۆر دەگرێت وە چ جۆرە کەلو پەلێك و دیزاینێك گونجاوە لەگەڵ ژینگەی ناوچە ساردەکان و گەرمەکان و ئاوویەکان. هەموو ئەو ڕەگە ز ئاوو هەوایانەی باسمان کرد گرنگن لە هەڵبژاردنی ئاراستەی فراوانبوونی شارەکە جۆری کەرەستەی هەڵبژێردراو، دیزاینی ڕووکاری بیناکان،ڕێگاو بانی شارەکە، تەنانەت ڕووبەری بیناکەش.

## ٢- هۆکارە مرۆییەکان:

### یەکەم: گەشەی دانیشتوان:

گەشەی دانیشتوان یەکێکە لە هۆکارە بەهێزەکانی فراوانبوونی ڕووبەری شارەکان ، چونکە چەند ژمارەی دانیشتوان زۆربێت ئەوەندە شار ڕووبە بەرووی فراوانبوون دەبێتەوە لەبەرئەوە پێویستە بۆ ئەو ژمارەی دانیشتوان زیاد دەکات ڕووبەری پێویست بۆ نیشتە جێبون ، ڕێگاوبان ، سەوزایی، پیشەسازی، بازرگانی ....دابین بکرێت.

دووەم: ڕێگاوبان :
ڕێگاوبان یەکێکە لەو هۆکارانەی کاریگەری هەیە لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شارەکان بەم شێوەی لای خوارەوە:

* چەند شار لە ڕێگەی تۆڕەکانی ڕێگاو بانەوە بەسترابێتەوە بە ناوچەکەکانی دەورووبەری ئەوە زیاتر هەلی بۆ دەرەخسێت پەیوەندیەکانی لەگەڵ ناوچەکانی دەورووبەر گەشە پێ بدات ئەمەش یارمەتی دەدات لە کۆبونەوەو ڕاکێشانی دانیشتوان و کەل و پەلْ و کالا جۆراوجۆرەکانی ناوچە دوورو نزیکەکان بە پێچەوانەشەوە ئەگەر لە ڕووی بەستنەوەی بە ناوچەکانی دەورووبەر لاوازبێ بە دڵنیایی پێچەوانەکەی ڕوودەدات.

* جۆراوجۆری ڕێگاو بانەکان یارمەتی دەرن لە زیادبوونی پەیوەندیەکان ، بە شێوەیەك تا ڕێگاو بانەکان و هۆیەکانی گواستنەوە جۆراو جۆربن وەك ئاوی ووشکانی و ئاسمانی ئەوەندە شار پەیوەندیەکانی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری بەهێزو جۆراو جۆر دەبن و شار زیاتر گەشە دەکات و فراوان دەبێت. بە پێچەوانەشەوە چەند شارەکە ڕێگاو بانەکانی یەك جۆرولاوازبن ئەوەندە دەرفەتی گەشەکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوروبەرەکەی کەم دەبێتەوە.

* چەند ڕێگاکان پێشکەوتوون ئەوەندە کاریگەریان زیاتر دەبێ لەسەر زیادبوونی پەیوەندیەکان و کەمکردنەوەی کاتی پەیوەندیەکان وکاریگەری کردنە سەر فراوانبونی شارەکان بەپێچەوانەوە چەند ڕێگاکان کۆن وکلاسیك و دواکەوتوو بن دەبنە کۆسپ لە ئەنجام دانی پەیوەندی بە هێز وخێراو هەروەها ڕۆڵێکی ئەو تۆیان نابێت لە گەشەکردنی شارو فراوانبوونی دا.

## سێیەم: هۆکاری سیاسی :

بوونی ئـارامی و ئاسـایش و جێگیربـوونی بـارودۆخی شـار کاریگـەرەی ئیجـابی هەیـەو کاردەکاتە سەر فراوانبوونی شار، چونکە دانیشتوان لـە کاتی بوونی ئاسـایش و ئـارامی دا زیاتر کاری ئاوەدانی بیناسازی و دروسـتکردنی خـانوو و بینـاو تـاوەرە بازرگانیـەکان و بنکەو دامەزراوە پیشەسازیەکان بنیات دەنێن هەروەها بارزگانی وپیشەسازی و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان زیاتر گەشە دەستێنن بە پێچـەوانەوە بـونی شـەڕو ئـاژاوەو تەنگـەژەی سیاسی و ناسەقامگیری سیاسی ترس و دڵە ڕاوکێ لای هاولاتیان دروست دەکات ئەمەش وادەکات دانیشتوان گرنگی نـەدەن بـە ئـاوەدانی و کـاری بیناسـازی و و بنیـات نـانی ئاوەدانی و کاری بازرگانی و وپیشەسازی هتد... ئەمەش کاردەکاتە سەر ئەوەی شار لە ڕووی فراوانبوون و گەشەکردنەوە لاوازببێت و تەنانەت هەندێك جار شار لـەگەشـەکردن دەوەستێت.

## چوارەم: هۆکاری ئابووری:

لەڕاستیدا هەرناوچەیەك و شارێك ئەگەر لـە ڕووی ئابووریەوە گەشەکردنی بە خۆیەوە بینی ئەوا کاریگەری دەبێت لـەسەر گەورەبوونی شـار، بەشـێوەیەك ناوچـەکە تاچـەند خـاوەنی داهات و بەرووبوومی جۆراوجۆرە وەك نەوت، کشتوکاڵ، دەرامەتی سروشتی و کـانزای جۆراوجۆ ئەوەندە زیاتر شار دەرفەتی فراوانبوونی بـۆ دەڕەخسـێت چـونکە ئەمانـە هـەلی کـاری زیـاتر بـۆ دانیشـتوان دەڕەخسـێن وە دەرفـەتی بـۆ ڕاکێشـانی کۆمپانیاکـان و دامەزراوەکان و گردبوونەوەیان لـە ناوچـەکەدا زیـاتر دەکـەن بێگومـان ئەمـەش یارمـەتی کۆچی دانیشتوان دەدات بۆ ئەو ناوچەیە و کارکردن لـە کۆمپانیـا و دامـەزراوەکان کـە دواجار ئەمانە کاردەکـەن سـەر فراوانبـون وگەشـەکردنی شـار، هـەروەها گەشـەکردنی ئابووری و دەوڵەمەندی ناوچەکە لە ڕووی ئابووریەوە دەرفەتی گەشـەکردنی بازرگـانی و

پیشەسازی زیاتر لە شاردا دروستدەکات کە دواجار ئەم گەشەکردنە بازرگانیە کاریگەری دەبێت لەسەر گەشەکردنی بواری ئاوەدانی و بیناسازی و گردبوونەوەی دانیشتوان لە شارەکە دا.

## پێنجەم: هۆکاری کۆمەڵایەتی:

جیاوازی چینایەتی وەك بونی ئاغاوجووتیار ئەمە لە وولاتانی دواکەوتوو هێشتا کاریگەری ماوە لەسەر کۆچی گوند نشینەکان بەرەو شارەکان هەروەها جیاوازی لەدابینکردنی خزمەتگوزاریەکان. وەك ئاشکرایە لە وولاتانی دواکەوتوو ئاستی دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان لە شارەکاندا لاوازە بەراوورد بە شارەکانی وولاتانی پێشکەوتو ئەمەش فشار دەخاتە سەر گوند نشینەکان کۆچ بکەن بۆ شارەکان، بێگومان کۆچی گوندنشینەکانیش بەرەو شارەکان دەبێتە هۆکاری خێرای فروانبونی شارەکان هەروەها سەرهەڵدانی چەندین کێشەی جۆراوجۆر لەشارەکاندا وەك بە لادێیونی شار، پیسبونی بینین ،کێشەی نیشتەجێبون،دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان ، سەرەڕای ئەمانە کێشەی تاوان و دزی چونکە تێکە ڵاو بوونی دوو ژینگەی جیاوازی وەك شارو لادێ کە دوورن لە یەکتری بێگومان ئەم کێشانەی لێ دەکەوێتەوە .

## شەشەم: گۆڕانی تەکنەلۆجیا:

گەشەکردنی تەکنەلۆجیا کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانی مۆرفۆلۆجی شارەکان و فراوانبوونی ستوونی شارەکان، چونکە لە ئێستادا بەهۆی خێرای گەشەکردنی تەکنەلۆجیا هەریەك لە دیزاینی بیناو ڕێگاوبان و جۆری کەرەستەکان گۆڕانکاریان بەسەرداهاتوە هەروەها شێوازی فراوانبوونی شارەکان گۆڕاوە بۆ شێوازی ستونی هاوچەرخ کە جیاوازە لەساڵانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی ڕابردو، چونکە زیاتر شێوازی فراوانبوونی ئاسۆیی

بالی بەسەر فراوانبوونی شارەکاندا کێشابوو بەڵام لە ئێستادا لە چوارچێوەی کاریگەری تەکنەلۆجیا و ئەنتەرنێت مۆرفۆلۆجی شارەکان گۆڕانی بەسەرداهاتوە بەجۆرێك بۆتە هۆکاری دەرکەوتنی شاری زیرەك.

حەوتەم: زیادبوونی پێداوویستیەکانی دانیشتوان یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی گەشەکردن و فراوانبوونی شارەکان، چونکە چەندە داواکاریەکانی دانیشتوان و پێداوویستیە جۆراو جۆرەکانیان زیاد بکات ئەوەندە زیاتر شارەکان ڕووبە ڕووی فراوانبوون دەبنەوە.

## ب- زیانەکانی فراوانبوونی شارەکان:

فراوانبوونی ڕووبەری شارەکان چەند زیانێکی هەیە کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە :

* کەمکردنەوەی ڕووبەری زەویە کشتوکاڵیەکان هەندێك جار لەناوبردنیان.
* لەناوبردنی دەرامەتە سروشتیەکان.
* تێکچوونی هاوسەنگی پەرەپێدانی شارولادێ، بەشێوەیەك شارەکان دەبنە شوێنی کۆبوونەوەی دانیشتوانی گوندنشینەکان و لەبەرامبەردا دانیشتوانی گوندەکان بەرەو کەمبوونەوە و چۆڵ بوون دەچن.
* لاوازی ئابووری شارەکان ، چونکە گەشەکردنی ئابووری شارەکان وەستاوە لەسەر ئابووری لادێیەکان و زەویە کشتوکاڵیەکان و لەوەرگاکانی ئاژەڵی کاتێك گوندەکان چۆڵ دەبن ئابووری شاریش لاوازدەبێت.
* لەئەنجامی کۆچی گوند نشینەکان بۆ شارەکان و گەشەکردنی دیاردەی بەشاری بوون دەبێتە هۆکاری دروستبوونی چەندین کێشەی جۆراوجۆر بێگومان ئەمەش لە دەرئەنجامی زۆربوونی دانیشتوانی شارە بە شێوەیەکی ناسروشتی کە پێشتر پلانی بۆ

دانــەنراوە و زیانەکانیشـــی ئەوەیــە فشــارویاڵە پەســتۆیەکی زۆر دەخاتــە ســەر خزمەتگوزاریــەکان وەك (ئــاو ، کارەبــا ، تەندروســتی ، نیشــتەجێبون ،ڕێگاوبــان ، بەرزبوونــەوەی نرخــی زەوی و خــانوو بیناکــان) ، چــونکە ئــەو دانیشــتوانە زۆرەی بەشــێوەیەکی ناسروشــتی زیــادیکردوەو پێشــبینی نــەکرابوە ئەمــە وای کــردوە شــار نەتوانێت پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکات.

* شار پشتگیری ناوچەکانی دەوروبەری لە دەست دەدات یان زۆر کەم دەبێتەوە ،چونکە وەك باسمان کرد شار لە ژیان و گەشەکردنی دا پشت بەگوندو ناوچە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری دەبەستێت بۆیــە لاوازبــوونی ئــابووری ناوچــەکانی دەورووبــەری و چــۆڵ بوونی گوندەکان و زەویە کشتوکاڵیەکان وادەکات شارەکان لەسەرچــاوەی ژیــان و گەشەکردن دابڕێن ئەمەش دەبێت هۆکاری وەستانی گەشەکردنی شارو هەندێك جار کەوتنی شار.

* هەندێك جار ناچاربوون بە فراوانکردنی شــارەکان بــەرەو ئــەو شــوێنانەی بۆفراوانبــون خواستیان لەسەر نیــە وەك ناوچــە پیشەســازیەکان ، قەبرەســتانەکان ، ئــەو ناوچــانەی پاشماوەو پاشە ڕۆی کارگەو دامــەزراوەکانی تێــی فــڕێ دەدرێــت یــان ئــەو ناوچــانەی ڕووبەڕووی لافاو دارمان وڕماڵین دەبنەوە،لەڕاسـتیدا فراوانبـونی شــار بــەو ئاڕاسـتە نەخوازراوانە بۆ پاراستنی زەویە کشتوکاڵیەکان و دەرامەتەسروشتیە بەنرخەکانە.

* هەندێك جار فراوانبوونی شارو دروستکردنی بیناو ئاوەدانی دەبێتە هۆکاری تێکـدان و شێواندنی ئەو جوانیە سروشتیەی کە خۆی دروست بوە نەك مرۆڤ دروســتی کردبێــت وەك بڕینــی دارەســتانەکان و ناوچــە ســەوزایە سروشــتیەکان و تێکــدانی گــردو تەپۆلکەکان.

*دروستبوونی لێواری شار دەبێتە شوێنی کۆبونەوەی دوو ژینگــەی کۆمەلایــەتی لەیــەکتر جیاواز وەك شــارو لادێ . لەڕاســتیدا تایبەتمەندیــەکانی ئــەم دوو ژینگــەش لەیــەکتری

جیاوازن ئەمەش زۆرجار پەل دەکێشێت بۆ دروستبوونی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری وەك کوشتن و شەڕو دزی و دەنگەدەنگ و یەکتر هەراسکردن و گاڵتە کردن بە بەهاو تایبەتمەندیەکانی یەکتری.

* دروستبونی زەوی بەتاڵ وبەکارنەهاتوو لەناوخۆی شاردا بەتایبەت لەووڵاتانی دواکەوتوو.

* دروستبوونی شوێنی نیشتە جێ بوونی تازە لە لێواری شار کە بێ بەشن لە دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی وەك ئاو، کارەبا ،ڕێگاوبان ، خوێندنگە، نەخۆشخانە، بنکەی تەندروستی هتد....

*دروستبوونی تێڕوانینی جیاواز لە کاتی دانانی پلانی شار لە نێوان پلاندانەرانی شار ئایا شار بە شێوازی ستوونی یان ئاسۆیی فراوان بکرێت، ئەمش بێگومان لە وولاتانی دواکەوتوو زۆرجار دەست تیوەردانی ئیداری ناوچەکەشی تێدەکەوێت، بەشێوەیەك هەندێك جار ئیدارەی ناوچەکە دەست لە پلانی پلان دانەران وەردەدات وجۆری فراوانبوونەکە دەسەپێنێت کە ستونی یان ئاسۆی بێت لەکاتێکدا ڕەنگە ئەم جۆرە فراوانبونە لای پلان دانەران بۆ ئەم قۆناغەو سەردەم و کۆمەڵگەیە پەسندو شیاو نەبێت.

* فراوانبوونی شار دەبێتە هۆکاری بەیەکداچوون لەگەڵ گوندەکانی دەورروبەری شار،بەشێوەیەك شاروگوند تێکەڵاوی یەکتری دەبن ئەمەش کێشەکانی(پیسبوونی بینین، بەگوندبونی شار، دروستبونی ناوچەی بێ پلان ، کێشە لە گەیاندن و دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان لەو ناوچانەدا دروست دەبێت) ئەمە جگە لە چەندین کێشەی تر کە گوندنشینەکان ناتوانن کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری خۆیان بکەن چونکە گوند و زەویە کشتوکاڵیەکانیان بوونەتە بەشێك لەشار.

## ت- ڕێگاکانی کەمکردنەوەی زیانەکانی فراوانبوونی شار:

بەپشت بەستن بەم خاڵانەی لای خوارەوە دەتوانرێت زیانەکانی فراوانبوونی شارەکان کەم بکرێنەوە:

*جێ بەجێ کردن و پیادەکردنی فراوانبوونی ستوونی لە جیاتی فراوانبوونی ئاسۆیی لەو ناوچانەی کە فراوانبوونی شار بۆتە کێشەو هەڕەشە لەسەر لە ناوبردنی زەوی کشتوکاڵی و دەرامەتە سروشتیەکان.

*ئاڕاستە کردنی شارەکان بەرەو ئەو ناوچانەی زەوی کشتوکاڵی نین و بەڵکو زەوی بێ پیت و بەردە لانن ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی زەویە کشتوکاڵیەکان و دەرامەتە سروشتیە بەنرخەکانی دەورو بەری شارهەروەها ئاڕاستەکردنی فراوانبوونی شار بەرەو ئەو ناوچانەی جوانی سروشتی ناوچەکە ناشێوێنن.

* هەوڵدان بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی دابەشبوونی دانیشتوان و ناوچە پیشەسازیەکان ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی شاری نوێ یان شاری پاشکۆ.

* لەکاتی فراوانبونی شار پێویستە پرس و ڕاوێژ بەکەسانی پسپۆڕی بوارەکانی ( ئەندازیاری ،جوگرافی ، کۆمەڵناسی ، جیۆلۆجی ، کشتوکاڵی ، ئابووری بکرێت هەروەها بۆچونی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە وەربگیرێت کە ماستەر پلانی بۆ دادەنرێت.

*پێویستە لەکاتی دامەزراندنی کارگەو دامەزراوە کشتوکاڵیەکان لەسەر زەویە کشتوکاڵیەکانی چواردەوری شار ڕاوێژ بە پسپۆڕانی بواری کشتوکاڵ بکرێت.

*زیاکردنی تۆڕەکانی گواستنەوە و گەشەپێدانیان بە ئامانجی بەستنەوەی زیاتری شار بە ناوچەکانی دەوروبەری ئەمەش بە ئامانجی بە ئاسانی گەیاندنی کەلو پەل و کالاکانی گوندنشینەکان بۆ بازاڕەکانی شار بێگومان ئەمە ئاڕادەیکی باش یارمەتی دەر دەبێت

لەرێگریکردنی کۆچی گوند نشینەکان وهاتنیان بۆ شارەکان بە لێشاو و بە شێوازێکی ناسروشتی.

*زیادکردن و گەشەپێدانی دامەزراوە خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان لە ناوچە تازە دروست بوەکانی شارو ئەو گوندانەی کەوتونەتە ناوشارەوە.

* پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی لەناو گەڕەکەکانی شاردا بەهۆی فراوانبوونی شارەوە دروست بوون .

*هەوڵدان بۆ دابین کردن و بەکارهێنانی ئەوەندە رووبەرە زەویەی پێویستە بۆ دانیشتوان نەك زەوی زیاد لە پێویست بۆ دانیشتوان ووەزیفەکانی شار دابین بکرێت،بێگومان ئەمەش ئەو زەرەرو زیانانە کەم دەکاتەوە لە ئەنجامی فراوانبوونی شارەوە دروست دەبن.

* هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو زەویە کشتوکاڵیانەی کەوتونەتە چوار دەوری شارەوە لە شێوازی کشتوکاڵی فراوانەوە بۆ شێوازی کشتوکاڵی چڕ ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە کەسانی پسپۆڕی کشتوکاڵی.

* باشترکردنی بارودۆخی ئاوەدانی و خزمەتگوزاریەکان لەناوچەکانی دەورووبەرو لێواری شار وەك کە مکردنەوەی جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان لەو ناوچانەی دا .

* کەمکردنەوەی ڕووبەری زەوی تەرخانکراو بۆ دروستکردنی خانووی نیشتە جێ بوون کە لە ۲۰۰ م زیاتر نەبێت.

* لەکاتی دانانی ماستەر پلانی شار پێوستە کە سانی پسپۆری تێدا بێت و زۆرێك لە وەزارەتە پەیوەندی دارەکان بە پلانی شار بەژداری بکەن .

*ڕێگری کردن لە دەستێوەردانی کەسانی بەرژەوەندی خواز و ئیدارەی ناوچەکە بۆ جێ بەجێ کردنی پلانەکە لە بەرژەوەندی خۆیان یان چەند توێژێکی کۆمەڵگە.

## ث ـ سودەکانی فراوانبوونی شار :

فراوانبوونی شارەکان چەند سودێکی هەیەدەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێ بکرێت.

* دابینکردنی ڕووبەر بۆ ئەو ژمارە دانیشتوانەی لەشاردا زیادیانکردوە ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانن پێداویستیەکانیان لە نیشتەجێبون و ڕێگاوبان، سەوزایی،بازرگانی ، تەندروستی ، ئارامی و ئاسایش بەدەست بهێنن.
* فراوانبوونی شارەکان وگۆڕانی مۆرفۆلۆجیان ئاماژەیە بۆگەشەکردنی پێشکەوتنی ڕەوتی شارەستانیەت و ڕۆشنبیری و زانستی ئەو کۆمەڵگەیە.
* گەشەکردن و گەورەبوونی شارەکان بەشێوازی پلان بۆ دانراو هێمایە بۆ قورسایی دەوڵەت و بەهێزبوونی پایەکانی دەوڵەت و ودەوڵەتداری و هێمایە بۆ هۆشیاری ئەو کۆمەڵگەیە.
* گەشەکردنی شارەکان و فروانبوونی شار هێمایە بۆ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شارو گەشەی دیمۆگرافی شار.

هەروەها هێمایە بۆ ئاگاداربون لەو گۆڕانکاریانەی کە لەگەڵ تێپەڕبونی ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژگا ردا ڕوودەدەن.

* نیشانەی گەشەکردنی هونەری بیناسازی وتەلارسازی و ئابووری و بازرگانی و پیشەسازیە.
* فراوانبوونی شارەکان و دەرکەوتنی شاری گەورە ئاماژەیە بۆ دروستبوونی پێشبڕکێ لە نێوان شارەکان و دروست بوونی شاری زیرەك.
* فراوانبوونی شارەکان دەبنە هۆکاری دروستبوونی شاری جیهانی و شاری کەوکەبی وەك شارەکانی لەندەن و تۆکیۆ هتد ... ئەم شارانە بونە تە ناوەندی بازرگانی و ئابووری و پیشەسازی تەواوی وولاتانی جیهان،

• ڕاپۆرتە جیهانیەکان ئاماژە بەوە دەکەن ڕێژەی ٧٠ ٪– ٨٠٪ بەرهەم هێنانی جیهانی لە شارە عملاقەکان و کەوکەبیەکان سەرچاوە دەگرن.

## ج- شێوازەکانی فراوانبونی شار

لەگەڵ ئەوەی ئیمری جونس پەنجەی بۆ خستنە ڕووی جیاوازی نێوان شارەکان ڕاکێشاوە، بەجۆرێك هەر شارێك کۆمەڵێك سیفاتی تایبەت بەخۆی هەیە کە لە شارەکانی تری جیادەکاتەوە هەروەها هەموو شارێکیش خاوەن مێژوویەکی تایبەت بەخۆیەتی کە سیمایەکی تایبەتی پێ دەبەخشێ لەهەمان کاتدا شارەکان لەڕووی قەبارەی دانیشتوان رشێوەو فراوان بوونیان هەروەها لە ڕووی ژمارە و پیشەو جۆری ئاوەدانیەوە لەیەکتری جیاوازن. شار هەیە لەڕووی پیشەوە خاوەن یەك جۆر پیشەی تایبەتە جا بازرگانی بێت یان پیشەسازی ، هەر لەبەرئەمەیە زۆربەی شارەکانی جیهان ئەمڕۆ بەجۆراوجۆری پیشەکانیان دەناسرێن ،بەڵام شارەکان تایبەتمەندیەکی هاوبەشیان هەیە ئەویش فراوانبوونی ڕووبەری شارەکەیە پاڵپشت بەو زەویانەی کە دەوری شارەکەیان داوە ،بۆ پڕکردنەوەی ئەو داواکاریە شارستانیەی کە لە زیادبوونێکی بەردەوام دایە، زیادبوونی ڕووبەری شار هیچ سنوورێکی نیە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵگەوە کە بەشێوەیەکی بەردەوام پێویستیان بە ڕووبەری زیاترە.

فراوانبوونی ڕووبەری شار چەندین شێوازی جۆراو جۆر وەردەگرێت، بەشێوەیەك گۆڕانکاریە سروشتی و مرۆییەکان نەخشەو وێنەی ئەو شێوازانە دەکێشن،بەجۆرێك دەتوانرێ ئەو گۆڕانکاریانە تێکەڵی یەکێك لەشێوازەکانی بکەی وەك شێوازی بازنەیی ،ناوکی ،کریستاڵی ، پەرش وبڵاو یان هێڵی و بەپلان تاکو شارەکە بگەڕێتەوە شێوەی گونجاو چرووپڕی خۆی.شێوەی شارو هێڵکاری یەکانی کت و مت بەو گیانەوەرانە دەچن کە هەمیشە لە گۆڕانکاری دان، هەر جارەو بە شێوازێك تا کۆتایی تەمەنیان ئەمەش لە شارەکاندا دەبینرێ لەبەرئەوە زۆر بەدەگمەن شارەکان بەیەك شێوازفراوان دەبن تەنها ئەوە

نەبێ لەسەرەتادا بەشێوازێکی پێشکەوتنی شارستانی فراوانبون، بەڵام لەئێستادا چەندین بنەمای زانستی بەکاردێت بۆ فراوانکردنی هەر یەکێك لە شارەکان.

لێرەدا شێوازەکانی فراوانبوونی شار ڕوون دەکەینەوە کە بریتیە لە مانەی لای خوارەوە.

**یەکەم: شێوازی فراوانبوونی هەڕەمەکی :**

بریتیە لەو فراوانبوون و درێژبوونەوەو ئاوەدانیە تەلارسازیەی کە شان بە شانی فراوانبوون و کشانی ڕووبەری شار ڕوودەدات بەبێ بوونی هیچ پلانێکی پێش وەخت . ئەم شێوازە زیاتر لەو کاتەدا دروست دەبێت کە یاساو ڕێنمایەکان نەبوون یان زۆر لاواز بوون، بەشێوەیەك خانووەکان لەسەر مولکی دەولەت یان لەسەر ئەو زەویە کشتوکالیانەی کەناکرێت بکرێنە بینای نیشتەجێبوون بەبێ ڕەزامەندی وبێ پێدانی مۆڵەتی دەولەت دروست کراون

بێگومان خێرایی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و گەشەکردنی ژیان بەهەموو ماناکانیەوە لەلایەك و،زیادبوونی قەیرانی نیشتەجێبوون لەلایەکی ترەوە پاڵ بە هاوولاتیانەوە دەنێت کە خانووەکانیان لەسەر هەر پارچە زەویەکی بەتاڵ دروست بکەن کە دەکەوێتە بەردەستیان، لەبەرئەوە لەژێر سێبەری ئەو دوو حالەتەی باسمان کرد شێوازی هەڕەمەکی دروست دەبێت.

ئەم شێوازە تەنگەژە بۆ کۆمەلگە و دام و دەزگانی دەولەت دروست کردووە چونکە :

أ- خێرایی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بەبەردەوامی لەلایەك و، خاوەنداریەتی زەویەکان لەلایەن چەند کەسێکی دیاریکراوەوە لەلایەکی ترەوە بۆتە هۆی ئەوەی کەدابینکردنی زەوی نیشتەجێ بوون لەلایەن دەولەتەوە بۆ هاوولاتیان قورس بێت.

ب- لەبەرئەوەی ئەوشوێنانە بەپێی بەرنامەیەکی ئەندازیاری زۆر لاوازو بگرە هەڕەمەکی دروست کراون، بەشێوەیەك پێکهاتوون لەکوچە وکۆلان وشەقامی نارێك و پێچاو پەنج و تەسك و داخراو ،تەنانەت هەندێکیان تەنها بۆ هاتوو چۆکردنی دانیشتوان بەکاردێت ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی دەولەت نەتوانێت هیچ جۆرە خزمەتگوزاریەکیان بۆ دابین بکات وەك قوتابخانە و نەخۆشخانەو باخچەو ئاو کارەبا و ڕێگاوبان، چونکە هیچ جۆرە بۆشاییەك بەجێ نەهێلراو ، بێگومان ئەمانەش لەو گیروگرفتانە دەژمێردرێت کە شار بە دەستیانەوە دەنالێت و گیرۆدەیان بووە.

لەئێستادا نزیکەی (٧٠٪ – ٩٠٪) ی ئەو خانووانەی دروست دەکرێن لەووڵاتانی دواکەوتوو بەهۆی نەبوونی پلانێکی گونجاو بەم شێوازە فراوانبوونە دروست دەکرێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی خراپی دروست کردووە لە سەر شێواندنی جوانی ڕووخساری شارەکان ، شێوازی فراوانبوونی هەڕەمەکی گەشەکردنی بە خۆیەوە بینیوە، پاڵپشت بە چەند هۆکارێك بەتایبەت هۆکاری ئابووری کە پەیوەستە بەبەرزی و نزمی ئەو زەویانەی کە بە ئاسایی ناتوانرێت بکرێنە خانوو، هەروەها زۆر بوونی بنکەو دامەزراوە پیشەسازی و بازرگانیەکان لە ناو شاردا، وە دروست کردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێ بوون لە نزیك ئەو سەنتەرە ئابووریانە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هاووڵاتیانی خاوەن پارەی کەم نەتوانن لەناو سنوری شارەوانی شاردا زەوی بکڕن و خانوو دروست بکەن. ئەم شێوازە فراوانبوونە دەکرێت بەسێ بەشەوە:

### ا- شێوازی فراوانبوونی کەڵەکەبوو :

بەسادەترین جۆرەکانی گەشەکردن و فراوانبوون دادەنرێت کەشار ناسیبێتی، ئەم شێوازە ڕوودەدات لەڕێگە

١- پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە فراوانانەی کەلەناو شاردا هەن.

٢- دروست کردنی بینای نیشتەجێ بوون لەلێواری شاریان نزیکترین شوێن لەلێواری شورەی شاردا.

٣- کاتێك کەنرخی زەوی نیشتەجێ بوون لەناو شاردا زۆر بەرزبێت.

لە کۆندا ڕووبەری شارەکان بچووك بوون لەبەرئەوە توانراوە زۆر بە ئاسانی هاتوو چۆکردن بەپێ لەنێوان بەشەکانی شاردا ئەنجام بدرێت، بەڵام بەتێپەڕبوونی کاتێکی درێژ کشانی شارەکان بەرەو شوێنێکی دوورتر بەتایبەتی دوای ڕووخانی سنوورە کۆنەکان و دروستکردنی سنووری تازە ودوور لەشورە کۆنەکە بوو بەهۆی دروستبوونی زەمینەیەکی گونجاو تاکو شارەکان لەسەر ڕووبەرو پانتایەکی فراوان تر

گەشە بکەن و فراوان بن. پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەبکەین کەبەکارهێنانی زەویەکانی لێواری شارە کۆنەکە بەبەردەوامی دەبێتە هۆی ڕوودانی فراوان بوونێکی تازە بەهەرچواردەوری شارە کۆنەکەدا، ئەمەش هۆکارێکی یارمەتی دەرە بۆ دروست بوونی ڕێگایەکی بازنەیی لەشوێنی شارە کۆنەکە، هەر بۆیە بەردەوام بوون و چاودێری کردنی ئەو فراوانبوونەی کە لەلێوارەکانی شاردا ڕوودەدات دەبێتە هۆی ئەوەی فراوانبوونی بازنەیی باڵ بەسەر شاردا بکێشێت (شێوەی ژمارە (١). وەك (برجس)لەساڵی (١٩٢٣-١٩٢٥) پەنجەی بۆئەم بابەتە درێژ کردووە و ناوی ناوەی باڵ پێوەنانی شەپۆلی ( motive wave)،بەشێوەیەك هێزی باڵ پێوەنەر و گەشەکردنی فراوانبوونی ڕووبەری شار بە شێوەیەکی کارا لەسەنتەری شارەوە دەست پێ دەکات بەرەو لێواری شارو ناوچە هەژار نشینەکان،تاکو دەگاتە زەویە کشتوکاڵیەکان و گوندەکانی دەوروبەری شار، کەبەهۆی شۆڕشی گەشەی شارنشینی یەوە لەناو چوون و بوونەتە بەشێك لە شار،.هەر بەوشێوە بازنەیە ئەو شارانە بازنە لە دوای بازنە زیاد دەکەن، لەسەر شێوەی قەدی دارێك کە هەر ساڵە و بازنەیەك دەچێتە سەر قەدی دارەکە، شارەکەش بەشێوەیەکی چڕو پڕ دەمێنێتەوەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی لەئاستێکی بەرزدا دەبێت، بەڵام ئەو شێوازە ئاستەنگێکی زۆری دێتە بەردەم بەتایبەت ئاستەنگی سروشتی وەك شاخ و دۆڵ و ڕووبار و چەند جۆرێك لە ئاستەنگی مرۆیی وەك سەربازگە و گۆڕستان .

## ب- شێوازی فراوانبوونی فرە ناوك:


ئەم شێوازە پێچەوانەی شێوازی فراوانبوونی کەڵەکەبوو،ە لەسادەترین وێنەدا بریتیە لەدەرکەوتنی شارێکی تازە یان چەند شارێکی تازە لەنزیك شارە کۆنەکە . ئەم شارە تازانە شێوازێکی تێکەڵکێش وەردەگرن لە کاتی درێژبوونەوە و کشانیان بەرەو شارە کۆنەکە یان بەرەو هەندێك لەو سەنتەرە شارنشینیانەی کە دەوری شارە تازەکەیان داوە ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵێك پەیوەندی دیاری کراو لە نێوان شارە

تازەکە و شاری دایك و ئەو سەنتەرە شارنشینیانەی کە دەوری شارە تازەکەیان داوە. دروست بوونی ئەو شارە تازەیە لە نزیك شارە کۆنەکە بەمەبەستی دابینکردن و پڕکردنەوەی پێداویتسیەکانی دانیشتوانە یان ئارەزووکردنە لە جیابوونەوە لەشارە کۆنەکە وە هێمایەکە بۆ دەوڵەت یان بۆ بەدەستهێنانی ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەرانیە وە هیچ پێویست و مەرج نیە لە هەموو بارودۆخ و کاتێکدا ئارەزووی جیابوونەوە هۆکارێك بێت بۆ دەرکەوتنی شارە تازەکە لە نزیك شارە کۆنەکە، بەڵکو لە زۆر بارودۆخدا ئەم ناوکە تازەدروست بووە گەشە دەکات بە هەمان شێوەی ئەو شارانەی کە خۆیان گەشە دەکەن وفراوان دەبن، هەربۆیە لەو کاتەدا (ناوکە تازە) شارە تازەکە شێوەیەکی تایبەت بە خۆی وەردەگرێت (شێوەی ژمارە(١)).بەلام لە هەمان کاتدا لە ڕووی پیشەییەوە پەیوەندی بە شارە کۆنەکەوە هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین پەیوەندی تری جۆراو جۆر بە شارە کۆنەکەی (شاری دایك) ی دەبەستێتەوە، شارە فرە ناوکەکان دروست دەبن لەچواردەوری ئەو هێڵە شەمەندەفەرانەی کە دەکەونە دەرەوەی شار یان لە دەوری ئەو ڕووبارانەی کە دەکەونە بەرامبەری شارەکە یان لە دەوری کارگەکانی نەوت و پترۆکیمای دروست دەبن کە شاری دایك کۆچی بۆ کردوون

بۆ نموونە شاری سلێمانی گەشەی کردووە بە هۆی تێکەلاوبوونی سلێمانی کۆن لەگەڵ سەرچنار دروست کردنی ئیسلام ئاباد لەنزیك شاری ڕاوڵ بەندی کۆن لەکۆتایی دا وای لێهات شارەتازەکە ببوو بەپایتەختی وولاتەکە ئەم شێوازە بەرەو پێشەوە چوونی بەخۆیەوە دی لە شێوازی فراوانبوونی بازدان بۆ شێوازی فراوان بوونی تێکەڵ کێش (چوونە پاڵ یەکتری) ، ئەویش لەلایەن دوو زانانی جوگرافی (چانسی هاریس) و (ئەدوارد ئوڵمان) کاتێك کە لە ساڵی (١٩٤٥) تیورەکەیان دەربارەی پێکهاتەی ناوخۆی شارەکان خستەڕوو، پەنجەیان بۆ ئەوە ڕاکێشا کەشار فراوان دەبێت لەشێوەی چەند ناوکێکی دیاریکراو بەجۆرێك ئەم شارە یان ناوکە تازە دروست بووانە لەچوارچێوەی پلانێکی گونجاودا هەڵدەستن بەئەنجامدانی تەواوکاری ئابووری لەنێوان خۆیاندا.

## شێوەی ژمارە(٦)

## شێوازەکانی فراوانبوونی ڕووبەری شار



**سەرچاوە:**

١-صلاح حميد الجنابی،جغرافية الحضر أسس وتطبيقات، دار ابن الأثير للطباعة و ألنشر ،جامعة الموصل، الموصل،٢٠٠٧،ص،٣٤٥.

٢-كامران طاهر سعيد،توسع مدينة السليمانية بتأثير الاسر الحضرى(دراسة فى جغرافية المدن)اطروحة دكتوراة،كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، ٢٠١١، ص٦٦.

## ج- شێوازی فراوانبوونی پەلەپەلەی بازدان :

ئەم شێوازە بریتیە لەگۆڕانکاری لەفراوانبوونی ڕووبەری شار لەرێگەی بازدان لە پشت ئەو بەربەستە سروشتی و مرۆییانەی کە دەبنە بەربەست و کۆسپ لە بەردەم فراوانبوونی شاردا، ئەم فراوان بوون و گەشەکردنەش لەسەر شێوەی بازدان بەشێوەیەکی پەرت و بلاو لێرەو لەوێ ڕوودەدات کە دەبێتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگەی شارستانی سەربەخۆ کە هیچ جۆرە پەیوەندیەکیان بە سەنتەری شارەوە نیە بگرە کۆمەڵێك بۆشایی فراوان دەکەوێتە نێوان ئەو کۆمەڵگە شارستانیانەوە و شارە کۆنەکە وەك لەشێوەی ژمارە ( ١ )ی پێشوودیارە.

شێوەی فراوانبوونی بازدان شێوازێکی پێشکەوتوە لەگەشەکردن و فراوانبونی ملوانکەیی کاتێك کە ڕێگایەکی دەرەکی لەشارەوە دەردەچێت زۆر کەس هەوڵ دەدەن نشینگەی نیشتەجێ بوون بەدرێژایی درێژبوونەوەی ئەو ڕێگایانە دروست بکەن وە لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی بواری شارستانی دا ئەو ماڵانە زیاد دەکەن وورده وورده دەچنە پاڵ یەکتری لە ئەنجامدا ڕووبەری ئەو شوێنە فراوان دەبێت. ئەم جۆرە فراوانبوونە زۆر گونجاو بوو بۆ گواستنەوەی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی شارنشینی وەك دامەزراوە بازرگانیەکان و کارگێڕی و گەشەکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان کە هەموو ئەمانە پێکەوە ناوکێکی پێشکەوتوو بۆ سەنتەری شارەکە دروست دەکەن.

فراوانبوونی بازدان ڕوودەدات لە ژێر کاریگەری چەند هۆکارێك دا کە دیارترینیان ئەمانەی لای خوارەوەیە:

١- بەکارهێنان و تەرخان کردنی ڕووبەرێکی زۆری زەوی لە بواری تایبەت دا، بە تایبەت لە بواری سەربازی یان ناوچە قەدەغە کراوەکان، لە سەردەمی کۆندا ئەم حاڵەتە لە زۆربەی شارەکانی هەرێمی کوردستان هەستی پێ دەکرا ،بەجۆرێك کە بنکەو دامەزراوە سەربازیەکان هۆکارێك بوون بۆ سەرهەڵدانی فراوانبوونی بازدان ،بە شێوەیەك لە پشتی ئەو دامەزراوە سەربازی و ناوچە قەدەغەکراوانە شار فراوان دەبوو .

٢- زۆرێك لەخاوەندارێتی زەویەکان دەگەڕایەوە بۆحکومەت وچەند لایەنێکی تر لە بەرئەوە هیچ کەس نەیدەتوانی کاریان لەسەر بکات تەنها بەڕەزامەندی حکومەت و لایەنەکانی تر نەبێت ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ دروست کردنی شێوازی بازدان.

٣- بەرزی نرخی زەوی لە سەنتەری شارو نەتوانین و کەم توانای دارایی دانیشتوان بۆ ڕووبەڕوونەوەی ئەو نرخە بەرزەی زەویەکان ،ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە هاوولاتیان دوور لە شوێنی شارەکان کە نرخی زەوی هەرزانترە خانوو دروست بکەن، ئەمەش بواری ڕەخساند کە شێوازی بازدان بە شێوەی پەرت و بلاو لێرەو لەوێ سەرهەلبدات.

٤- بوونی گۆڕستان وئەو گوندانەی کە دەوری شاریان داوە بوو بەهۆی دروست بوونی خانوو لەپشتی ئەو بەربەستانە ئەمەش وای کرد، شێوازی بازدان بێتە ئاراوە .

## دووەم: شێوازی فراوانبوونی پلان بۆ داڕێژراو :

ئەم شێوازە بەتازەترین شێوازی فراوانبوونی ڕووبەر دەژمێردرێت کە دەولەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداری دەکات لە ئاڕاستەکردن وڕێنمایی کردنی بیناسازی شارستانی و فراوانبوونی ڕووبەری شارەکان بەگشتی وە هەلدەستی بە ئامادەکردن و ڕێکخستنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان لە شاردا.

بێگومان بەشداری کردنی دەولەت لەم جۆرە شێوازە فراوان بوونەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەزیادبوون دایە، ئەمەش لەلایەك بۆ کەمکردنەوەو ڕێگەگرتن لەسەر هەلدان و دروست بوونی کۆمەلگەو نشینگەی نیشتەجێ بوونی پەرت بوو هەلوەشاوەو شاری هێلانەیی و چینکۆی و کارتۆنی، وە بۆ ڕێگەگرتن لەو بێ سەرو بەرەیەی کە لە شەقام و کۆلان و بالەخانەکان وفراوانبوونی شاردا دروست دەبێت لەلایەکی تریشەوە بۆزیادکردنی ئارەزوولای هاوولاتیان بۆ دروستکردنی خانو لەشوێنی گونجاو وە بۆ ئامادەکردنی کەش وهەوایەی تەندروست و شیاو بۆ دانیشتوانی شار . لەچوارچێوەی ئەو شێوازەدا دەولەت

هەڵدەستێ بە دیاریکردنی شوێنی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لە شاردا، وەك نیشتەجێبوون و گواستنەوە و پیشەسازی وگشت جۆرەکانی تری بەکارهێنان و دامەزراوە خزمەتگوزاریەکانی تر، ئەم شێوازە لەفراوانبوون زۆر باوە لە شارەکانی عێراقدا، لەچوار چێوەی ئەم شێوازی فراوان بووندا یاسا و لایەنە پەیوەندیدارەکان رێگە نادەن بەهاوولاتیان کە بەئارەزووی خۆیان یەکەی نیشتەجێ بوون دروست بکەن، بەلکو لە رێگەی بەرنامەو نەخشەی شارەوە شوێنی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی و رووبەرو ئاراستەکانی فراوانبوونی شار دیاری دەکرێت لەهەمان کاتدا رێگەش دەگیرێت لە هەمو ئەو بێ سەرو بەریەی کە لە فراوانبونی شاردا روودەدات.

## سێ یەم: شێوازی فراوانبوونی هێڵی :

ئەم شێوازە شێوەیەکی هێڵی وەردەگرێت کە درێژ دەبێتەوە لەسەنتەری شارەوە بەرەو دەرەوە و لێوارەکانی شاربەشێوەیەك کە ئەم جۆرە شێوازە هێڵیە دروست دەبێت لەسەر شێوەی هێڵێك بە لێواری رووبارێك یان شاخێك یان شەقامێك، بۆ نموونە دەبینین کۆمەڵێك خانوو و بیناو باڵەخانە یان گەرەك بەشێوەی شریتێك بەدرێژایی شەقام ورێگاو باڵە سەرەکیەکان دروست دەبن، ئەم جۆرەشێوازە فراوان بوونە بەزۆری باڵ بەسەر ئەو شارانەدا دەکێشێت، کەهێڵی گواستنەوەی شەمەندەفەر تیاندا باڵادەستە، هەروەها لەو شارانەش دا دروست دەبێت کە دیاردە و بەربەستە سروشتیەکانی وەك شاخ و رووبارو دەریاو دەریاچەکان بوونەتە بەربەست لەبەردەم فراوان بوونی شاردا، وەك شاری دامێن چیاکان و لێواری رووبارو دەریاچەکان. قەلادزێ نموونەی ئەو جۆرە شارانەیە بەهۆی درێژبوونەوەی رێگاکان لەسەنتەرە وە بەرەو لێوارەکانی شار هەورەوها بونی بەربەستی سروشتی وەك ئاوی ئالاوە وچۆم خرکە،ئەم دیاردە سروشتیانە بوونەتە رێگرو شارەکەیان ناچارکردووە بەشێوەیەکی شریتی( هێڵی) بەدرێژایی رێرەوە ئاویەکان فراوان بێت. ئەم شێوازە پێشکەوتن و گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی کاتێك کە ئۆتۆمبیل وەك

ئامرازێکی گواستنەوە پەیدا بوون و بەشداریان لە کردارەکانی گواستنەوەو جوجوڵـەکانی ناوشاردا کرد

فراوانبـونی هێـڵی دەبێـتە هۆی کۆبـونەوە وبەرزبونـەوەی چـڕی دانیشـتوان لـەلێواری شاردابەجۆرێك بەربەرەکانی سەنتەرە کۆنەکەی شار (شـاری دایـك) دەکـات، بێگومـان ئەمەش پاڵنەرێك بوو بۆ ئەوەی کە شارەکە زۆر بە خێرایی لەهەموو لێوارەکانیەوە گەشـە بکات. ئـەم گەشـەکردنە خێرایـەش لـە لێوارەکـانی شـاردا دەبێـتە هـۆی ئـەوەی شـار شێوەیەکی ئەستێرەیی وەربگرێت، لەهەمانکاتدا لـەم شـێوازەدا هاتووچـۆکردن لـەنێوان بەشەکانی شاردا زۆر ئاسانە، بەتایبەت بۆقولآیی و پانتایی شاربڕوانە شێوەی ژمارە(١ ) .

فراوانبوونی هێڵی لەئێستادا بەیەکێك لە دیارترین و زۆرترین شێوازەکانی گەشـەکردن و فراوانبوون دەژمێردرێت ، بەهۆی ڕوونی و ئارەزووی خەڵك لەم شـێوازە، بـەڵام لایـەنی خراپی ئەم شێوازە ئەوەیە کـە زیـاتر شـان بەشـانی درێژبوونـەوەی شـەقامەکان دەڕوات ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بـوونی چـەند تەنگـەژەو گیروگرفتێـك، وەك دورکەوتنـەوە لەبەشەکانی تری شارو پارچەپارچەبوونی شارەکەو گرانی گەیاندنی خزمەتگوزاریەکانی بۆ ئەو ناوچانە بێجگە لە خزمەتگوزاری گواستنەوە.

### چوارەم: شێوازی فراوانبوونی تەوەرەیی :

ئەم شێوازە بریتیە لەگەشەکردنێکی بەردەوامی شار تا ئەو شوێنەی بەربەستە سروشـتیەکان ڕێگە بە فراوانبونی دەدەن، لەم شێوازەدا تێپەڕبوونی کات دەورێکـی گـرنگ دەبینـێ بـۆ گەیشتن بەسـەنتەرەکانی شارنشینی و درێژ بوونەوەی شار بـەرەو گونـدەکانی دەوروبـەری شێوازی فراوانبوونی سەنتەری کاتێك ڕوودەدات کەشارەکە فراوان دەبێت لـەسـەنتەرە وە بـەرەو دەرەوە شـان بەشـانی درێـژ بونـەوەی ڕێگـاو شـەقامە سـەرەکی و لاوەکیـەکانی هاتووچۆکردن لەهەمان کاتدا ئەم جۆرە شێوازە فراوان بوونە بیرۆکەی دیارو ئاشکرامان پێ دەبەخشێ دەربارەی ئەو سەنتەرە شارنشینیانەی کە شێوەیەکی ئەسـتێرەی وەردەگـرن

ڕەدەبێتە هۆی ڕاگرتنی هاوسەنگی شار لە کاتی درێژبونەوەی شار بەرەو گوندەکانی دەورووبەری (شێوەی ژمارە( ١ )) .

دەکرێت ئەم شێوازە بەشێوازێکی پێشکەوتوو دابنێن بۆ شێوەی گەشەکردنی تۆڕی(هێڵی) ئەمش بەتایبەتی دوای فراوانبوونی بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبێل وەك هۆکارێکی گواستنەوە، هەروەها دوای بەرهەم هێنانی ئەو زەویانەی کەوتوونەتە نێوان هەردووك باڵی هێڵەکانی هاتووچۆکردن ئەم شێوازە لە شارەکانی عێراق هەستی پێ دەکرێت وەك زانراوە شارەکان لە شێوازی سەنتەری دا بەسێ شێوە فراوان دەبن.

١- فراوانبوونی شارەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی لێواری شارەکان و دوورکەوتنەوە لە شار جاری وابە دەبێتە هۆی ڕوودانی دوورکەوتنەوە لەلێواری شارر دروستبوونی چەند کۆمەڵگەیەك لەسەر شێوەی یەك کۆمەڵگەی نیشتەجێ بوون یان زیاتر.

٢- فراوانبوونی شارەکان بەدروستکردنی باڵەخانەی یەکجار بەرز کە کەمترین بەرزیان دەگاتە(٤١٠)م کە لە(١٠٣) قات پێکهاتوون وەك لە نیویۆرك دروست کراون.

٣- دروست کردنی گەڕەکی تازە لە چەند بەشێکی شارە نوێ یەکەدا بە دەوری شارە سەرەکیە کۆنەکەدا .

**پێنجەم: شێوازی فراوانبوونی مرواری ئاسا:**

ئەم جۆرە شێوازە فراوانبوونە لەم دوایانەدا سەری هەڵدا ئەویش لە دوای پەرەپێدان و بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبێل بۆ بەستنەوەی شار بەلێوارو هەرێمەکانی دەوروبەریەوە، هەروەها شێوازێکی تازەیە لەشێوازی هێڵی ئەویش کاتێك دەردەکەوێت کە چەند ناوکێك لەشێوەی ئەلقەی یەك لەدوای یەك بەدرێژایی درێژبوونەوەی هێڵەکانی گواستنەوە دروست دەبن ، هەندێك جار وا دەردەکەوێت کە ئەو ناوکە تازە یان شارە بچووکە تازە

دروست بووانە لە شارە کۆنەکە گەورەترن،.وە لەکاتی تێکەڵاو بوون و لێکدانی ئەو سەنتەرە بچووکانە چەند سەنتەرێکی تازە لە چواردەوری ئەو زنجیرە سەنتەرانە دروست دەبن، بەم شێوەیە قەبارەو شێوەی شارەکان کات لەدوای کات بەرەو فراوان بوون دەچێت. ( شێوەی ژمارە(١) ) پێشوو.

**شەشەم : شێوازی فراوانبوونی پڕکردنەوە :**

جۆرە شێوازێکی شارستانیە کە سەرهەڵدەدات لە دوای تازەکردنەوە یان دووبارە نۆژەنکردنەوەی شار لەسەر شێوازی چەق و هێڵی لەو کاتەدا کۆمەڵێك بۆشایی دروست دەبن لە نێوان لاپاڵەکانی شاردا، بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە شارەکە دەگەڕێتەوە باری ئاسای خۆی، ئەم شێوازە لە شاری قەڵادزێ زۆر بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت و دەبینرێ، چونکە کاتێك لەساڵی (١٩٨٩) تەواوی شارەکە بەیەکجاری خاپوور دەکرێت دووبارە لەساڵی (١٩٩٢) نۆژەنکرایەوە و ئاوەدان بۆوە بەدرێژایی (١٩٩٢ – ٢٠٠٢) ئەو بۆشاییانەی ناوشار پڕ بوونەوە.

**حەوتەم : شێوازی فراوانبوونی سەدیمی :**

ئەم شێوازە ڕوودەدات کاتێك شار زیاد لەپێویست پێویستی بەزەویەکانی دەروپشتی خۆی دەبێت، بەتایبەت زەوی نیشتەجێ بوون ئەویش لەسەر شێوەی لێرەو لەوێ بەتایبەت لە گوندە نزیکەکانی لێواری شار، ئەمەش بەهۆی چڕی بەکارهێنانی زەویە نزیکەکانی ناوشار لەچاو شوێنە دوورەکانی شار، ئەم شێوازەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دانیشتوان ڕوو لەشوێنە دوورەکانی لێوار گوندەکان بکەن، بەهۆی ئەو پاڵەپەستۆر فشارو کۆبوونەوە زۆرەی کە لەناو شاردا ڕوودەدات .

□

# مۆرفۆلۆجی شارو دەست بەسەرداگرتنی شارەستانی

## ١- مۆرفۆلۆجی شار

- ✓ مۆرفۆلۆجی شارو ڕەگەزەکانی
- ✓ قۆناغەکانی مۆرفۆلۆجی شار

## ٢- بەدیلکردنی شارەستانی

- ✓ بەدیلکردنی شارەستانی
- ✓ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بەدیلکردنی شارەستانی
- ✓ زیانەکانی بەدیلکردنی شارەستانی
- ✓ سودەکانی بەدیلکردنی شارەستانی
- ✓ چۆنیەتی کۆنترۆلکردنی بەدیلکردنی شارەستانی

CamScanner

## یەکەم: مۆرفۆلۆجی شار:

مەبەست لە مۆرفۆلۆجیای شار بریتیە لە تێکەلاوبوونی شێوەی شار لەگەڵ گشت پێشەکانی شار .دەکرێت بڵێین مۆرفۆلۆجیای شار هەموو ئەو شتانەی شارە کە دەتوانرێت بە چاو ببینرێت وەك سیستەمی شەقامەکان و شێوەو جۆری بیناو باڵەخانەکان هتد.. .مۆرفۆلۆجیای شار ئەو پارچە زەویانەی شارە کە بۆ بەکارهێنانەکانی زەوی تەرخانکراون،هەندێك ئاماژە بەوە دەکەن مۆرفۆلۆجیای شار بریتیەلە شێوەی شارو درێژبو نەوەوکشانی ئاسۆیی و ستوونی شار بە بێ لەبەرچاووگرتنی شێوازی فراوانبوونی شار لەهەمان کاتدا چەمکی مورفولوجی شار گوزارشتە لەوقۆناغانەی شار پێی دا تێپەڕدە بێت .

## أ- ڕەگەزەکانی مۆرفۆلۆجیای شار

مۆرفۆلۆجی شار لەچەند ڕەگەزێك پێك دێت کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

١. سیستەمی شەقامەکان.

٢. یەکەکانی نیشتە جێ بون وبیناو باڵە خانەکان.

٣. ئەو قۆناغە مۆرفۆلۆجیانەی کە شار پیایدا تێپەڕدەبێت.

٤. جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لە شاردا.

### ١. سیستەمی شەقامەکان:

لەگەڵ دامەزراندن وگەشەکردنی نشینگەی مرۆڤایەتی لەشاردا مرۆڤ هەوڵی ئەوەی داوە ڕووخسارو ڕەهەندەکانی لەشاردا ڕێك بخات ئەمەش لەڕێگەی دابەشکردن و دابین کردنی زەوی بۆ هەریەك لە جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا بە گوێرەی ئەو داواکاری و پێداویستیانەی کە دانیشتوان پێویستیان پێەتی لەبەر ئەوە لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان فەلسەفەی پلان دانان و ڕێکخستنی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا و

سیستەمی شەقامەکان گرنگیان پێ درا ئەمەش یارمەتی دەر بوو بۆ دەرکەوتنی چەندین سیستەمی شەقامی لەیەکتری جیاواز وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

* سیستەمی شەقامە نارێکەکان: ئەم شەقامانەن لە ڕووی پانی و درێژی و ئاڕاستە یانەوە هیچ گونجاویەك لە نێوانیان دانیە وەك بوونی شەقام و کوچەو کۆلانی تەسك و داخراو پان و بەرین و پێچاوپێچ و ئاڕاست جیاوازکە زور جار لە سەرەتای دروست بوونی شارەوە دروست دەبن یان لەو کاتانەی یاساکانی حکومەت لاوازن و جی بە جی ناکرین.

* سیستەمی شەقامی تیشکی یان بازنە یی :ئەم جۆرە سیستەمە شەقامانە گرێدراون بە گەشەی سروشتی شارەکان بەشێوەی تیشکی لەسەنتەری شارەوە بەرەو دەرەوەی شار درێژ دەبنەوە کە لیواری شارەکە بە بەشەکانی شارەوە دە بەستنەوە .

* سیستەمی تۆڕی: ئەم سیستەم بەوە وەسف دەکرێت شەقامەکان یەکتری دەبڕن ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی شێوەیەکی شەترەنجی.

وێنەی ژمارە ( ٢٢ )

سیستەمی شەقامەکان



وێنەی ژمارە (٢٣)
سیستەمی شەقامی بازنەیی



## ب- یەکەکانی نیشتە جێ بوون. (بیناوباڵەخانەکان)

مەبەست لە یەکەی نیشتە جێ بوون یان بیناو باڵە خانەکان بریتیە لەو یەکە نیشتەجێ بووانەی یان بیناو باڵە خانانەی کە لەشاردا بەکاردەهێنرێن کاتێك باس لەبیناو باڵەخانەکانی شار دەکرێت گرنگی دەدرێت بەم بوارانەی خوارەوە.

ئاراستەی بیناو باڵەخانەکان ، کەرەستەی بەکارهاتووی خانوەکان ، شێوەی بیناکان و تاوەرەکان ، ڕووبەری بیناکان و خانوەکان و تاوەرەکان ، بەرزی بیناو باڵەخانەکان بۆ هەریەك لە جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لەشاردا یان پیشەیەك لە پیشەکانی شار جۆری بیناو باڵەخانەکان مواسەفات و تایبەتمەندی تایبەت بەخۆیان هەیە بەجۆرێك بیناو باڵەخانەکانی بازرگانی لە ڕووی بەرزی و ڕووبەروو شێوەو جۆری کەرەستەی بەکارهاتوو

جیاوازیان هەیە لەگەڵ بیناو باڵەخانەکانی نیشتە جێ بوون و پیشەسازی و ئاینی وهتد .. ئەمە جگە لەوەی هەندێك جار بەهۆی فراوانبوونی ڕووبەری شار ناوچەکانی بازرگانی بەشێك لە ڕووبەری ناوچەی نیشتە جێ بوون لەناودەبەن هەروەها بەرزی بیناو باڵەخانەکان زیاتر لەسەنتەری شاردا کۆدەبنەوە بەڵام تاکو ووردە ووردە بەرەو لێواری شارەکان بڕۆین بەرزی بیناکان دەدات لە کەمبونەوە هەروەها لەناوچە کۆنەکانی شار زیاتر بیناو باڵەخانەکانی بازرگانی، ئاینی، کارگێڕی دەبینرێت ، لێرە گرنگە ئاماژە بەوەبکەین لە کۆتایی سەدەی ١٩ ر سەرەتای سەدەی ٢٠ دا بیناو باڵە خانە بەرزەکان سەریان هە لّدا لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی سەردەمیشدا کەرەستە کانیش لە خشت و بەرد و دار گۆڕانکاریان بەسەردا هاتور کەرەستەی تازە هاتە ئاراوە وەك بلۆك و چیمەنتو ، ئاسن ، ئەلەمنیۆم ، مەڕمەڕ قەرمیت ، شوشەو زۆر کەرەستەی تر...

**وێنەی ژمارە ( ٢٤)**

**شێوەی بیناکان**



ت- بەکارهێنانی زەوی لە شاردا :مەبە ست لە بەکارهێنانی زەوی دیاریکردنی هەریەك لە جۆرەکانی بە کارهێنانی زەویە لە شاردا وەك : نیشتە جی بوون ، گواستنەوە ، سە وزایی، بازرگانی ، پیشە سازی ، خزمەت گوزاریەکانی وەك پەروەردەوە و تەندروستی و کارگێری.

ث. قۆناغەکانی مۆرفۆلۆجیای شار: هەرچەندە شارەکان بەهۆی ئەو قۆناغە مۆرفۆلۆجیانەی کە پیایدا تێپەڕدەبن دەبنە گەواهی دەری مێژووی شارەکە بەلام بەگشتی دەکرێت چەند قۆناغێك دیاری بکەین کە هەموو شارەکان پیایدا تێپەڕدەبن کە بریتین لەمانە:


قۆناغی دەرکەوتن: بریتیە لەو قۆناغەی شار تیایدا دروست دەبێت و سەرهەڵدەدات بەهۆی هۆکارێك لە هۆکارەکانی جا ئەو هۆکارە سیاسی بێت یان ئاینی یان سەربازی ، مەرجیش نیە شار بە پشت بەستن بە تەنها یەك پیشە یان یەك هۆکار لەو هۆکارانەی کە باسمان کرد بەردەوام بێت بەڵکو لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا پیشەی تازەی تر سەرهەڵدەدات و گۆڕانکاری لە پیشەکاندا دێتە ئاراوە وە چەندین پیشەی جۆراوجۆر لەشاردا دروست دەبێت.

قۆناغی گەشەکردن: ئەو قۆناغەیە تیایدا شار ژمارەی دانیشتوانی زیاد دەکات ئەمەش لەڕێگەی زیاد بوونی سروشتی و کۆچ وە بەشێوەیەك کە بەئاراستەی گەشەکردن هەنگاو دەنێت .

قۆناغی پێگەیشتن: بریتیە لەو قۆناغەی تیایدا شار تەواو پێگەیشتوە بەشێوەیەك ژمارەی دانیشتوانەکەی بەردەوام لە زیادبووندایە بەراوورد بە قۆناغی گەشەکردن هەروەها لەم قۆناغەدا شار تەواو پیشەکانی بۆ هەرێمەکانی دەوروبەری زیادیکردوە کە ئەتوانرێت ناوبرێت بە شار.

قۆناغی تەواو پیگەشتو: لەم قۆناغەدا شار جیاواز لە قۆناغەکانی پێشوو بەشێوەیەك دەردەکەیت لەهەموو بوارەکانەوە تەواو گەشەکردنی بە خۆیەوە بینیوە بەجۆرێك شار لەم قۆناغەدا دەکریت ببێتە پایتەختی وولاتەکە یان هەرێمەکە وەك شارێکی کارگێری یان بازرگانی یان شاریکی ئاینی جیاواز لەشارەکانی تر دەردەکەوێت. لەم قۆناغەدا شار هەڵدەستێت بە پێشبرکێ لەگەڵ شارەکانی تر بەتایبەت شارەکانی دەوروبەری.

## نەخشەی ژمارە (٣)
## قۆناغەکانی گۆڕانی مۆرفۆلۆجی شاری ڕانیە ١٩٥٧- ٢٠١٦



## دووەم: دەست بە سەر داگرتنی شارەستانی:

ئەم زاراوەیە ئەو کاتە سەری هەڵدا کە فراوانبوونی شارەکان بەربەستەکان و شووراکانیان بڕی و شارەکان لە دەرەوەی سنووری قەڵاو شووراوبەرەبەستەکان دەستیان بەفراوانبون کرد.ئەم زاراوەیە لەدیاردەیەکی جیۆمۆرفۆ لۆجیەوە سەرچاوەی گرتوە ئەویش بەدیل کردنی ڕووباریە کە چۆن ڕووبارێکی سەرەکی و بەهێز لقە ڕووبارەکان یان ڕووبارە لاوازەکان دەکات دیلی خۆی وبەشێك لە خۆی و دەستیان بەسەردادەگرێت. لەناساندنێکی تردا بەدیلکردنی شارەستانی بریتیە لە فراوانبونی شار بەرەوگوندەکانی دەوروبەری ولەخۆگرتنی ئەو گوندانەی کەوتونەتە چواردەوری شارەکە.

### ١- هۆکارەکانی دەست بە سەر داگرتنی شارەستانی :

چەندین هۆکاری لەیەکتر جیاواز هەیە کەبوونەتە هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردەی بەدیلکردنی شارەستانی بریتین لەمانەی لای خوارەوە :

- ✓ فراوانبوونی ڕووبەری شارەکان لەژێرکاریگەری گەشەی دانیشتوان و چەندین هۆکاری تری سروشتی و مرۆیی .
- ✓ بوونی چەندین گوند لە چواردەوری شارەکان هۆکارن بۆ ڕوودانی بەدیلکردنی شارەستانی.
- ✓ داخلبونی گوندەکان وتێکەلا بونیان لەگەڵ شار بەشێوەیەك هەریەك لەو گوندانەی کەوتونەتە چواردەوری شار بەهۆی فراوانبوونی شارەوە کەوتونە تە ناو چوارچێوەی نەخشەی بنەڕەتی شارەوە.
- ✓ پلانی حکومەت کاتێك دەیەوێت ئەو گوندانەی چوار دەوری شاریان داوە بیانخاتە سەر نەخشەی شار بەتایبەت ئەو گوندانەی کە هیچ سودێکی ئابووریان نیە و بوونەتە کێشە بۆ شارەکە.

## ب- زیانەکانی دەست بەسەر داگرتنی شارەستانی :

دەست بەسەرداگرتنی شارەستانی چەند زیانێکی هەیە کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

✓ دروستبون وسەرهەڵدانی دیاردەی بەگوندبوونی شار یەکێکە لەکێشەکانی شارو چارەسەرکردن و کۆنترۆڵکردنی کارێکی هەروا ئاسان نیە .

✓ دروستبونی بەگوندبونی کۆمەڵایەتی ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە داب و نەریت و هەڵسوکەوتەکانی رۆژانەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەروەها پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان دانیشتوانی شارو دانیشتوانی ئەو گوندانەی کەوتونەتە ناوشار ، چونکە دانیشتوانی نێوان ئەم دوو ژینگە جیاوازە لەناو شاردا دراوسێ یەکترن گونجانیان پێکەوە هەروا ئاسان نیە.

✓ لاوازی و بوونی کەمو کورتی لە دابین کردنی خزمەتە گوزاریەکانی ئاو، کارەبا، پەروەردە، تەندروستی ، رێگاوبان لەو ناوچەو گوندانەی بەهۆی فراوانبوونی شارەوە بونەتە بەشێك لە شار بەراورد بەبەشەکانی ناوەوەی شار.

✓ دروستبوونی ناوچەی دواکەوتوو و خانوو و یەکەی نیشتە جێ بوونی لەبەریەك هەڵوەشاو و پەرتەوازەو شێواو بەجۆرێك ئەو خانوانەدوورن لە سیماکانی شارەستانیەت.

✓ دروستبون و سەرهەڵدانی دیاردەی پیسبونی ژینگە لە لێواری شار،چونکە ئەم گوندانەی دەکەونە چوار چێوەی شارەوە رووخسارێکی نامۆن بەژینگەی شارو ناگونجێن لەگەڵ مۆرفۆلۆجیای شارو ژینگەی شارو شارەستانیەت.

✓ جیاوازی ئابووری و دواکەوتووی ئابووری: دانیشتوانی ئەو ناوچانەی لێواری شار کە گوندەکانیان بەهۆی فراوانبوونی شارەوە بوونەتە بەشێك لە شار دانیشتوانی ئەو گوندانە پیادەی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری دەکەن و کەرەستەو ئاژەڵەکانیان لەناو گەرەك و کۆڵانەکان بلاودەکەنەوە هەروەها ئەمانە لە رووی ئابووریەوە

تاڕادەیەك ئابووریان لاوازەو خەڵکانی کەم دەرامەتن بەراوورد بە بەشـەکانی نـاوەوەی شار.

✓ کەمبوونەوەی زەویە کشتوکاڵیەکان بـەهۆی فراوانبـوونی شـارو ڕوودانـی دیـاردەی بەدیلکردنی شارەستانی..

✓ لەناوبردنی دارەستان و غاباتە سنەوبەریەکان و ژینگەی سروشتی ناوچەکە بـۆ بـواری بیناسازی.

✓ گۆڕانی ئاووهەواو ناوچەکە بە شێوەیەك بەهۆی زۆربوونی بینـاو یەکـەی نیشـتە جـێ بوون و ڕێگاوبان و لـەناوبردنی زەوی کشـتوکاڵی و دارەسـتان و ژینگـەی سروشـتی ناوچەکەو زۆربونی ژمارەی دانیشتوان و هۆیەکانی گواستنەوەو کارگەو دامەزراوەکان کاریگەری دەبیت لـەسەر زیادبوونی دوانۆکسیدی کاربۆن و گازە زیان بەخشـەکان و گۆڕانی ئاووهەوای خۆجێی شار.

✓ لەکاتی ئەنجام دانی سەرژمێری کێشە دروست دەبێت ، چونکە زۆر جار ئەو گوندانەی کە کەوتونەتە ناوشارەو داخلـی نەخشـەی بنـەڕەتی شـار بـوون، بـەلام هێشـتا ڕێـك نەخراون و شێواو پەرتەوازن لەچوارچـێوەی سـەرژمێریەکاندا هـەر لـە چوارچێوەی گوند هەژمار دەکرێن ئەمە کێشە بۆ حکومەت و لایەنە پەیوەنـدی دارەکـان دروست دەکات لە تۆمارەکانی سەرژمێری دا.

✓ زۆربوونی ڕێژەی نە خوێندەواری و هەژاری هەروەها ژن هێنـان و شـوکردنی پـێش وەختە.

✓ هێشتا دانیشتوانی گونـدەکان هەسـت وسـۆزیان بـۆ ژینگـەی یەکـەمیان کـە لادێیـە دەمێنێت.

□

## ن- سودەکانی بەدیلکردنی شارەستانی

بەدیلکردنی شارەستانی ئەگەربەبێ پلان ڕوبدات وەك كێشـەیەك ڕووبـەڕووی شـارەکان دەبێتەوە بەلاَم دەکرێت چەند سودێکی هەبێت وەك ئەمانەی لای خوارەوە.

✓ یەکێکە لە هۆکارەکانی فراوانبوونی ڕووبەری شارەکان هاوشێوەی هۆکارەکانی تـری فراوانبوونی شار.

✓ ڕێکخستنی ئەو گوندانەی کەوتونەتە بەر هێرشی فراوانبـوونی شـار ئـەویش چـونکە سیمای شارو شارەستانی وەردەگرن و و داخلـی نەخشـەی بنـەڕەتی شـار دەکـرێن و هەوڵ دەدرێت وەك بە شێك لەشار مامەڵەیان لەگـەڵ بکرێـت لەهـەمان کاتـدا هـەوڵ دەدرێت سـەرجەم خومەتگوزاریـەکانی تەندروسـتی ، پـەروەردە، ڕێگاوبـان بـۆ ئـەو ناوچانە دابین بکرێت هـەروەها هەولـدان بـۆ ئـەوەی بـەرگێکی شارەسـتانی بـە بـەر ئەوناوچانە دا بکرێت.

✓ دابینکردنی زەوی تازەی نیشتەجێبون لەچواردوەری ئەو گوندانەی بونەتە بەشـێك لـە شار.

✓ بوار دەڕەخسێنێت بۆ نیشتە جێبونی دانیشتوان لە دەورروبەری ئەو گوندانەی بوونەتە بەشێکە لە شار، چونکە نرخ و کرێی زەوی بیناکانی نیشەتەجێبوون نـزمترە بـەراوورد بەبەشەکانی ناوەوەی شار.

✓ ژینگەی ئەو ناوچانە خاوێنترە ئەمەش هانی دانیشتوان دەدات بۆ ئەوەی لە ژینگەیـەکی پـاکتر دا نیشـتەجێ بـبن بۆیـە ڕوو لەناوچـەکانی لێـواری شـار دەکـەن ، چـونکە ژینگەیەکی پاکترو بێ دەنـگ تـرو ئـارامترن ودورن لـەو جـۆرە پیسـبونانەی کـەزۆر باووبەربلاَون بەراوورد بەبەشەکانی ناوخۆی شـار.ئەمە جگەلـەوەی کـە ڕوداوەکـانی هاتوچۆ لەو ناوچانە کەمترە ژینگەی ناوچەکە سەوزای تـرە و نزیکـە لـە ژینگەیـەکی سروشتی و دور لە پیسـبونی هـەواو دەنگـە دەنـگ و ژاوە ژاوی سـەیارەو کارگـەو

دامەزراوە پیشەسازیەکان هەروەها دوورە لە جەنجاڵی و قەرباڵغی دانیشتوان بۆیە دانیشتوان ئارەزوو دەکەن ڕووبکەنە ئەو ناوچانە تیایدا نیشتە جێ بن.

- ✓ ناوچەیەکە بۆ ڕاکێشانی خێزانە هەژارەکان و ئەو کەسانەی داهاتیان سنووردارە.
- ✓ بوار دەڕەخسێنێت بۆ دابین کردنی هەلی کار بۆ خەڵکانی شارەزاو نەشارەزا .
- ✓ کەمکردنەوەی پەستان لەسەر ڕووبەری بەشەکانی تری شار.

## ث- چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی بەدیلکردنی شارەستانی:

ئەو کێشانەی بەهۆکاری ڕوودانی دیاردەی بەدیلکردنی شارەستانیەوە لەشاردا دروست دەبن دەکرێت بەپشت بەستن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە کۆنترۆڵیان بکەین یان لانی کەم کەمیان بکەینەوە.

- ✓ ڕاگرتنی گەورەبوونی شار (فراوانکردنی شار) بە ئاراستەی ئەو گوندانەی چواردەوری شاریان داوە، بەپێچەوانەوە هەوڵدان بۆ فراوانکردنی شار بەرەو ئەو ئاراستانەی کە دەرئەنجامی خراپیان نەبێت ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی گوندەکانی چواردەوری شار.
- ✓ حکومەت پلان دابنێت بۆ پاراستنی گوندەکان بە شێوەیەك ئیدارەی ناوچەکە ئامانجی بێت گوندەکان بپارێزێت ئەویش لە ڕێگەی دروست کردنی شاری پاشکۆ لەدەورووبەری شار یان دوور لە شار.
- ✓ هەوڵدان بۆ پەیڕەوکردنی شێوازی ستوونی و کەمکردنەوەی یان نەهێشتنی فراوانبوونی ئاسۆیی چونکە لانی کەم دەتوانین بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەناوبردنی گوندەکانی دەورووبەری شار دوابخرێت تا دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆیان

□

# شارنشینی و شاری زیرەك

## ١- شارنشینی

- ✓ شارنشینی و هۆکارەکانی دروستبونی شارنشینی
- ✓ جۆرەکانی شارنشینی
- ✓ زیانەکانی شار نشینی
- ✓ سودەکانی شارنشینی

## ٢- شاری زیرەك

- ✓ شاری زیرەك و تایبەتمەندیی و سودەکانی
- ✓ ڕەگەزەکانی شاری زیرەك
- ✓ گیروگرفتەکانی( کۆسپەکانی ) بەردەم شاری زیرەك

## یەکەم: شارنشینی :

ئەگەر پیشەسازی یەکەم شۆڕشی مەزنی بەردەوام بێت لەو سەردەمی ئێستادا ئەوا ئێستا شارنشینی دووەم شۆڕشی تازە بەردەوامە لە جیهاندا ،لەگەڵ ئەوەی شارنشینی دیاردەیەکی تازە نیە و هەزاران ساڵە پەی بە ژیان و نیشتە جێ بوون لەشارەکاندا بردوە، بەڵام دیاردەی شارنشینی بۆتە سیمای ئەم سەدەیە . چەرخی ئێستا بە گەشەی شارەستانی ناسراوە ئەویش بریتیە لە ئارەزووی دانیشتوان بۆ نیشتە جێ بوون لە شارەکاندا ئیدی شورەو کەندو بەرزاییەکان وپشتێنە سەوزاییەکان ناتوانن ببنە لەمپەر لەبەردەم فراوانبوونی شارەکان و تەشەنەکردنیان. ئەمەش وای کرد هەندێك زاراوەی جۆراوجۆر لەدەر ئەنجامی گەشەی شارنشینیەوە پەیدابن وەك : هەرێمی شار ، فراوانبوونی شار ، جەمسەرە پێگەیشتوەکان ، شارە ڕابەرەکان، دەوڵەتە شار. سەبارەت بە ناساندنی چەمکی شارنشینی: هەندێك پێیان وایە شارنشینی بریتیە لەکۆبونەوەو ئاپۆرە بەستنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لە شاردا یان بەرزبونەوەی ژمارەی دانیشتوانی شارەکانە لە کۆی دانیشتوان .شارنشینی بەوە پێناسە دەکرێت کە پرۆسەی وەرچەرخانە بەرەو شارو گواستنەوەیە بەرەو شارو بادانەوەیە لە کشتوکاڵەوە بۆ پیشەی دیکەی وەك بازرگانی و پیشەسازی.

**شارنشینی لە دیدی کۆمەڵناسان:** بریتیە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە لە ڕێگەی گواستنەوەی دانیشتوان بۆ شارەکان بە ئاکام دەگات گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانیش بریتیە لەگواستنەوەی کەلتورو دا بونەریتەکان و خەسڵەتەکانی لادێ بەرەو شارەکان ئەمە لەلایەك هەروەها پابەندبونی گوندنشینەکانە بەیاساو ڕێساکانی شاروشارەستانیەت لەلایەکی ترەوە. **نەتەوە یەکگرتوەکان:** وا پێناسەی شارنشینی دەکەن بریتیە لە ڕێژەی ئەو دانیشتوانەی کە لە ناوەندە شارەستانیەکاندا دەژین لەمەمانەکاتدا پێیان وایە کە

شارنشینی تەنها بریتی نیە لە کۆبوونەوەی دانیشتوان لـە شـارەکاندا بـەڵکو پێیان وایـە شارنشینی مانایەکی فراوانترو قوڵتری هەیە.

## أ- هۆکاری دروستبوونی شارنشینی

١- زیادبوونی سروشتی :ئـەویش بریتیـە لـە جیـاوازی نێـوان لـە دایکبـوون و مـردن.

٢- کۆچی گوندنشینەکان بەرەو شارەکان.

٣- دەسـت بەسـەرداگرتنی شارەسـتانی یـان (بـەدیلکردنی شارەسـتانی) بریتیـە لـە تێکەڵابوون و لکاندنی گونـدەکانی دەوروبـەری شـار بـە شـارەوە بـەهۆی فراوانبـوونی ڕووپێوی شارەکان.

### سێ لێك دانەوە بۆ چەمکی شارنشینی هەیە

یەکەم/ ڕەفتار: لێکدانەوەی شارنشینی کۆمەڵایەتیە کە بریتیە لە و پرۆسەیەی کۆچەر لە ڕێیەوە ڕۆڵ و شێوازی ژیان و ڕواڵەتەکانی تری شارستانی دەست دەکەوێت.

دووەم/ بونیاتگـەرایی : ئابووریـە پەیوەسـتە بـە وەرچـەرخانی خـەڵك لـە گرووپـی کشتوکاڵیەوە بۆ غەیری کشتوکاڵی .

سێیەم/ دیمۆگرافی: هەرچی لێکدانەوەی سێیەمە دیمۆگرافیە پێی وایە شارنشینی بریتیە لە جۆری دانیشتوان.

## ب- جۆرەکانی شارنشینی

✓شارنشینی بە پلان: بریتیە لە و شارنشینیەی پلە بە پلە ڕوودەدات و بە شێوەی کتو پڕ ڕوونادات و لـە چوار چێوەی پلانی حکومەت دا ڕوو دەدات لەم جۆرە شارنشـینیەدا

هاوسەنگی هەیە لە پەرە پێدانی کەرتەکان ئەمەش دەبێتە هۆکاری فراوانبوونی چالاکیەکان لە ناوشارد.

✓ شارنشینی نەشاز: ئەو شارنشینیە یە کە بە شێوەیەکی کتوپڕ و بێ بوونی پلانی پێش وەخت ڕوو دەدات دەکرێت دەر ئەنجامی گۆڕانکاریە کتوپرە ئابووری و سیاسی و ژینگەییەکان بن کە دووچاری شار دەبنەوە.

✓ شارنشینی ساختە : بریتیە لە مانەوەی کۆمەڵە هاتوەکان بۆ شارو بەردەوام بوونیان لەسەر خەسڵەتە لادێییەکانیان ئەگەر چی لە ناوەندە شارەستانیەکاندا دەژین.

✓ شارنشینی سەرەتایی : بریتیە لەو جۆرە شارنشینیەی کە تازە خەسڵەتەکانی شارەستانی چۆتە ناویانەوە سەری هەڵداوە واتا پرۆسەی شارنشینی لە قۆناغی سەرەتا دایە.

**خشتەی ژمارە (١)**

ئاستی شارنشینی لە جیهاندا لە١٨٠٠-٢٠٥٠ %

| ساڵ | وولآتە پێشکەوتوەکان | وولآتە دواکەوتوەکان | جیهان |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٠ | ٥٢.٥ | ١٦.٧ | ٣٠ |
| ١٩٧٠ | ٦٧.٥ | ٢٨ | ٣٩.٣ |
| ٢٠١٠ | ٧٨.٨ | ٤٣.٥ | ٥١.٣ |
| ٢٠٥٠ | ٨٦ | ٦٤ | ٦٠ |

CamScanner

## ن- زیانەکانی شارنشینی بێ پلان

لە ڕاستیدا شارنشینی دەکرێت زیانی هەبێت ئەویش دەکرێت لەم چەند خاڵەی لای خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:

✓ شار ناتوانێت خزمەتگوزاریکانی تەندروستی ،ئاو ، کارەبا هتد.. بۆ ئەو ژمارەی لە دانیشتوان کە بە شێوەیەکی کتوپڕو بێ بەرنامەو پلان زیاد دەکات دابین بکات.

✓ ناتوانێت زەوی نیشتەجێبون کە گرنگترین پێداویستی دانیشتوانی شارە بۆئەو ژمارەیەی لە دانیشتوان کە زیادی کردوە دابین بکات.

✓ سەرهەڵدانی کێشەی جۆراوجۆر لەشارەکاندا وەك پیسبونی ژینگەی شارو بەرزبونەوە پلەی گەرماو فراوانبونی دوورگەی گەرمی لەشاردا هتد...

✓ لاوازبوونی ئاستی خزمەتگوزاریەکان لەشارد چونکە بەهۆکاری خێرایی و بێ پلانی زیادبوونی دانیشتوانی شار لەوقۆناغەدا شار ناتوانێت لە ئاستی داواکاریەکان و پێداویستیەکانی دانیشتوانەکەی دابێت.

✓ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە و خێرایە لەشارەکاندا دەبێتە هۆکارێك بۆ دروستبوونی تاوان و دزی و کوشتنی زیاتر هتد....

✓ بەریەك کەوتنی دوو نەریت و کەلتوری جیاوازی شارو گوند کە زۆر جار پێکەوە نەگونجێن و پەل دەکێشێت بۆ دروست بوونی چەندین کێشە و گیروگرفتی جۆراوجۆر.

✓ گواستنەوەی داب و نەریتەکان و خەسڵەتەکانی گوند بۆ شارو پیادەکردنیان لەشاردا.

✓ ئەو پلانانەی حکومەت دای دەنێت و ئەو پەرە پێدانەی کە ئەنجامی داون لە ژێرکاریگەری ئەو دانیشتوانەی بەبێ بەرنامە لە شارەکاندا زیادی کردوە

دەرناکەوێت ،ئەمەش وادەکات کێشەکان جارێکی ترلە شاردا دووبارە ببنەوە و توانای کۆنترۆڵکردنیان ئەستەم بێت.

- ✓ دەبێتە هۆکارێك بۆ تێکچونی هاوسەنگی پلان و پەرەپێدان لە نێوان شارو لادێ هەروەها دروستبونی ئەم ناهاوسەنگیەش پەل دەکێشێت بۆ دروست بوونی چەندین کێشەی جۆراوجۆر لە دیارترینیان جێ هێشتنی زەویە کشتوکاڵیەکانی لادێکانە ئەمەش کاریگەری خراپ دەکاتە سەر ئابووری شارو دەوڵەت.

## ث - سودەکانی شارنشینی

وەك ئاشکرایە ئەگەر شارنشینی لە چوارچێوەی پلان و بەرنامەدا ڕوووبدات بێگومان سودی هەیە ئەویش دەکرێت لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا خۆی ببینێتەوە:

- ✓ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شار بێگومان ئاماژەیە بۆ گەشەکردنی شارو شارەستانیەت.
- ✓ ئاماژەیە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری و فێربوون.
- ✓ ئاماژیە بۆگەشەکردنی دەوڵەت ،چونکە شارەکان لەکۆندا هێماو ڕەمزی دەوڵەت بون.
- ✓ ئاماژیە بۆ گەشەکردنی بوارەکانی ئابووری و پیشەسازی و تەکنەلۆجیا،چونکە پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆجی سەرچاوەکانیان بریتیە لەشار..
- ✓ هۆکارە بۆ دروستبوونی شاری ڕابەر.
- ✓ فراوانبوون و گەشەکردنی شارەکان دواجار کاریگەری دەکاتە سەر دروستبوونی هەرێمی شار.

# دووەم: شاری زیرەك:

دیکنسون لە کتێبەکەی دا بەناوی ( داهاتو ) باس لەو گۆڕانکاریانە دەکات کە لە ١٠٠ ساڵی داهاتوو دا زۆر بەخێرایی لەجیهان ڕوودەدەن دەڵێت ئێمە داهاتوو کۆنترۆڵ دەکەین یان داهاتوو ئێمە کۆنترۆڵ دەکات لەسەر داهاتووی شارەکان دەڵێت لەداهاتوو دا شاری زیرەك دروست دەبن مەبەستیش لە شاری زیرەك:

وێنەی ژمارە (٢٥)
شاری زیرەك



* ئەو شارانەن کە گەورەن لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەرەوە.
*جیاوازن لە ڕووی مۆرفۆلۆجیانەوە بەجۆرێك بە ئاراستەی ستونی فراوان دەبن هەروەها باشترین و پێشکەوتوترین دیزاین و کەرەستەو ...هتد تێدا بەکار دەهێنرێت.

* پشت بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و ئامێرو ئامرازەکانی پەیوەندی دار بە ئەنتەرنێتەوە دەبەستن .

*دانیشتوانەکە شیان جیاوازن لە ڕووی زانستی و ڕۆشنبیریەوە بەجۆرێك کە لە ئاستێکی بەرزی زانستی دان.

* شارەکان لە ڕووی بەڕێوەبردن و خزمەتگوزاریەکانی پەروەردەو تەندروستی ئەمن و ئاسایش و گواستنەوەو سیاسەت و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەوە گۆڕانکاریان بەسەر دادێت بەجۆرێك گەشە و جولەی شارەکان و باڵادەستی شارەکان تێکەڵاوی تەکنەلۆجیا و کەسانی هۆشیارو زیرەك لە ڕووی تەکنەلۆجیا دەبن .

شاری زیرەك واتا شاری هۆشمەند واتا ئەو شارەی تەکنەلۆجیا بەکاردەهێنێت بۆ دابین کردنی خومەتگوزاریەکان و کۆنترۆلکردن و چارەسەر کردنی کێشەکانی شار، هەرچەندە چەمکی شاری زیرەك تازەیە لە ساڵی ٢٠٠٠ سەری هەڵداوە بەڵام بیرۆکەکەی کۆنە و ڕۆمانیەکۆنەکان ڕەگەزەکانی شاری زیرەکیان لە شارەکانیاندا بەکارهێناوە.

شاری زیرەك واتا بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای هاوچەرخ بە هەموو بەشە جیاوازیەکانیەوە بەهاوکاری هەبوونی سەرچاوەیەکی مرۆیی هۆشیار و ژیر لەو بوارەدا کەواتا تەکنەلۆجیا چەترێکی گرنگی شاری زیرەکە و کلیلی سەرکەوتن و گەشەپێدانی شاری زیرەکە .چەمکی شاری زیرەك ئاماژەیە بۆ بەژداری کردنی سیاسەتمەداران و ئابوری ناسان و بەڕێوەبەر و بەرپرسانی پلان دانانی شار هتد .... ئەمەش بە ئامانجی هێنانەدی گۆڕانکاری لە ستایل و شێوازی ژیان لە شاردا کە پشت بە تەکنیك و تەکنەلۆجیای هاوچەرخ و ئەنتەرنێت دەبەستێت.

## أ- تایبەتمەندیەکان و سودەکانی شاری زیرەك:

بێگومان شاری زیرەك سودی هەیە ئەوانیش بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

- ✓ شارێکە لە چوارچێوەی ماستەر پلانی شار گەشەدەکات هەر شارێکیش لە چوار چێوەی ماستەر پلان گەشە بکات وفراوانبێت بێگومان کەمترین کێشە هەیە ودەتوانێت سەرجەم داوکاریەکان وخزمەتگوزاریەکان بۆ دانیشتوانەکەی لە ئاستێکی بەرزدا دەستەبەربکات.
- ✓ پشت بە تەکنەلۆجیا وئەنتەرنێت دەبەستێت بەشێوەیەك هەموو پەیوەندیەکان و ئاڵوگۆڕەکان لە ڕێگەی ئەنتەرنێتە وە ئەنجام دەدرێت.
- ✓ ژمارەی دانیشتوانی زۆرە و بەردەوام لە گەشەکردندایە .
- ✓ ڕووبەری فراوانەو مۆرفۆلۆجی شارەکە زیاتر خۆی لە بینار باڵەخانەی بەرزی چەندین نهۆمی و پێشکەوتودا دەبینێتەوە.
- ✓ دۆستی ژینگەیە بە شێوەیەك شاری زیرەك لە جەنگ دایە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریە نەرێنیەکان لەسەر ژینگە هەروەها بۆ بە دەستهێنانی جۆرەکانی ووزەی کارەبا پشت بە ووزەی خۆر وهێزی باو گەرمای ناخی زەوی دەبەستێت .
- ✓ خۆڕاگرە بەرامبەر کارەساتە سروشتیەکان.
- ✓ دانیشتوانەکەی جیاواز لە دانیشتوانی شارەکانی تر،چونکە لە بورای تەکنەلۆجیا شارەزایەکی باشتریان هەیە هەروەها دانیشتوانی شاری زیرەك بەگشتی لەئاستێکی بەرزی زانستی و ڕۆشنبیری دان.
- ✓ زۆربەی کاروبارەکانی شاری زیرەك وەك بازرگانی و پیشەسازی و ئەمن و ئاسایش و تەندروستی و پەروەردە و نیشتە جێ بون و گواستنەوە وهاتوچۆو کەمکردنەوەی جەنجاڵی شار ..هتد لەرێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاو ئەنتەرنێتەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و بەڕێوە دەبرێت .

- ✓ لە ڕووی تەندروستی و پەروەردەو ئەمن و ئاسایش و نیشتە جێ بون سەرجەم خزمەتگوزاریەکان لە ئاستێکی بەرزدایە بەشێوەیەك لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم دا هەنگاو دەنێت.
- ✓ بەردەوام مامەڵە لەگەڵ داتاوزانیاری و ژمارەو نەخشە و مانگە دەستگردەکان و ئامێرو ئامرازە تەکنەلۆجیەکان و ئەنتەرنێت دەکات هەر ئەمە ش وای کردوە بە شاری زیرەك یان شاری ژمارە بناسرێت
- ✓ لەدروست کردن و گەشەپێدانی هەرسیستەمێکی زانیاری ئەلکترۆنی بۆشار پێش وەختە پێویستە پەیرەو پرۆگرامیك و دەستورێك هەبێت تا داتاوزانیاریەکانی شارەکە و حکومەت لەگەڵ ئەو زانیاریانەی تایبەتن بە هاوولاتیانی شارەکە لەسەرجەم بوارەکاندا لەچوارچێوەی یاساو دەستوردا پارێزراوبن.
- ✓ لەبەرچاوگرتنی ژیانی شار پێش پێگەی شار لەبەر چاوگرتنی پێگەی شار پێش تەکنەلۆجیا.
- ✓ بونی دیدگا لەبەردەم فراوانبوون و گەشەکردنی شار بەپێی کات و سەردەم.
- ✓ دڵنیابون لەوەی فراوانبوون وگەشەکردنی ژێرخانی شار لەگەڵ هەموو پێشکەوتنە تەکنەلۆجەکاندا گونجاوەو تەواوکەری یەکترن.
- ✓ لەپلانی پرۆژەی باڵەخانە بەرزە هاوچەرخەکاندا دەبێت هەموو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیە هاوچەرخەکان لەبەر چاو بگیرێت وپلانی کراوەو مۆدیرن و ستراتیجیان هەبێت بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی شار.
- ✓ هەموو پلانەکانی پێشخستنی شار دەبێت دڵنیایی ئەوە بدات کە توانای ئەوەیان هەیە جۆرێك لە جۆرەکانی شاری زیرەك و شارنشینی هاوچەرخ دروست بکات.
- ✓ ئەرکی حکومەتە لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە یارمەتی بلاوکردنەوەی هۆشیاری بدەن لە هەموو ئاست و سیکتەرەکاندا و ناوەندە جیاوازەکان دەربارەی گرنگی شاری

زیرەك و تەكنەلۆجیا. كەواتا بەگشتی شاری زیرەك خاوەنی ئەم ڕەگەزە گرنگانەی لای خوارەوە:

( ئابووری زیرەك – كەسانی زیرەك– بەژداریكردن لە بڕیاری زیرەك – گواستنەوەو نیشتەجێ بوونی زیرەك – ژینگەی زیرەك– تەندروستی و پەروەدەو خزمەتگوزاری هاوچەرخ و زیرەك – داهێنەرانەیە لە چارەسەركردنی كێشەكانی شار– گرێدانی ئامێرە ئەلكترۆنیەكان بەیەكەوە– بەكارهێنانی ووزەی سەردەمی – بەكارهێنانی تەكنەلۆجیای سەردەمی)

## ب- كۆسپەكانی (گیروگرفتەكانی) بەردەم شاری زیرەك:

- ✓ پێویستی بە ئاستێكی بەرزی دارایی هەیە .
- ✓ پێویستی بە توانایەكی مرۆیی پیوویست هەیە لەكەسانی شارەزاو لیهاتو لە سەرجەم بوارەكان بەتایبەت لە بواری تەكنەلۆجیاوئەنتەرنێت
- ✓ پێویستی بە تەكنەلۆجیایەكی هاوچەرخ وپێشكەوتو وهەیە .
- ✓ پێویستی بە ئامرازو ئامێری جۆراو جۆری هاوچەرخ هەیە بۆ بە دەست هێنانی داتاو زانیاریەكان و ناردنیان و شیكردنەوەی داتاكات .
- ✓ شاری زیرەك داهاتومان پێ دەفرۆشێت.
- ✓ گەورەترین كۆسپ و و زیانی شاری زیرەك ئەوەیە بە ڕوودانی كەمترین هەڵەی لە بورای تەكنەلۆجیا و ئەنتەرنێت و پچرانی سەرچاوەكانی ووزە و ئەنتەرنێت دەكرێت گەورەترین و زۆرترین و مەترسیی دارترین زیانی ئابوری و گیانی لە شارەكەدا ڕوو بدات .
- ✓ لەگەڵ ئەوەی داتاو زانیاریەكانی حكومەت و هاولاتیان پارێزراون بەلام دەكرێت لەگەڵ ڕوودانی هەڵەیەك و كەموكوڕیەك لە لە سیستەمی تەكنەلۆجیاو ئەنتەرنێت ئەو

CS CamScanner

داتاوزانیاریانە لە ناوبچن یان بدزرێن و بەمەش زیان بەر تەواوی سیکتەرەکانی شارەکە یان یەکێك لە سێکتەرەکانی شارەکە بکەوێت.

✓ بەردەوام داتاو زانیاریەکان و ئامێرو ئامرازەکان و ستافی شارەزا لە بواری تەکنەلۆجیا پێویستیان بە خۆتازە کردنەوە هەیە لەگەڵ گەشەکردنی سەردەم دا، چونکە وانە بێت شارەکە دا دەبڕێت لە ڕووتی گەشەکردنی هاوچەرخ

□

# قەبارەی شارەکان

- ✓ پۆلێن کردنی شارەکان و هۆکارەکانی گەشەکردنی
- ✓ یاسای ڕێکخستنی شارەکان
- ✓ تێڕوانینی جوگرافی ناسان لەسەر یاسای ڕێکخستنی شارەکان

CS CamScanner

مەبەست لە قەبارەی شار زانینی ژمارەی دانیشتوانی شارە ، بێگومـان زانینـی ژمـارەی دانیشتوانی شاریش ئاماژەیـە بـۆ زانینـی ئاسـت و پلـەی کاریگـەری ودەسـەڵاتی شـار، لەڕاستیدا زانینی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان پێوویست و گرنگە چـونکە شـارەکان لـە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لەیەکتری جیاوازن وەك ئاشکرایە شارەکان بەردەوام ناوەندی ڕاکێشانی بەرچاوی دانیشتوانن بەتایبەت لەوکاتانەی کە شار پێگە و شوێنێکی جـوگرافی گرنگـی هـەبێت هـەروەها لـە ڕووی وەزیفـەکان وخزمەتگوزاریەکانیـەوە گەشـەکردنی بەخۆیەوە بینیـوە وەك ئاشـکرایە شـارەکان لـە ڕووی دابینکردنـی ئەوخزمەتگوزاریانـەی پێشکەشی دانیشتوانەکەی دەکات جیاوازن ئەم جیاوازیەش لـە پێشـکەش کردنـی خزمـە تگوزاریەکان وای کردوە تەنها ژمارەی دانیشتوان و قەبارەی شار دیاری نـەکات. ئەگـەر ئاماژەیەك بە وڵاتانی پێشکەوتوی خـاوەن پیشەسـازی بکـەین وەك وڵاتـانی ڕۆژئـاوای ئەورووپا و یابان شارۆچکەی بچوکیان هەیە کە ژمارەی دانیشتوان یان لە دەوروبـەری ٣ هەزار کەسە هەرچەندە ژمارەی دانیشتوانیان کەمـە بـەڵام شـارێکی ڕاسـتە قینـە گرنگـە چونکە شارەکە توانیویەتی خزمەتگوزاری و پێداوویستیەکانی بـۆ دانیشـتوانەکەی دابـین بکات بەڵام لە بەرامبـەردا لـە وڵاتـانی دواکـەوتو هەنـدێك لـە شـارەکانیان ژمـارەی دانیشـتوانیان دەگاتـە زیـاتر لـە ٣٠ هـەزار کـەس بـەڵام لـە ڕووی دابـین کردنـی خزمەتگوزاریەکانەوە زۆر لاوازە و بگرە هەندێ خزمەتگوزاری هەر تێدانیە ئەمـەش وای کردوە کە شار نەتوانێ پێداوویستیەکان بۆ دانیشتوانەکەی دابین بکات.

□

## أ: پۆلێن کردنی شارەکان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان

ئەگەر ئاماژەیەك بە پۆلێن کردنی شارەکان بکەین بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانیان دەبینین شارەکان لە ڕووی قەبارەی دانیشتوان جیاوازیان هەیە ئەم جیاوازیانەش لەخوارەوە ڕوون دەکەینەوە.

١- ئەو شارانەی قەبارەی دانیشتوانیان دەگاتە ٢- ٥ هەزار کەس بەشاری زۆر بچوك دادەنرێت و هەڵگری خاسیەت و تایبەتمەندی گوندن.

٢- ئەو شارانەی قەبارەی دانیشتوانیان لە نێوان ٥- ٢٠ هەزارکەسە بەشاری بچوك دەناسرێن .

٣- ئەو شارانەی قەبارەی دانیشتوانیان لە نێوان ٢٠- ١٠٠ هەزارکەسە بەشاری مام ناوەند دەناسرێت.

٤- ئەو شارانەی قەبارەی دانیشتوانیان لە نێوان زیاتر لە ١٠٠ هەزارکەسە ئەوانە بە شاری گەورە دەناسرێن.

٥- ئەو شارانەی قەبارەی دانیشتوانیان لە ملیۆنێك کەس زیاترە ئەو شارانە بە شاری ملیۆنی دەناسرێن و پێیان دەگوترێت شاری میترۆپۆلیتانی هەندێك جار بە شاری دایکیش دەناسرێن .

## ب- هۆکارەکانی گەشەکردنی قەبارەی دانیشتوانی شارەکان

چەندین هۆکاری لەیەکتری جیاواز هەیە کاریگەری دەکەنە سەر گەشەکردنی قەبارەی دانیشتوانی شارەکان ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- پێگەو هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی شار: پێگەو شوێنی جوگرافی شار کاریگەری هەیە لەسەر زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شار چونکە چەندە شوێنی جوگرافی شارسەنتەری بێت و پەراوێزی نەبێت ئەوەندە زیاتر یارمەتی دەرە لە گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوانی شار هەروەها چەندە گوند و شارۆچکەی زیاتری بەدەورەوە بێت

دانیشتوان لەو ناوچانەوە بەرەو شار. لەمە نەوەندە زیاتر هۆکار دەبێت بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان لەو ناوچانەوە بەرەو شار. لەمە جگە لەوەی هەڵکەوتەی پێگەی شار لە ناوچەیەکی دەشتایی فراوان و دەوڵەمەند لە ڕووی ئابووری زیاتر یارمەتی دەرە لەگەشەکردنی و گردبونەوەی ژمارەیەکی زیاتر لە دانیشتوانی شار بە پێچەوانەوە هەڵکەوتەی شار لە ناوچە پەراوێزو دوورە دەستەکان ناوچەیەکی شاخاوی‌ونالۆزو هەژار لە ڕووی ئابوری و پەیوەندیەکان دەبێتە هۆکارێك کەمتر دانیشتوان ڕووی تێ بکات بێگومان ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان.

٢- پێشکەوتنی هۆیەکان وئامرازەکانی گواستنەوە وهاتوچۆ: لەڕاستیدا چەندە شار پەیوەندیەکانی لەگەڵ گوند و شارو شارۆچکەکانی دەوروبەری و دوور لە خۆی زیاتر بێت ئەوەندە یارمەتی زیاتری زیادبوونی قەبارەی دانیشتوانەکەی دەدات هەروەها چەند ئامرازەکانی گواستنەوەو گەیاندن جۆراوجۆربن و کار ئاسانی بۆ گواستنەوەو گەیاندنی دانیشتوان و کەل و پەلەکانیان بکەن ئەوەندە زیاتر یارمەتی دەر دەبێت بۆ ڕاکێشان و گردبونەوەی دانیشتوان و زیادبوونی قەبارەی دانیشتوانی شار.

٣- پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و گەشەکردنی بواری ئەندازیاری کاریگەری بەرچاوی کردۆتە سەر گۆڕانی مۆرفۆلۆجی شارەکان ئەمەش بو بەهۆکاری دەرکەوتن و گەشەکردنی شێوازی فراوانبوونی ستونی شان بە شانی فراوانبونی ئاسۆیی بێگومان ئەم شێوازە فراوانبوونە ستونیەش کاریگەری کردۆتە سەر گەشەکردنی قەبارەی دانیشتوانی شارەکان،چونکە فراوانبونی ستونی دەرفەتی زیاتر بۆگردبونەوەی دانیشتوان لەشارەکاندا دەڕەخسێنێت.بێگومان پێگەو شوێنی جوگرافی شار ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە گەشەکردنی قەبارەی شارەکان و گەشەکردنی چالاکیە ئابووریەکانی شار وەك ئاشکرایە ئەگەر پێگەی شار لە ڕووی چالاکیە جۆراو جۆرە ئابوریەکانەوە گونجاو بێت ئەوا چەندین دەستکەوتی ئابوری و دارایی و ...هتد بە دوای خۆی دا دەهێنێت کەیارمەتی دەر دەبێت لە گەشەکردن و پێشکەوتنی شارو گەشەکردنی

دانیشتوانەکەی. لە ڕاستیدا چەندین پێگەی جۆراوجۆرمان هەیە کاریگەری هەیە لەسەر گەشەکردنی قەبارەی دانیشتوانی شارەکان وەك پێگەی ئاوی ، دەشتایی ، شاخاوی ، بەلام وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ناوچە شاخاویە تەنگەبەرەکان یارمەتی دەر نین لە گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان ، چونکە دەرفەتی فراوانبوون و گەورە بوونی شارەکان لە ناوچە شاخاویەکان کەمترە هەروەها ئەنجام دانی پەیوەندیەکان و پێکەوەبەستنی شار لەگەل ناوچەکانی دەوروبەر کەمترو لاوازە.

گەشەکردنی شارەستانیەت و بونی ئامرازوکەرەستە نوێکان کاریگەری هەیە لەسەر گەشکردنی بواری پیشەسازی و کشتوکالی کە دانیشتوان پێویستیان پێیەتی هاوکات لەگەل ئەمەش دا پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و شارەستانیەت هەندێ جار کاریگەری خراپیشی هەیە، چونکە دەرفەت دەرەخسێنی بۆ گوند نشینەکان کۆچ بکەن بۆ شارو سەرقالی ژیان و پیشەی شار بێ بێگومان کۆچی گوندنشینەکان بەخێرایی و بێ پلانی پێش وەخت دەبێتە هۆکاری دروستبونی فشار لەسەرخزمەتگوزاریەکانی شاروخێرایی گەشەکردنی قەبارەی دانیشتوانی شار لە بەرامبەریشدا کاریگەری دەکاتە سەر گوندەکان بەشێوەیەك گوندەکان و زەویە کشتوکالیە کان ڕووبە ڕووی چۆل بوون دەبنەوە چۆلبونی زەوی کشتوکالی گوندەکانیش کاریگەری خراپ دەکاتە سەر لاوازی باری ئابووری لە شارەکاندا .

هۆکارە مرۆییەکانیش کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر گەشەکردنی قەبارەی دانیشتوانی شارەکان هۆکارە مرۆییەکانیش ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە وەك کۆچکردن ، زیادبوونی سروشتی ، چالاکیە ئابووریەکان، ڕێکخستنی ئابووری شار ، باروودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی ...هتد دەکرێت بلێین ئەو ولاتانەی مێژوویەکی دێرین و ئابوریەکی گەشەکردوو بەهێزیان هەیە و خاوەنی پیشەسازی پێشکەوتون و سەقام گیری سیاسین ئەوانە شارەکانیان لە ڕووی قەبارەی دانیشتوانەوە گەورەن بەراوورد بەو ولاتانەی کە ئابوریەکی لاوازیان هەیە و لە ڕووی پیشەسازیەوە

لە راستیدا ئێستا زۆرێك لە دواکەوتون و هەروەها لە ڕووی سیاسیەوە ناسەقامگیرن لە وولاتانی دواکەوتوش لە ئێستادا وولاتانی پێشکەوتوی جیهان تەنانەت هەندێ هەندێ لە هەوڵ دەدەن پلان و بەرنامە ڕێژی دا بنێـنن بـۆ دووبـارە ڕێکخستنەوەی کۆچی گونـد نشینەکان بـۆ شـارەکان ئەمـەش بـە ئامـانجی ڕێگریکـردن و کـۆنترۆلکردنی خێرایـی گەرەبوونی قەبارەی دانیشتوانی شارەکان و هێنانەدی هاوسەنگی پەرەپێدانی شـارو لادێ ئەمەش بە ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ سەرجەم ئـەو کێشـانەی لـە ژێـر کاریگـەری کۆچی گوندنشینەکان بۆ شارەکان و چەندین هۆکاری تـر لـە هـەردوو ژینگـەی شـارو لادێ دروست دەبن .

## یاسای ڕێکخستنی شارەکان:

جوگرافی ناسان هەوڵیان داوە بۆ دۆزینەوەی یاسای جۆراو جۆر بۆ ڕێکخستنی شـارەکان لەڕووی قەبـارەی دانیشـتوانەوە بەتـایبەتی دوای شۆڕشـی پیشەسـازی و دەرکەوتنی شاری گەورە لە جیهاندا وەک:

### ١. یاسای شاری یەکەم: (شاری سەرەکی)

ئەم یاسایە ( مارک جفرسون ) ئاماژەی پێکردووە، بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوەی لەسەر(٢٨ ) شاری وولاتانی جیهان کردووە، بەپێی ئەم یاسایە شارێکی سەرەکی لە هەرێمێکی دیـاری کراودا دەردەکەوێت، لە شـارەکانی وولاتـانی تـازە پێگەیشتوودا لە بەرئەوەی ناهاوسـەنگیەکی زۆر هەیە لە دابەشـبوونی دانیشـتواندا وەک لەشـارەکانی وولاتانی پێشکەوتوو، لەبەر ئەوە لەشارەکانی وولاتە تـازە پێگەیشتووەکاندا ئەم ڕواڵەتە زیاتر بەرچاو دەکەوێت، کەیەک شار لەهەرێمێکدا ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان لەخۆ

دەگرێت، وە بۆ زانینی ئەوەی ئایە تاچ رادەیەک یاسای شاری سەرەکی جێبەجێدەکرێت سەرەتا دەبێت بزانین یاسای شاری سەرەکی چیە؟

بەپێی یاسای شاری سەرەکی ئەگەر لە هەرێمێکی دیاریکراودا کە چەند شارێکی تێدایە ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی شاری یەکەم دابەشکرا بەسەر کۆی ژمارەی سێ شاری دوای خۆی ( دووەم و سێ یەم و چوارەم ) وە ئەنجامەکەی لە(٢) زیاتر بوو مانای وایە شاری یەکەم شاری سەرەکییە لەو هەرێمەدا، بەپێی ئەم یاسایەی خوارەوە :

یاسای شاری سەرەکی = ژمارەی دانیشتوانی شاری یەکەم / کۆی ژمارەی دانیشتوانی شاری دووەم و سێیەم و چوارەم = ( )

$$3.9 = \frac{569123}{143203}$$

جفرسون لێکدانەوەیەکی جوگرافی ووردی بۆ پەیوەندی پێچەوانە لە نێوان قەبارە و رووبەردا کردوە، بەشێوەیەک شارەگەورەکانی بە درەختێکی گەورە چواندوە کاتێک رووناکی لەسەر رووەکە بچووکە حەرام دەکەن کە کاریگەری دەبێت لەسەر گەشەو بالای رووەکە بچووکەکان، بەم شێوەیە زیادبوونی قەبارەی شارەگەورەکانی کاریگەری خراپی هەیە لەسەر شارە بچووکەکان دەبێتە هۆی راکێشانی ژمارەیەک لە دانیشتوان و پیشەی جیاواز بەلای خۆیدا، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر قەبارەی شارەکە هەروەک ( لینسکی ) ئاماژەی پێکردووە بە تایبەت لە بواری کشتوکاڵی و پیشەسازی شارەکە.

لەگەڵ ئەوەشدا زیادبوونی دانیشتوان لە ساڵێکدا نابێت لە(٨،١%) کەمتربێت ، ئەو وولاتانەی خاوەن ئابووریەکی پێشکەوتوون خاوەن کۆمپانیا و بازرگانین وای کردوە دەستکەوتەکان لە دەستی چەند کەسانێکی کەمدابن ، هەندێ لەپایتەختی وولاتانی جیهان هەڵسوکەوتیان بەم بارودۆخە ئابووریەوە کردوە کە بۆتە هۆی زیادبوونی قەبارەی دانیشتوانیان، بەتایبەتیش وولاتانی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا.

سەبارەت بە وولاتانی عەرەب یاسای جیفرسون بەسەریاندا جێبەجێ بووە بۆنموونە لەسەر سێ شاری عێراقیدا جێبەجێ بووە بەپێی سەر ژمێری ساڵی(١٩٦٥) لەوانەش وەکو شاری(بەغداد) کە یەک ملیۆن و نیو کەس بووە ، شاری دووەم( بەصرە)یە کە( ٣٥٠) هەزار کەس بووە وەشاری سێەم موصل بوە کە( ٢٥٠ )هەزار کەس بووە، هۆکاری ئەم جیاوازیەش لە ژمارەی دانیشتوانی شارەکاندا بەهۆی ئەو هۆکارانەوە بوە کە پێشتر باس کراون.


لە کۆتایدا ئەگەر سەرنجی ئەم یاسایە بدەین دەبینین تەنها پەیوەندی نێوان شاری یەکەم و سێ شاری تری دوای خۆی نیشانداوە ، بەڵام چەند یاسایەکی تر پەیوەندی نێوان شاری زیاتر نیشان دەدەن لە ڕووی قەبارەی دانیشتوانەوە وەک یاسای (جۆرج زیف) کە باسی پلەو قەبارەی شارەکان دەکات.

## یاسای پلە یان قەبارە :

جۆرج زیف لێکۆڵینەوەی کردووە لەسەر کۆمەڵێک لەشارەکانی ئەمریکا کە گەیشتووە بەهەبوونی پەیوەندیەک لە نێوان ئەو شێوازەی کە شارەکان لە ڕیزبەندیەکی ڕێک و پێک وەری دەگرن لەسەر پلانی دابەشکراوی ( لۆگاریتمی )

زیف یاسایەکی دانا بۆ قەبارەی شارەکان کە پێی وابوو شارەکان لە گەورەترین شارەوە بۆ بچوکترین شار لە هەرزەمێکدا لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە ڕێک دەخرێن، بۆ ئەمەش هێڵکاریەکی ( لۆگاریتمی) بۆ یاسای قەبارەو پلەی شارەکان کێشا کە لەدوو

ئەوەرە پێکهاتووە ، ئەوەرەیەکیان ستوونیە بۆ قەبارە یان ڕێژەی دانیشتوان ئەوەرەکەی تر ئاسۆییە بۆ پلەی شارەکان. بەپێی یاساکە هێڵێک دەکێشرێت کە لارە بەم شێوەیەی لای خوارەوە :




بۆ کێشانی ئەم هێڵانەش یاسایەکی داناوە بۆ قەبارەی شارێک یان هەرێمێک ، ئەو کاتە قەبارەی شارەکە بەم یاسایە دەردەهێنرێت $\frac{\text{ن}}{\text{١}}$ وە بۆ ڕێکخستنی شارەکانی تریش هەموو دەتوانی بەم یاسایە دەربهێنی.

ئەگەر ژمارەکە لێکدانی ژمارەی دانیشتوانی شارێک بکەین ئەوا ئەو ئەنجامەی دەردەچێت یەکسان دەبێت بە قەبارەی شاری یەکەم بۆنموونە ئەگەر قەبارەی شاری

پێنجەم( ٤٠٠) هەزار کەس بێت ئەوا شاری یەکەم قەبارەکەی دەبێت بە ٢،٠٠٠،٠٠٠
بەم شێوەیە

٤٠٠،٠٠٠ × ٥ = ٢،٠٠٠،٠٠٠

ئەمەش بەهۆی ئەم یاسایەی خوارەوە دەبێت :

$$\frac{\text{ڕیزبەندی شاری یەکەم}}{\text{ڕیزبەندی بچووکترین شار}} = \frac{\text{ژمارەی دانیشتوانی بچووکترین شار}}{\text{ژمارەی دانیشتوانی شاری یەکەم}}$$

$$\frac{١}{٥} = \frac{٤٠٠٠٠٠}{٢٠٠٠٠٠٠}$$

زیف لەیاساکەیدا ڕێژەی لە(١٠٠ %)ی بۆ شاری یەکەم داناوە، وەشاری دووەم نیوەی دانیشتوانی شاری یەکەمە وەشاری سێیەم سێیەکی دانیشتوانی شاری یەکەم، بەم شێوەیە قەبارەی شاری پێنجەم یەکسان دەبێت بە(٥/١)ی شاری یەکەم وەک لەم زنجیرەیەدا هاتووە( ١ ، ٢/١ ، ٣/١ ، ٤/١ ، ٥/١)

یاسای زیف تەواو پێچەوانەی یاسای( جفر سون) ە ، زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا گەیشتوونەتە ئەوەی کە یاسای( زیف ) یاسانیە ، بەڵکو تەنها شتێکی سەر ژمێری و ئامارییە ، ئەوان دەڵێن پێویستە بۆ لاریەکی ئاسایی دابەشبوونی دانیشتوان دەربکەوێت، کە پێویستە لەدوای ئەمەش چەماوەکە بشکێتەوە بە هۆکاری گەشە کردنی دانیشتوان ، وە ئەوان ڕەخنەی ئەوەیان لە زیف گرتووە کە یاساکەی تەنها لەسەر چەند شارێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جێ بەجێ کردوە، وەکو نیۆرک و شیکاگۆ و لۆس ئەنجلوس.

دوای( زیف) زانایەکی تر بەناوی (ستیوارت) ئەو یاسایەی لەسەر(٧٢) شوێن جێبەجێکردوە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێنج شاری گەورە ، سەرەنجام بۆی دەرکەوتووە کە ڕێژەی شاری دووەم بۆ یەکەم (٢/١) نیە جگە لە(٦) شوێن نەبێت لەو

(٧٢)شوێنەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کردبوو، ئەوەش جێبەجێنەبووە لەگەڵ یاساکە بە ڕێژەیەکی زۆر، هەروەها ستیوارت چەند هەوڵێکی تری داوە بەشێوەی جیاجیا وەکو گۆڕینی یەکەی سیاسی بەهێز بۆ جێبەجێکردنی یاساکە لەسەر ئاستی هەرێمەکان و ویلایەتەکان ، جارێکی تر ڕێژەیەکی بەرزی یاساکە جێبەجێنەکراوە. تەنها لە یەک شوێن بەدی هاتووە ئەویش وولاتی (بەڕازیل) ە بەجۆرێک لەکۆی(٢٠) ویلایەتی بەرازیل تەنها لەیەک ویلایەت جێبەجێ کراوە) وەلەکۆی(٤٨) ویلایەتی ئەمریکا تەنها لەسەر(٦)یان جێبەجێکراوە ، هەروەها توێژەر ( جانس هیرس) هەوڵیداوە لایەنە باشەکانی یاسای( زیف) بدۆزێتەوە بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوەی لەسەر چەند شارێک کردوە کە ژمارەی دانیشتوانیان لە(١٠ )هەزار کەس زیاترە و دابەشی کردون بەسەر هێڵێکی یاسای( زیف)دا کە بۆی دەرکەوتوە شارە گەورەکان هاوڕانین لەگەڵ هێڵی یاساکە.

## پێوەری پێشەکیەتی :

ئەم پێوەرە لەلایەن کریستالەر داهێنراوە، کورتەی یاساکەی بەو گرمانەیە دەست پێدەکات: ئەگەر دانیشتوانی شارە سەرەکیەکە لە دەوڵەتێکدا یان هەرێمێکدا یەکسان بێت بە(١٠٠) ئەوا قەبارەی شاری دووەم یەکسان دەبێت بە(٣/١) ی قەبارەی شارە سەرەکیەکەو شاری سێیەمیش یەکسان دەبێت بە( ٥/١) یە شارە سەرەکیەکە ، ئەم پێوەرە تاڕادەیەک لە پێوەری زیف دەچێت.

تێڕوانینی جوگرافی ناسان لەسەر یاسای ڕێکخستنی شارەکان :

ئەگەر جیاوازی بکەین لە نێوان هەریەک لە یاساکانی( کریستالەر و جیفرسون و زیف) لە چوار چێوەی ئەو یاسایانەی کە بۆ ڕێکخستنی شارەکانیان داناوە بۆ چوونی هەریەکێکیان ڕوون دەبێتەوە ، کە شێوەکەی تایبەتە بەوەی کە هەر یەکێک لەشارەکان وەری دەگرن کاتێک پەیوەست دەبێت بەپێی قەبارەکەی بە ڕیزبەندیەکی ڕێک و پێک.

کریستالەر : گەیشتوە بەوەی کە شێوەیەکی باش و ڕێکوپێک وەردەگرێت بۆ پێکهێنانی (هیراریکی)

زیف : گەیشتۆتە ئەوەی ئەو شێوەیەی کە هێڵەکە وەری دەگرێت بە شێوەی چەماوەی تێکشکاوە کە بەهێواشی پلە پلە دەبێت.
جفرسون : ئارەزووی بۆ ئەوە هەیە کە شێوەی هێڵەکە قەبارەکان وەردەگرێت و شێوەی چەماوەکەشی چواندوە بە شێوەی حەرفی ( L ) ئینگلیزی. ئەوەش لەبەر هەبوونی جیاوازیەکی گەورە لە ژمارەی دانیشتوان لە نێوان شاری یەکەم و ئەو شارەی بەدوای دادێت.
لەبەرئەوەی بیرو بۆچوونەکان جیاوازن لەسەر قەبارەی شارەکان و ئەو شێوەیەی وەری دەگرن دەکرێت ئەو جیاوازیەش پەیوەندی هەبێت بە ( دابەشکردنی پلەی قەبارەکان ، وە ناوچەکانی بەبازاڕکردن ، وە تێچووی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان ، ژمارەو جۆرەکانی پیشەسازی و تێچووی گواستنەوە)
هەریەکێک لەو جوگرافی ناسانە تێڕوانینی تریشیان هەبوە لەسەر ڕێکخستنی قەبارەی شارەکان بۆ نمونە :-

١. دابەشکردنی مەوادە هاوچەشنەکان ئەم بارودۆخە لای کریستالەرە.
٢. کێبڕکێ لە نێوان ناوەندە شارستانیەکان، ئەم بارودۆخەش لای جفرسونە
٣. هەبوونی لێک چوونی ئارەزووی دانیشتوان ئاڕاستەکانی بەرەو بازاڕ لەشارێکی دیاریکراو،
٤. دابەشبوونی جوگرافی بەشێوەیەکی دروست بۆ زۆر هەلی گونجاو لەناو یەک شاردا.
٥. جگە لە( کریستالەر) لێکۆڵەرانی تر تەکیدیان لەسەر کاریگەری دووری نەکردۆتەوە لە ناوەندەکانی شارستانی ، کە کاریگەری هەیە لەسەر چالاکی ئابووری شارەکان بەگشتی.

لەکۆتایدا جگە لەو پێوەرانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکردن هەندێ پێوەری تریش هەن بۆ جیاکردنەوە و ڕێکخستنی شارەکان لە سەر بنەمای قەبارەیان بۆنمونە وەکو پێوەری( پلەی هەژمونی و پلەی وەزیفی ) بەڵام هەموو ئەم پێوەرانە لەسەر دەمێک بۆ سەردەمێکی تر و لە ناوچەیەک بۆ ناوچەکی تر جیاوازدەبن.

CS CamScanner

# ليستى سەر چاوەكان

١- محسن عبد الصاحب المضفر و عمر الهاشمى يوسف، جغرافية المدن،مبادئ و اسس و منهج و نضريات و تحليلات و مكانية، ط١،دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان ، ٢٠١٠.

٢- عادل عبدالله خطاب ،جغرافية المدن، وزارة التعليم العالى و البحث العلمى ،بغداد،١٩٩٠.

٣- عبدالرزاق عباس حسين ،جغرافية المدن، مطبعة اسعد،بغداد،١٩٧٧.

٤- خالص حسنى الاشعب و صباح محمود محمد،مؤرفؤلؤجية المدينة،مطبعة جامعة بغداد ، ١٩٨٣.

٥- عبد على الخفاف و محمد صالح المرسومى و محمد احمد عقلة المومنى،المبادئ العامة لجغرافية المدن،دارالكندى للنشر و التوزيع،٢٠٠٠.

٦- عبد الفتاح محمد وهيبة ،فى الجغرافية العمران،دارالنهضة العربية،لبنان،١٩٧٢.

٧- كايد عثمان ابو صبحة ، جغرافية المدن، دار وائل النشر،الاردن،٢٠٠٣.

٨- عبدالله عطوى،جغرافية المدن،ط١، دارالنهضة العربية،لبنان،٢٠٠١.

٩- بشير ابراهيم الطيف و محسن عبد على و رياض كاضم الجميلى،خدمات المدن دراسة فى الجغرافية التنموية ،المؤسسة الحديثة للكتاب، لبنان،ط١، ٢٠٠٩.

١٠- عبدالله عطوى،جغرافية المدن،ط٣، دارالنهضة العربية،لبنان،٢٠٠٣.

١١- عبدالله عطوى،جغرافية المدن،ط٢، دارالنهضة العربية،لبنان،٢٠٠١.

١٢ - صبرى فارس الهيتى و صالح فليح حسن،جغرافية المدن، وزارة التعليم العالى و البحث العلمى ،بغداد،١٩٨٥.

١٣ على فاعور،افاق التحضر العربى،نموالمدن و العوصم الكبرى التنمية الحضرية و السكن العشوائى و مابعد القاهرة و كوبنهاغن ، دارالنهضة العربية،لبنان ،٢٠٠٤.

١٤ محسن عبد الصاحب المضفر، تقنيات البحث المكانى و تحليلاتة، عرض الطرائق – اعداد الاطروحة الجغرافية و مراحل انجازها،دار صفاء للنشرو التوزيع،عمان ،عمان،٢٠٠٧.

١٥ فتحى محمد ابو عيانة،السكان و العمران الحضرى،دار النهضة العربية،بيروت للطباعة ولنشر،١٩٨٤.

CamScanner

١٦ نصرى ذياب خاطر، جغرافية النقل، بين النضرية و التطبيق،الجنادرية للنشر و التوزيع،عمان، ٢٠١٠.

١٧ محمد ازهر سعيد السماك و احمد حامد العبيدى،واخرون،جغرافية النقل بين المنهجية و التطبيق،دار ابن الاثير للطباعة والنشر،الموصل،٢٠٠٨.

١٨ شيرزاد عبدالعزيز عبدالرحيم، التوسع المساحى لمدينة دهوك( دراسة فى جغرافية المدن)، رسالة ماجستير، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٩٩.

١٩ كامران طاهر سعيد، توسع مدينة السليمانية بتأثير الأسر الحضرى(دراسة فى جغرافية المدن)، اطروحة دكتوراة، كلية الغلوم الأنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، ٢٠١١.

٢٠ عبدالله اسماعيل حمد، دور العوامل الاجتماعية والأقتصادية في التوسع الحضرى لمدينة اربيل للفترة (١٩٩٤- ٢٠٠٨)، دراسة تحليلية حضرية، اطروحة دكتوراة ، كلية الاداب ،جامعة صلاح الدين ، أربيل ٢٠١١ .

٢١ فتحى محمد ابو عيانة، جغرافية العمران، دار المعرفة الجامعة الاسكندرية للطباعة والنشر والتوزيع ،القاهرة، ١٩٩٦.

٢٢ عبدالفتاح محمد وهيبة، في جغرافية المدن ، دار النهضة العربية ، بيروت، ١٩٧٢.

٢٣ صلاح حميد الجنابى، جغرافية الحضر اسس و تطبيقات، دار ابن الأثير للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل، ٢٠٠٧،

٢٤ على سالم الشواورة، التخطيط فى العمرن الريفى والحضرى، دار المسيرة للنشرو التوزيع والطباعة، عمان،٢٠١٢.

٢٥ اياد جميل احمد صالح، اتجاهات التطور العمرانى في مدينة طوباس، (دراسة في مورفولوجية المدينة)، رسالة ماجستير، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية، نابلس.

٢٦ مسلم كاظم حميد الشميرى، التحليل المكانى للتوسع والامتداد الحضرى للمراكز الحضرية الرئيسيةفي محافظة ديالى، اطروحة دكتوراة، كلية التربية- ابن رشد، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٦.

٢٧ حسن محمد حسن، المقدادية وظائفها وعلاقتها الاقليمية (دراسة في جغرافية المدن)،دار العلوم الادارية والاقتصادية،بغداد،٢٠١٤.

٢٨ عبدالله عطوى، جغرافية المدن، ، الجزء الثانى، ط١، دار النهضة العربية، بيروت، ٢٠٠٢.

٢٩ خليل اسماعيل محمد، السكان والمسألة السكانية في كردستان العراق، مطبع، جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠١٢.

٣٠ صبري فارس الهيتى، جغرافية المدن، ط١، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان ٢٠١٠، ص٢٢.

CS CamScanner

٢١ عبدالرزاق احمد سعيد صعب، التخطيط الحضرى للمدينة بين التطبيق والنسيان، مجلة دراسات تربوية، العدد السابع، ٢٠٠٩.

٢٢ حسنى بن زابية،دراسات في التخطيط الاقليميوالحضرى،دارومكتبة الفضيل للنشروالتوزيع،ليبيا،٢٠١٠.

٢٣ كامران ولى محمود، الاستقطاب الحضرى وأثره فى البيئة الحضرية لمدينة أربيل، دراسة فى جغرافية المدن ،أطروحة دكتوراة، جامعة صلاح الدين، أربيل.

٢٤ عبد على الخفاف واخرون، المبادي العامة لجغرافية المدن، دار الكندى للنشر والتوزيع، ط١، الاردن، ٢٠٠٠.

٢٥ حسن كشاش عبدالجنابي، الاقليم الوظيفي لمدينة الرمادي، دراسة في جغرافية المدن، اطروحة دكتوراة، كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد ٢٠٠٦.

٢٦ على لفتة سعيد و احمد محمود حسين، الوظيفة الدينية في مدينة الكوفة و اقليمها الوظيفي ، مجلة العميد، تعنى بالابحاث والدراسات الانسانية ،دار الكفيل للنشروالتوزيع، كربلاء ، السنة الثالثة ، المجلد الثالث، العدد الاول، ٢٠١٤.

٢٧ محمد محمد سطيحة، الجغرافيا الاقليمية دراسة لمناطق العالم الكبرى ، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، .

٢٨ عبدالرزاق عباس حسين، جغرافية المدن، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٧٧.

٢٩ . على فاعور، آفاق التحضر العربى، دار النهضة العربية، بيروت، ٢٠٠٤.

٤٠ فتحى محمد ابو عيانة، جغرافية العمران، دار المعرفة الجامعة الاسكندرية للطباعة والنشر والتوزيع القاهرة،١٩٩٦.

٤١ محسن عبد الصاحب المظفر وعمر الهاشمي يوسف، جغرافية المدن، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٠.

٤٢ صلاح حميد الجنابى، جغرافية الحضر أسس و تطبيقات، دار ابن الأثير للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل، ٢٠٠٧ .

٤٣ على سالم الشواورة، التخطيط فى العمرن الريفى والحضرى، دار المسيرة للنشرو التوزيع والطباعة، عمان،٢٠١٢.

CamScanner

٤٤ صلاح حميد حبش الجنابي، التغير في استعمال الأرض (حول المدينة العراقية)، أطروحة دكتوراة، كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٧.

٤٥ اياد جميل احمد صالح، اتجاهات التطور العمراني في مدينة طوباس، (دراسة في مورفولوجية المدينة)، رسالة ماجستير، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية، نابل.

٤٦ مسلم كاظم حميد الشميري، التحليل المكاني للتوسع والامتداد الحضري للمراكز الحضرية الرئيسية في محافظة ديالى، اطروحة دكتوراة، كلية التربية- ابن رشد، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٦.

٤٧ بیستون احمد حسين ، دیاریکردنی ناوچەی بازرگانی سەنتەری شاری ڕانیە ، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین ، ژمارە ( ١١ ) ساڵی ٢٠١٧ .

٤٨ بیستون احمد حسين ، هەرێمی شاری قەڵادزێ بەگوێرەی بیردۆزی خاڵی پچڕان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژمارە (١٢ ) ساڵی٢٠١٧ .

٤٩ بیستون احمد حسين ، هەرێمی وەزیفەکانی کارگێڕی وگواستنەوە و تەندروستی لە شاری ڕانیە ، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ، ژمارە ( ١٥ ) ساڵی ٢٠١٨.

٥٠ بیستون احمد حسين ، پیسبوونی بینین لە شاری سلێمانیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ( تایبەت ) ساڵی ٢٠١٨.

٥١ بیستون احمد حسين ، شیکاری جوگرافی بۆ دیاردەی بەلادێبوون لە شاری ڕانیە و کاریگەری لەسەر ژینگە شارستانیەکەی، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار، ژمارە ( ٨) ساڵی ٢٠٢١.

٥٢ بیستون احمد حسين ، هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە ، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار، تێزی دکتۆرا زانکۆی ، سەلاحەددین ، ساڵی ٢٠١٩.

٥٣ بیستون احمد حسين ، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان وکاریگەری لەسەر فراوانبونی ڕووبەری شاری قەڵادزێ ، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٣ .

٥٤ فاطمە قادرمصطفى ، بیستون احمد حسين. پلاندانانی هەرێمیی و ڕەهەندە جوگرافییەکانی ، هەولێر، ٢٠٢١.

٥٥ ساکار محمد حسن گەردی، فاطمە قادر مصطفى ، ڕەهەندی سیاسی گەشەی شارنشینی لەهەرێمی کوردستاندا. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردستان ژمارە(٧) ٢٠١٦.



# کورتەیەک لە ژیان نامەی نوسەر

ناو: پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. بێستون احمد حسین
لە دایکبووی ڕانیە 1978
ئیمێل BESTOON.78@UOR.EDU.KRD
دەرچووی زانکۆی سلێمانی ساڵی 2003
بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەبواری جوگرافیای شار ودانیشتوان، زانکۆی سەلاحەدین ساڵی 2013
بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لەبواری پلاندانانی شار زانکۆی سەلاحەدین ساڵی 2019
سەرۆکی بەشی زانستی کۆمەڵایەتی بووە لە زانکۆی ڕاپەڕین ساڵی 2017
ئێستا سەرۆکی بەشی جوگرافی یە لە زانکۆی ڕاپەڕین
سەرپەرشتی نامەی ماستەری کردوە
لە زانکۆی سلێمانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت وانەی جوگرافیای دانیشتوانی وتۆتەوە
ئێستا مامۆستایە لە بەشی جوگرافی زانکۆی ڕاپەڕین.
خاوەنی دووکتێبە بەم ناونیشانانەی لای خوارەوە:

1. گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شار
2. پلان دانانی هەرێمی و ڕەهەندە جوگرافییەکان

بە نوسینی توێژینەوە بەشداری دوو کۆنفرانسی نێودەوڵەتی و یەک کۆنفرانسی ناوخۆیی کردوە
خاوەنی ئەم توێژینەوانەی لای خوارەوەیە کە لەگۆڤاری زانکۆکان بڵاوکراونەتەوە

1. ناوچەی بازرگانی سەنتەری شاری ڕانیە.
2. هەرێمی شاری قەڵادزێ بەگوێرەی بیردۆزی خاڵی بچڕان
3. شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی پێکهاتەی نەتەوەیی لە پارێزگای نەینەوا.
4. هەرێمی وەزیفەکانی کارگێڕی رێکخستنەوە وتەندروستی لەشاری ڕانیە
5. اتجاهات النمو السكاني في مدينة رانية باقليم كوردستان العراق دراسة في جغرافية المدن - مجلة الفنون و الادب و علوم الانسانيات و الاجتماع في الامارات
6. مەترسیە جیۆمۆرفۆلۆجییەکان لەسەر ڕێگاکانی گواستنەوەی ناوچە شاخاوییەکانی قەزای پشدەر.
7. شیکاری جوگرافی بۆ پرۆژە ئاوییەکانی وڵاتی ئێران لەسەر زێی بچوک و کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان
8. شیکاری جوگرافی بۆ پیسبوونی بینین لەشاری سلێمانیدا
9. کاریگەری پرۆژە ئاودێری وبەنداوەکانی وڵاتانی دراوسێ لەسەر داهاتی ئاوی عێراق.
10. پشە ئاوی هەرێمی کوردستان و وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو ڕووبارانەی کە لەو وڵاتەوە دەڕژێنە پارێزگای سلێمانیەوە بە پێی یاسا نێو دەوڵەتییەکان
11. شیکاری جوگرافی بەنداوە پێشنیارکراوەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین و کاریگەریان لەسەر پێداویستی پشە ئاوی خواردنەوەی سەنتەرە شارنشینیەکان.
12. شیکاری جوگرافی بۆ دیاردەی بەلادێبوون لەشاری ڕانیە و کاریگەری لەسەر ژینگە شارستانیەکەی
13. ڕەهەندەکانی گەشەی شارنشینی لە ئیدارەی ڕاپەڕین

CamScanner